

ئازادی لە سەربەخۆیی بەنرخترە

# خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی
# جەمال نەبەز

**خولی نووسەر و ڕووناکبیر**
**مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)**

پاییزی ٢٠٢٥
ساڵی پێنجەم

خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز

خولی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)


ساڵی پێنجەم ٢٠٢٥



مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد
(١٩١٤ - ٢٠٠٠)

"کە وتی: گیانە منیش تۆم ئەوێت
منیش بەبێ تۆ دڵم ناسرەوێت
کە مەستی کردین بادەی دڵداری
لەبن پەرژینی باخی بەختیاری
کە بە ڕوانینی چاوی کەژاڵی
بە تاقە ماچێک لە گۆنای ئاڵی
بەفری نساری ساڵەهای ساڵی
چیای خەفەتی دڵمی ڕاماڵی
شەوێک بوو لە ژین لە کامەرانی
لە بەزم و ئاهەنگ لە شادمانی"
(کۆتری واشەلێدراو- ١٩٧٤)

978-9922-8725-1-3



**ئازادی لە سەربەخۆیی بەنرخترە**

ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز

زنجیرەی کتێب ( ١٣ )

سەرۆکی ڕێکخراو

**نیعمەت تۆفیق مەحموود**


٠٥٣٣٢٥١٠٧٦١ - ٠٧٧٠١٢٠٩٦٩٩

web: jnco-sul.org

ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز

ناونیشان:- سلێمانی، شەقامی نالی، گەڕەکی ٢٠٤ کۆڵانی ٨ خانووی ژمارە ١



**ئازادی لە سەربەخۆیی بەنرخترە**

# خەڵاتی
# قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز

**خولی نووسەر و ڕووناکبیر**
**مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)**

**سپۆنسەریی  میدیایی: دەزگای میدیایی کوردسات**

ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز

**پاییزی ٢٠٢٥**
**ساڵی پێنجەم**

ناوی کتێب: قەڵەمی زێڕین
بابەت: تایبەت بە زمان
نووسین: کۆمەڵێک نووسەری نێودار لە بواری زمان دا
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠٢٥ چاپخانەی کارۆ
پێیاداچونەوەو هەڵەبڕی: بەشی ڕۆشنبیریی ڕێکخڕاو
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: هەرێم عوسمان
تیراژ: ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی نێودەوڵەتی
ISBN: 978-9922-8725-8-2

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز
لە هەموو جێیەکی جیهاندا

## پێشکەشە...

- بەو خاوەن قەڵەمانەی بەردەوام لەپێناو زمانی کوردییدا تێدەکۆشن و کۆڵنادەن.

- بە ڕەنج و ماندووبوونی مامۆستا کۆچەر میرزا ئەنوەر، ئەو مرۆڤەی بۆ زام و برینەکانی خەڵکی هەڵەبجە ژیا.



مامۆستا کۆچەر میرزا ئەنوەر

١٩٦٦ - ٢٠٢٥

## زمان، مرۆڤ بە زیندووی دەهێڵێتەوە

لە دوای پێنج ساڵ کارکردن، لەنێو نامیلکەی خەڵاتی قەڵەمدا، کە هەر ساڵە و تایبەتە بە یەکێک لەو بوارانەی کە مامۆستا جەمال نەبەز، کاری زانستی و ئاکادیمی لەسەر کردوون. کە خۆی لە کۆمەڵێک بواری جیاوازدا دەبینێتەوە. هەرچەندە ئەو زانا گەورەیە بۆخۆی گەنجینەیەکی بایەخداری گرنگ و ماناداربوو لە زۆر بواری جیاجیادا. جێگەی خۆیەتی قامک لەسەر ئەو داهێنانە دابنێین کە هەرگیز ماندوو بوونی نەدەزانی و هەمیشە لە کاکردندا بوو بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەکەی لە خەوش و ناحەزانی کورد بپارێزێت. گەر چاوێکی خێرا بەو کوردبوونەی مامۆستا جەمال نەبەزدا بگێڕین، ئەوا بەبێ هیچ گریوگۆلێک بۆمان ساغ دەبێتەوە لە چەند بەرهەمێکی چاپکراودا کاری لەسەر کردوون وەک: سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی ماددە، زمانی یەکگرتووی کوردی، پێوەندارێتی کورد، کورد کێیەو کوردبوون مانای چی؟ سەرەنجدانێک لە میتۆلۆژیای کورد، نووسینی کوردی بە لاتینی، خوێندەواری بەزمانی کوردی، وەرگێڕان هونەرە، هێندێک لە کێشە بنەرەتییەکانی قوتابخانەی کوردی

سۆسیالیزم، فەلسەفەو ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، دوو بابەتی زمانەوانیی زمانی کوردیی و لە زووربەی بەرهەمەکانیدا گرنگی پێداون و قامکی لەسەر دوو شتی گرنگ داناوە کوردبوون و زمانی کوردی. ئەمەش دەلالەتی هەمان ئەو نێونیشانەی سەرەوەیە (زمان، مرۆڤ بە زیندووی دەهێڵێتەوە.) کە مامۆستا جەمال نەبەز تا دواهەناسە قوربانی بۆ داوەو خزمەتی مەزنی بە فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوەکەی کردووە. ئەمکارەش بۆخۆی یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی هەموو کوردێکی دڵسۆز بە گشتی و زمانزان و زماننناسەکان بە تایبەتی. مایەی خۆشحاڵییشمانە کە لەنێو ئەم کتێبەدا کۆمەڵێک لەو زانا و مامۆستا جوامێرانەی کورد هەمان ئەو ڕێگەیەیان گرتووەو بەنووسین و لێکۆڵینەوەکانیان، زمانی کوردیان پێ ئاوەدان کردۆتەوەو بوونی کورد و خۆیانیان پێ پاراستووە. لەکانی دڵمانەوە سوپاسی ڕەنج و ماندووبوونیان دەکەین، کە ئاوەدانیان خستۆتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە. هەرهەبن و دووربن لە ئازاری ڕۆژگار.

سەروەری بۆ شەهیدانی قەڵەم، نیشتمانیش هەمیشە ئاوەدان بێت.

ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز

کوردستان – سلێمانی

١١ / ١٠ / ٢٠٢٥

**مامۆستا جەمال نەبەز**

**لەکتێبی زمانی یەکگرتووی کوردی**

**دەربارەی زمانی یەکگرتوو بەمجۆرە دەنووسێت:-**

(تێکۆشان بۆ هێنانە بەرهەمی زمانێکی یەکگرتووی وا، کە کوردی هەموو لایەکی کوردستان و جیهان، بێ گوێدانە جیاوازیی شێوەی قسەکردنیان، تێی بگەن و پێی بخوێننەوە و پێی بنووسن، ئاواتێکی کۆنی ڕۆشنبیرانی کورد بووە. ئەوەتا نیشتمانپەروەریی کورد حاجی قادری کۆیی ١٨١٧ – ١٨٩٦ لە سەدەی ڕابوردوودا داخ و خەفەتی بۆ ئەم پاشاگەردانییەی زمانە خواردووەو گوتوویەتی (لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گرد بوو، وا لە مابەینی ئێمەدا تێکچوو) لەوساکەوە و هەتا ئێستەش و هەتا ئێستەش، کەم و زۆر، لە گۆڤار و ڕۆژنامە و نووسراوی کوردییدا، باسی یەکگرتنی ئەم شێوانە هاتووەتە پێشەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، تا ئێستە هیچ جۆرە هەوڵێکی ڕێکوپێکی زانستانە بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە لە هیچ لایەکەوە نەدراوە. ئۆباڵی بەشێکی ئەم ئاژاوەی زمانە بە ئەستۆی ئەو حاڵەیە کە کورد تێیدا دەژی و گوناهی بەشێکی دیشی بە ئەستۆی ڕۆشنبیرانی کورد خۆیانە، کە لەم ڕووەوە تا ئەمڕۆ بەردێکیان نەناوەتە سەر بەردێک.

## چۆن زمانەکەمان بنووسین [1]

**ئیبراهیم ئەحمەد**

لە نووسینی ئەم وتارەدا وەکو ئەبینن هیچ جۆرە ئیشارەتێکم بەکار نەهێناوە کەوا لەم یەک دووساڵەی دوایی یەدا جاروبار لە نووسینی کوردیدا بەکار دەهێنرێن، نیازیشم لەمەش دوو شتە: یەکەم: نامەوێ پێشەکی دەری ببڕم کە لەم جۆرە نووسینانە کامیان پەسەند ئەکەم.

دووەم: لام وایە زۆربەی خوێندەواری ئێستە ئەم نووسینە ساکارە باش ئەخوێننەوە.

سەرەتا: لام وایە تێکڕا لەو ڕۆژەوە کە زمانی کوردی خراوەتە سەر کاغەز بە تایبەتی لە پەنجا ساڵی ڕابوردودا هیچ خوێندەوار وە نووسەرێکی کورد نییە ئەم پرسیارە جێگایەکی لە مێشکی وەبەشێکی لە ژیانی داگیر نەکردبێ، لەگەڵ ئەمەشدا ساڵ بە دوای ساڵدا ڕا ئەکات وە ژیانی بێ وەرام مانەوەی ئەم پرسیارە پەرە ئەسێنێ بەبێ ئەوەی زانا و تێگەیشتووان گەلە کۆمەکیەک بکەن بۆ نەهێشتنی

١ جێگەی ئاماژەیە، ناوەرۆکی ئەم وتارە، گوزارەیەکە لە بۆچوونەکانی ئەو سەردەمەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، دەربارەی پیتنووسی زمانی کوردی، کە ئەوسا باو بوو. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، زۆرینەی نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەو ساکەی وەک "تۆفیق وەهبی" و "جەمال نەبەز" پێداچوونەوەیان بەبۆچوونەکانی خۆیاندا دەکردەوە و دوور بوونەوە لەلاتینخوازییەوە. ئیدی لە ڕووی پراکتیکەوە، سەرنج دەدرێت کەوا کۆی نووسینەکانییان تا دوا کۆچییان بە پیتە کوردییە ڕەسەن و باوەکە دەنووسییەوە.

وە بۆ دۆزینەوەی و دانانی ڕێگەیەکی باو وەباش وە بەجێ بۆ نووسینی زمانەکەمان تاکو لەم پاشاگەردانی نووسنە ڕزگارمان ببێ کەوا سەری لە هەمووان شێواندووە وە ڕێگەی پێشکەوتن و یەکگرتنی لە زمانەکەمان بردۆتە بەست. ئەڵێم گەلە کۆمەکی چۆنکە ئەو تەقەلایە کتەنیانەی تا ئێستە دراون، ئەگەرچی کەس ناتوانێ بڵێ هەر بە تەواوی بێ سوود بوون بەڵام لەگەڵ ئەو سوودەشدا کە بووبێتیان تا ئەندازەیەک مایەی سەر لێ شێواندنەکەیان زیاترە وە ماوەی یەک نەگرتنەکەیان فراوانتر کردووە چونکە خاوەنی ئەم تەقەلایە یەکتەنیانە هەر وەکو نەیانتوانیوە لە ڕێگەی گفتوگۆکردن وە نووسینەوە بیرەکەی خۆیان بە خەڵک بسەلمێنن، دەسەڵاتی ئەوەشیان نەبووە کە بە زۆر بەسەریاندا بسەپێنن. بۆیە هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی چۆنی ویستووە نووسینی خۆی وانووسیووە. تاوای لێ هاتووە ئەتوانرێ بگووترێ هیچ دوو کەس نییە کە وەکو یەک بنووسن. جا لە گێژی ئەم پاشا گەردانییەدا خوێنەرەوەی داماویش سەری لێ تێکچووە نازانێ کام جۆرەیان ڕاستن وە کامیان چەوت، وە کێیان پەیڕەوەی باشە. بۆ ئەوەی ڕەخنەگرتنەکەم لە زانا و تێگەیشتووانی کورد لە ڕاستی لادانی تیا نەبێ پێویستە دان بەوەدا بنێم کە بەستنی کۆبوونەوە (کونفرانس) ێک کە تاقە ڕێگایە بۆ پێکهێنانی ئەم گەلە کۆمەکیە زۆر کۆسپی لە ڕێ




دا بووە و هەیە. بەڵام ئەم پێ لێ نانەم گوناهەکەیان کەمیش کاتەوە بە یەکجاری لای نابات چونکە باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بتوانێ بڵێ ئۆباڵی ڕاستەوخۆی نەهێنانە پێشەوەو لێ نەدوانی ئەم مەسەلەیە وە تەقەلا نەدان بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە وە بۆ بەستنی ئەم کۆبوونەوەیە ناچێتە ئەستۆی زانا و تێگەیشتووان بە تایبەتی وە هی هەموو خوێندەوارانی کورد بە گشتی. لەگەڵ ئەمەشدا ئێستەش نەچووە بچێ تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەبێ دواکەوتنمان لە پێک هێنانی ئەم فرمانەدا هەتا ئێستا پتر هانمان بدات بۆ ئەوەی تەقەلا بدەین کە زۆرتر و باشتر جێبەجێی بکەین (١). بەڵام ڕەنگە لەبەر ئەوەی بەستنی ئەم کۆنفرانسە وا بە زوویی لە وزەدا نەبێ پێویستە هەتاکو پێکدەهێنرێت وە لە ڕێگای تێکۆشیندا بۆ پێکهێنانی دەستە پارچە نەوەستین بەرامبەر بەم پاشا گەردانی نووسینە چونکە وەک دەردی گران وایە تا لێی ڕاوەستین زیاتر لێمانی پیس دەکا. بۆیە پێویستە هەر چۆنێک بووە کارێکی وا بکەین کە بەری بگرێ چاکترین کار کە پێویستە بکرێ لەم ماوەیەدا بە لای منەوە ئەوەیە کە ئەو چەند گۆڤار و ڕۆژنامە کەمەی کوردی کە هەن هەریەکە بەشێک لە لاپەڕەکانیان تەرخان بکەن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ناگزووریە وە خوێندەواران و زاتی تێ گەیشتووان زمان ناسانیش بە کۆڵ بە دڵ و گیانێکی پاکی عالمانەوە

هاوکاری بکەن لە لێکۆڵینەوە و دەرخستنی دیوی دەروونی ناگزووریەکەدا تاوەکو لە ئەنجامدا دوای شەنوکەو کردن و بەراورد و بژارکردن وە وردبوونەوەی مەسەلەکە بتوانرێ بیرێکی پوخت لە بارەیەوە بە گەڵاڵە کراوی بخرێتە بەردەم ئەندامانی ئەو کۆنفرانسەی ئەبەسترێ خۆ ئەگەر هاتوو خوانەکردە نەش بەسترا ئەوا دیسان ئەو بیرە پوختە گەڵاڵە کراوەی کە زۆربەی زانا و تێگەیشتووان و خوێندەواران ڕەئیان تیایا بووە وە پەسەندیان کردووە. وە بەشی هەرە زۆری چاکی هەموو ئەو دەستووری نووسینانەی تیا ئەبێ کە تا ئێستە هەن وە بەشی هەرەزۆری خراپیەکانیانی لێ دوور ئەخرێتەوە، ئەتوانرێ ئەمە بکرێ بەدەستووری نووسین بۆ زمانەکەمان وە بەم چەشنە بە هاوکاری هەمووان با دوور بە دووریش بێ ئەتوانین دەستوورێکی یەک جۆری نووسین بدۆزینەوە کە تا ئەندازەیەکی زۆر زمانەکەمانی بە ئاسانی پێ بنووسرێ وە بە ڕەوانی پێی بخوێنرێتەوە. جا لەم کایەیەشدا گۆڤاری هیوا بە سایەی لە بارابوونی پتروتوانای زیاتریەوە پێی ئەکرێ گەورەترین و باشترین مەیدان پێشکەش خوێندەواران و (٢) زانایان بکات وە ئەشتووانێ رەئی کورد ناسانی بێگانەش وەرگرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناگزووریەی گشت هاوارمانە لە دەستی. بەڵام چەپڵە بە دەستێ لێ نادرێ و ئیش تەنیا بە

مەیدان پێشکەش کردن و لاپەڕە تەرخان کردنی گۆڤارەکان پێک نایەت وەکو لە پێشەوە وتم هاوکاری بە کوڵ و بە دڵ و تێکۆشینی دڵسۆزانەی هەموو خوێندەوار و زانا و تێگەیشتووانی کوردی گەرەکە ئەگەر بیانەوێ زمانەکەمان لەم قۆرتە ڕێگا ڕزگار بکەین. ئەگینا ئەم هەلەش کە داوا ئەکەم گۆڤاری هیوا بۆمانی هەڵخات وەکو ئەو هەلەی لێ دێ کە (گەلاوێژ) هەلی خستبوو کاتێ لە پێشکەش کردنی ژمارەیەکیا نووسیبووی یەکێ لەو قۆرتە گەورانەی دێنە ڕێی نووسیاری چەشنی نووسینی ئیملاییەوە ئەمە بە ڕاستی شایانی سەر شۆڕێ و تەریق بوونەوەیە کە هێشتا هیچ چەشنێک نووسینی تایبەتییە کە زمانی کوردی پێ بنووسرێ. لەم ژمارەیەی گەلاوێژدا ئەوەندە گوێم نەدایە ئەم قۆرتە، هەر نووسەرە خۆی چۆنی نووسیبێ هەروا لە چاپ درا.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە گەلاوێژ ئەیەوێ ئەم حاڵە بەم پشێویە بمێنێتەوە. بە پێچەوانە یەکی لە نیازەکانی گەلاوێژ ئەوەیە کە ماوەی تێگەیشتووان و پێگەیشتووە زاناکانی کورد بدات کە لەم بابەتەوە بیری خۆیان بنووسن بەشکو لەم پاشاگەردانی نووسینە ڕزگارمان بێ کانونی یەکەمی ١٩٣٩ کەچی بە درێژایی ژیانی گەلاوێژ نەمان دی ئەو پێگەیشتووە تێگەیشتووانەی هاواری بۆ بردوون هاوکاریی

بکەن و دەستێکی بگرن لە چارەکردنی ئەم قۆرتەدا کە ماوەی بۆ تەرخان کردبوون لە لاپەڕەکانیا. جا لێرەدا ئاواتم ئەوەیە کە (هیوا) لە (گەلاوێژ) بەختیار تربێ هەرکەسە بە کوڵ و بە دڵ تر بەپێی توانا لە یاریەدانی دریغی نەکات تا بتوانێ بە فەرمانی خۆی هەستێ وە بە پشتیووانی هەمووان نیازەکانی خۆی بەجێبهێنێت و ئاواتەکانی (گەلاوێژ) یش بهێنێتە دی.

**چاکترین ئەلف و بێ:**

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەنگە کەم گەل هەبێ لە دنیادا لە دەستووری نووسینی زمانەکەی خۆی بێ گلەیی بێ کەچی لە توانای هیچ کامێکیاندا نییە کە ئەو گلەییانە نەهێڵێت بۆیە مێشکی خۆیان بەوەوە خەریک ناکەن کە چاکترین چەشنە ئەلف و بێ بۆ نووسینی زمانەکەیان بدۆزنەوە (٣)

بەڵام گەلی کورد لە ڕووی دواکەوتوویی و نەبوونی سەروەت و سامانێکی ئەوتۆی نووسراوی ئەدەبی و عیلمیەوە نەک هەر ئەتوانێ بەوپەڕی سەربەستیەوە بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە. بگرە زۆر پێویستە لەسەر زانا و تێگەیشتووانی کورد بەم نیاز و ئامانجەشەوە خەریکی چارەکردنی مەسەلەکە ببێ. بە بێ ئەوەی خۆیان ببەستن بە هیچ جۆرە ئەلف و بێ و چەشن و شێوەیەکی تایبەتی

نووسینەوە. بە گیانێکی عالمانەوە سەربەست بگەڕێن بۆ چاکترین چەشن و ئەلف و بێ، کە ئەڵێم چاکترین ئەلف و بێ یەکی تایبەتی نییە مراز هەر ئەلف و بێ یەکە کەوا چەند پێ ناسەرەوەیەکی تایبەتی هەبێ کە ئەمانەی لای خواروو هەندێکیانن. هەموو ئەو دەنگانەی لە دەمی قسە پێ کەرانی زمانەکە دێتە دەرێ بە ئاسانی پێ بخرێتە سەر کاغەز (شتێکی ئاشکرایە کە ئەمە هەموو شێوەکانی زمانەکە خۆی وە گشت ئەو وشە بێگانەنانەش ئەگرێتەوە کە لە زمانەکەدا بەکار ئەهێنرێن.

٢ – هەموو ئەو دەنگانەی پێی نەنووسرێ بە ڕەوانی وەکو لە دەمی قسە پێ کەرانی زمانەکە دێتە دەرێ وەها پێی بخوێنرێتەوە (بەبێ ئەوەی هیچ پێویست بەوە بکات کە خوێنەرەوە پێشەکی ئەو وشانە بزانێ کە ئەیان خوێنێتەو)

٣ – پێ نووسینی کەمترین وەختی بوێ ئەمەش بەوە پێک دێ کەوا

ا شکڵی پیتەکان سادە بن وە کێشەکانیان لەسەر کاغەز سووک بێ.

ب نووسینەکەی پچڕ پچڕ نەبێ دەست لەسەر کاغەز هەڵگرتنی کەم بێ واتە پیتی منفصل وە نوختە و ئیشارەتی نەبێ و ئەگەر بووشی کەم وە سووک وە سادە بن (٤)

٤ – نووسینەکەی جووان و ڕێک و پێک بێ نارێک و ناقۆڵا نەبێ وەکو (شەڕە پیشلە).

هەوالنامەی کتێب

٥ – هەر دەنگە پیتی تایبەتی و دیاری خۆی هەبێ کە بە ئاسانی بناسرێتەوە بۆ ئەوەی مناڵ و تازە فێربوو سەریان لێ تێک نەچێ خۆ ئەگەر پیتەکان ئەو پیتانە بوون کە لە نووسینی ئەو زمانانەدا بەکار ئەهێنرێن کەوا قسە پێ کەرانی زمانەکە ئاشنایەتیان لە گەڵیاندا هەیە ئەوا پێویستە تا ئەتوانرێ هەوڵ بدرێ ئەو دەنگانەی پێ یان ئەنووسرێ وەکو ئەو دەنگانە بن کە لەو زمانانەدا پیشانی ئەدەین، ئینجا لەبەر تیشکی ئەوانەی لای ژووروو سەرنجێ بدەین لە نووسینی زمانەکەمان بە هەردوو جۆر نووسینی واتە نووسینی بە پیتی لایتنی وە نووسینی بە پیتی عەرەبی با ئەویش بمێنێتەوە بۆ جارێکی کە.

**زمانەکەمان چۆن بنووسین؟** (٥)

**بە پیتی عەرەبی یان لاتینی؟**

ڕەنگە هەندێ خوێندەوار بڵێن مەسەلەکە هیچ پێویست بە پرسیار و پرسیار کاری ناکات وەکو مانگ ئاشکرایە کە زمانی کوردی ئەبێ بە پێی لاتینی بنووسرێ وە پیتی کەم و کورتی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی دەست نادا وە کوردی پێ نانووسرێ وا ئەزانم ئەو کەسانەی لایان وایە مەسەلەکە هیچ پێویست بەلێکۆڵینەوە ناکات هێشتا بەتەواوی گرانی فرمانەکەیان هەڵنەسەنگاندووە (٦) نازانن کاری هەر بە

سەلماندن و تێ گەیشتنی چەند خوێندەوارێ پێک نایە ئەگینا ئەیان زانی کە بۆ جێ بە جێ کردنی کارێکی گرنگی وەکو پیتی نووسین و ئەلف و بێ گۆڕین چەند کۆسپی گەورە گەورەیان دێتە ڕێ بە تایبەتی لەناو گەلێکی وەک کوردا کە هیچ دامەزراوێکی دەسەڵاتداری نیە فرمانەکە بگرێتە ئەستۆ، وە تاقە کوتەکی دەست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم فرمانەوە هەموو فەرمانێکی کەی گرنگ، گلێر کردنەوە و یەکخستنی زۆرترین ژمارە لە دەووری.

لە ڕێگەی تێ گەیاندن و پێ سەلماندنەوە کە ئەمەش پێکنایەت بە بێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و باسکردنێکی فراوانی مەسەلەکە، جگە لەمە ئەو هۆیانەی لایەنگرانی بە پیتی لاتینی نووسین پیشانیان داوە هەتا ئێستە بەشی زۆری لەوە ئەچێ کە بەری لاسایی کردنەوە و خۆ لە ڕۆژئاوا نزیکخستنەوە بن نەک ئەنجامی لێکۆڵینەوە و یەکلاکردنەوەیەکی عیلمی ورد بۆیە بە لای منەوە مەسەلەکە پێویستی بە ڕوون کردنەوەیەکی تەواو هەیە لەلایەن زانا و تێگەیشتووانەوە چونکە ئەم ڕوون کردنەوەیە چەکی دەستمان ئەبێ لەو خەباتەدا پێویستە بۆ سەرخستن و جێ بە جێ کردنی ئەو بیرەی ڕاستیەکەیمان بۆ دەرئەکەوێت. ئینجا با بێینە سەر باسەکەی خۆمان. لەژمارەی پێشوودا چەند جیاکەرەوەیەکم باسکردبوو کەوا بوونیان لە ئەلف و

بێ یەکی باشا پێویستە. دەبا لەبەر تیشکی ئەو جیاکەرەوانە سەرنجێ بدەن لەو هەموو هەردوو جۆرە پیتەی وان لە گۆڕێ، واتە پیتی عەرەبی وە پیتی لاتینی بزانین کامیان بۆ کوردی نووسین چاترە. لە ئەنجامی سەرەنجدانەکەماندا ئەم ڕاستی یانەی لای خوارووومان بۆ دەرئەکەوێ:

١ - هەردوو ئەلف و بێکە چ لاتینی و چ عەرەبی وەک هەن، واتە وەکو لە لاتینی وە عەرەبیدا بەکار ئەهێنرێن زمانی کوردی یان نە بە ئاسانی پێ ئەنووسرێ وە بە رەوانی پێ ئەخوێندرێتەوە. بەڵام ئەگەر بێتو ئەم پیتانە وەکو کەرەسەیەکی خاو وەرگرین و بە پێی پێویستی زمانەکەمان دەستکاریان بکەین و ناویان لێ بنێین و ئیشارەتیان بۆ دابنێین ئەتوانین بە هەریەکەیان هەموو ئەو دەنگانەی لە دەمی کوردێک دێتە دەرێ بە ئاسانی پێی بخەینە سەر کاغەز لەگەڵ هەموو ئەو وشە بێگانانەشدا کە لە کوردیدا بە کاریان ئەهێنین. هەروەها ئەتوانین بەڕەوانیش پێ نووسراو بخوێنینەوە بەبێ ئەوەی پێویست بە پێشەکی زانینی ئەو وشانە بکات کە نووسراون.

٢ - پیتی عەرەبی بەپێی جێگەیان لە وشەدا شکڵیان دەگۆڕێ هەر پیتە چوار شکڵی جیاوازی هەیە، بە تەنیا لە پێش وشەوە لەناو وشەدا وە بە دواییەوە (ئەمە جگە لەو پیتانەی بە پیتی دوای خۆیانەوە نانووسێن وە تەنیا دوو جۆریان هەیە)،

بەڵام هەرچی وەکو پیتی لاتینیە تەنیا یەک شکڵی هەیە وە بەپێی جێگەی لە وشەدا شکڵی دەگۆڕێ (ئەمە جگە لە پیتی گەورە کە لە دەست پێ کردنی جوملەوە ناوی تایبەتی و ئەمانەدا بەکار ئەهێنرێ، جا لەبەر ئەم نەگۆڕانەی پیتەکان بەپێی جێگەیان لە وشەدا فێربوونی پیتی لاتینی ئاسانترە لە پیتی عەرەبی وەختی کەمتری ئەوێ، وە هەر لەبەر ئەم هۆیەش فێربوونی بۆ چاپکردن و تایپ کردنیش سووک و ئاسانترە.

٣ – پیتەکانی لاتینی لەچاو پیتەکانی عەرەبیدا کەمترە لەیەک ئەچێت بۆیە بە ئاسانتر لەیەک جیا ئەکرێتەوە و ئەناسرێتەوە وە باشتر لە مێشکی منالدا جێگیر ئەبن.

٤ – لە لاتینی دا هەموو پیتەکانی وشە بە سەریەکەوە ئەنووسرێن وە جگە لە پیتی (ئـای) و (جـەی)ی هەموو بێ نوختە و بێ ئیشارەتن وە خۆمان هەرچی چەندی نیشانەشیان بۆ دابنێین ناگاتە چەند یەکێکی ژمـارەی نوختەکانی پیتی عەرەبی لەبەر ئەمانە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی وەختی کەمتری ئەوێ لە هی عەرەبی نەک هەر ئەمە بە سەریەک وە نووسینی هەموو پیتەکانی وشە بە لاتینی رزگامان ئەکات لەو دەردی سەری نووسی و وشەی (مرکبە) کان، وەکوو وشەی (پێ لێ نان، تێ گرتن، لێ خستن، پێ لێ هەڵبڕین، پێ کەنین) کەوا هەتا ئێستە

هەر خوێندەوارە بە ئارەزووی خۆی چەند یەکی لە (مقطع) ە کانیان بەسەریەکەوە بە جیاواز ئەنووسێ بەبێ ئەوەی بزانرێ ڕاست و چەوتی کامەیە.

٥ – نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی تا ئەندازەیەک ڕزگارمان ئەکات لە کێشەی نووسینی ناو و وشەی بێگانە بە تایبەتی هی عەرەبی کەوا لە زمانەکەماندا بە زۆری بڵاوبۆتەوە. بەبێ ئەوەی توانیبێتمان چارەیەک بۆ نووسینیان بدۆزینەوە یەکێک ئەڵێ ئەمانە لە عەرەبیدا چۆن ئەنووسرێن ئەبێ لە کوردیشدا وا بنووسرێن.

یەکێکی تر ئەڵێ پێویستە وەکو وشە کوردیە پەتیەکان سەریش بەم وشە بێگانانە دابنەوێنرێ بۆ دەستووری گشتی نووسینی زمانەکەمان ئەوانە چۆن نووسراون ئەمانیش وا بنووسرێن.

٦ – جگە لەوانەی لای ژووروو نووسین بە پیتی لاتینی منداڵانی کوردستانی خواروو ڕزگار ئەکات لەو سەر لێشێوانەی تووشی ئەبن لە دەرسی کوردی و عەرەبیدا کەوا هەردوو زمانەکە بەیەک پیت ئەنووسرێن بەڵام لە هەریەکەیاندا بە چەشنێکی بە تەواوی جیاواز لەوی تر ئەو پیتانە بەکار ئەهێنرێن لە یەکێکیاندا بۆ نووسینی (بزوتنەوە) لە وشەدا (پیت) بەکار ئەهێنرێت لەوی کەیاندا سەر بۆر و ژێر لەگەڵ ئەوەشدا بە زۆری ناش نووسرێن

لە دەرسێکدا بە قوتابی ئەوترێ ( کەرکوک) بە (ک ر ک و ک) بنووسێ لە دەرسێکی ترا پێی ئەوترێ بە (ک ە رک وو ک) ی بنووسێ. ئەوی ڕاست بێ بەم پەلە پڕوزێ یە، هەر ئەم چاکیانەی نووسین بە لاتینیم بە بیرا دێت وە لەبەر ئەوەش کە نیازم لە نووسینی ئەم باسە زۆرتری پیشاندانی مەسەلەکە و دەرخستنی ئەو شوێنانەیەتی کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە نەک لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و یەکالا کردنەوەیەکی فراوان بۆیە بەمە واز ئەهێنم دێمە سەر سەرنج دانی باریکی یەکەی باسەکەمان.

## چۆن دەست بکەین بە لاتینی نووسین؟

لە پێشەوە وتم پیتی لاتینی هەروەها عەرەبیش خۆی وەکو هەیە بە کەڵکی کوردی پێ نووسین نایەت. هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی ئەلف و بێی لاتینی هەمووی (٢٦) پیتە کەچی لە کوردیدا بەلای کەمەوە (٣١ پیتی دەنگ و پیتی بزووتن-بزوێن) هەیە ئەمە جگە لە چەند دەنگێکی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی کە پێویستە بۆ نووسینیان لە ئەلف وبێ کەماندا پیتی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوەی بە ڕەوانی بخوێنرێتەوە. جا لەبەر ئەم ناتەواویەی پیتی لاتینی کە وا ئەو کەسانەی ویستویانە کوردی بە لاتینی بنووسرێ بەربوونەتە سەر و گوێلاکی دەستکاریەکی زۆریان کردوە بە تایبەتی لە

هەواڵنامەی کتێب

ئیشارەت بۆ دانان و نیشانە کردنا. لام وایە بەم قسانە تا ئێستە خوێندەوارانم لەوە ئاگادار کردووە وەنەبێ منیش نیازم دروست کردنی ئەلف وبێ یەکی لاتینی نوێ بێ ئەگینا قسەکەی پێشینیانم لەسەر بار ئەنێ کە وتویانە (ماڵ لە خۆیانە نەبوو میوانیش ڕووی تێ کرد) بەڵام نیازی ئەوەشم نی یە قورسایی بخەمە تای تەرازووی هیچ یەکێ لەو ئەلف وبێ یانەوە کە هەتا ئێستە هێنراونەتە مەیدان. ئەمەش وە نەبێ هەر لەبەر ئەوە بێ کە ئەزانم مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسین وە هەڵبژاردنی ئەلف وبێ یەکی پڕ بە پیتی زمانەکەمان کارێکە ئەبێ بە تەواوی لە لایەنگری بە دوور بێ لەبەر ئەوەشە کە ئەم ئەلف وبێ یانە لەگەڵ ئەو جیاوازیەشدا کە لە میانیاندا هەیە هیچ کامێکیان ئەو لەسەر کردنەوە و لایەنگری توندە ناهێنن چونکە هەر بە تاقی کردنەوەی کەم ئەم ناتەواویانەی لای خوارەوەمان بۆ دەرئەکەوێ تیایاندا:-

١ - هەریەکە لەو ئەلف وبێ یانە بە تایبەتی بۆ نووسینی شێوەی کوردی بەشێکی کوردستان دانـراون بۆیە هەر پێویستەکانی نووسینی ئەو شێوە تایبەتیەیان تیاخراوەتە پێش چاو. ئەلف وبێی بەدرخانیەکان بۆ نووسینی شێوەی سۆران و... هتد. لێرەدا تەنیا بۆ دەرخستنی نموونەیەکی ئەم ناگزوریە ئەم چەند دێڕەی مامۆستا (جەمال نەبەز) ئەخەمە پێش چاو کە لەسەرەتای نامیلکەی (نووسینی

کوردی بە لاتینی) دا نووسیویەتی. مامۆستای ناو براو کە باسی ئەلف وبێ یە ئەکات مامۆستای کۆچکردوو (جەلادەت بەدرخان) دایناوە دەڵێ: بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێک دەنگ هەبوون لە شێوەی سۆراندا تیپی تایبەتیان بۆ دانەنرابوو وەک (ڕێ ی قەڵەو) و (لامی قەڵەو) ناچار بووم هەوڵ بدەم بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە لاپەڕە: ە)، بێ گومان هەریەکە لە هەر هۆیەک ئەبێ ببێ دانەرانی هیچ یەکێ لەو ئەلف وبێ یانە لەکاتی دانانی ئەلف و بێ لاتینیەکەیاندا زمانی کوردیان وەک زمانێکی نەتەوەیی تێکەڵ لە هەموو شێوەکانی کوردستان نەخستۆتە پێش چاو لەبەر هەموو ئەم ئەلف وبێ یانە گشت دەنگەکانی زمانی کوردی وەهەریەکەیان چەند دەنگێکی شێوەیەک یان هی چەند شێوەیەکی کوردیان پێ نانووسرێ.

٢ - لەگەڵ ئەو هەموو ئەلف وبێ لاتینیانەدا کە بۆ کوردی پێ نووسین دانراون نووسینی دەنگی پیتی عەرەبی ئەو وشانەی لە کوردیدا بەکار دێن خراونەتە پشت گوێ کە ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو ئەلف وبێ یانە پێناسەرەوەیەکی گەورەی چاکترین ئەلف وبێ یان تیا نیە کە ئەویش پێ نووسین وە بەڕەوانی خوێندنەوەی هەموو ئەو دەنگانەیە کە لە دەمی قسە پێکەرانی زمانەکە دێنە دەرێ بەبێ تەماشاکردنی ئەوەی ناوخۆ ئەو دەنگانەی تایبەتی زمانەکە

خوێن یان لە زمانی بێگانەوە تێی کەوتون.
٣ - زۆری ئیشارەت و نیشانە و نوختە لەم ئەلف و بێ یانەدا بەشی زۆری ئەو چاکیانە لەناو ئەبا کە لە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی چاوەنوارِی ئەکەین وەک دەست لەسەر هەڵنەگرتنی پیتەکانی وشە وەوەخت کەم ویستن بۆ نووسین وە لە یەکتری نەچوونیان.
جا بەبیری من ئەم گزوریانەی باسم کردن لەوانە نین بە تەقەلای یەک تەنی و رێکەوتنی یەکدوانی لە خوێندەواران لەناوانەمێنن جگە لـەوەی هیچ گومانم نی یە کە گەلێ ناگزوری تریش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی قوڵ و یەکالا کردنەوەی فراوانی مەسەلەکەدا دەرئەکەوێ وە چارەکردنی هەمووی پێویستی بەو هاریکاری و گەلە کۆمەکیە هەیە کە لەژمارەی پێشوتری (هیوا) دا باسم کرد بۆ ئەوەی ئەو ئەلف وبێ یە دابنرێ بۆ کوردی پێ نووسین کە بەشی هەر زۆری ئەو چاکی و پێ ئاسەرەوانەی تیا بێ کە لە چاکترین ئەلف و بێدا بونیان پێویستە.
هـەنـدێ کـەس ئەڵێن هیچ پێویست بـەم چـاوەڕوانـی و لێکۆڵینەوە و قسە و باسە ناکات بام هەر لە ئێستەوە یەکێ لەم ئەلف وبێ یانە کە چاکترینیانە هەڵبژێرین و بیکەینە بناغە و دەست بکەین بە بڵاوکردنەوەی کوردی پێ نووسینی — جا ئەو حەلە ئەگەر بە پێی پێویستی شێوەکانی تر و بۆ

تەواوکردنی ناگزووریەکانی دەستکاریش بکرێ قەی ناکات. جێ بەجێ کردنی ئەم بیرە گەلێ قۆرتی وای لە ڕێدایە کە بەتەقەلا و تێکۆشینی یەک تەنی لە توانای کەسانی بە خۆیان لێ ڕزگار کات بۆ وێنە هەندێکیان ناو بەریت باشە، جارێ ئێمە کێ ین کەوا لە ئێستەوە ئەکەوینە ئەم هەڵبژاردنە چۆن یەک ئەگرین؟ کام ئەلف و بێ چاکترینیانە چۆن بە خەڵکی بسەلمێنین و بە چ دەسەڵاتی بەسەریاندا بسەپێنین؟ ئایا ئەمە نامان خاتەوە گێژاوێکی لەمەی ئێستەمان بێ بن تر؟ جگە لەمە خۆ ئەلف وبێی زمان کەواو کراس نی یە بیگۆڕین و پینە و پەڕۆی بکەین ئەگەر ئەم فرمانە ئەمەندە ئاسان بووایە ئێستا لە دنیادا گەلێکمان نەئەدی لە ئەلف وبێی خۆی نارەزا بێ بە تایبەتی هەموویان دەسەڵاتی گۆڕین و بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڕینە و بەسەر خەڵکا سەپاندیان لەچاو هی کوردا نایەتە پێوانە(٧) بەرلەوەی ئەم بەشەی باسەکەمان ببڕێنمەوە دیوێکی کەی مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسین هەیە بە پێویستی ئەزانم بیخەمە پێش چاوی خوێندەوار و زانایان و لێکۆڵینەوەی کە ئەویش ئەمەتە: هەندێ لە خوێندەواران لە ڕووی دڵسۆزیان خوێن گەرمیەوە داوا ئەکەن کە بە پەلە دەست بکرێ بە کوردی بە لاتینی نووسین لەناو خوێندەواران خۆیاندا وە لە هەندێ لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکاندا، گریمان هەموو

خوێندەواران و زانایانی کورد لەسەر یەک ئەلف و بێی لاتینی یەک کەوتن بە بیری من لەم حاڵەشدا مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسین شەقاوێکی گەورە دوور لە جێ بەجێ کردن ڕائەوەستێ چونکە بە چە دەسەڵاتێک نووسین بەو ئەلف وبێ یە بەسەر خەڵکدا ئەسەپێنرێ؟! ڕەنگە بوترێ خوێندەواران خۆیان لەناو خۆیاندا دەست بکەن بە بەکارهێنانی و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەکاری بهێنن خەڵکیش فێری ئەبێ، بەڵام کار بەمە جێ بەجێ نابێ.

خوێنەرەوە هەموو وەک یەک نین، فێرکردن لە قوتابخانەکان و نووسین لەو دائرانەدا کە زمانی کوردی بەکار ئەهێنن لەسەر دەسەڵاتی خوێندەواران وە خاوەن گۆڤار بەدەرە، گۆڕینی شتێکی گرنگی وەک ئەلف و بێ کە پەیوەندی بە ژیانی زانستی و خوێندەواری و گیانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلەوە هەیە بەم تەقەلایەکتەنی و دەستە پارچەییە ناکرێ. نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی لەناو خوێندەواران خۆیاندا یا لە لاپەڕەی هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرلەوەی بە لاتینی نووسینی کوردی لەلایەن حکومەتەوە پەسەند بکرێ و یارمەتی بدرێ تەقلایەکی بێ سوود و ڕەنجێکی بێ بەرە نەک هەر ئەمە بگرە گەشەکردنی خوێندەواری کورد دواتر ئەخات بەوەی کە خوێندەوارانی باش لە نێو خوێندەوار و تازە پێکەیشتوانا بۆڕ ئەدات. خوێندەواری پێگەیشتوو لە پێشکەوتوو چوارچێوەیەکی تەسکا قەتیس ئەهێڵێتەوە،

کەلێنێکی گەورەی لە پڕ کردنەوە نەهاتوو ئەخاتە میانی گەل و دەستەی خوێندەوارانی باشیەوە، لەبەر ئەمە لە مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسینا خوێندەواران و زانا تێگەیشتووان دوو فرمان، یان ڕاستتر فرمانێکی دوو لایەنە یان لەسەر شانە دوای ئەوەی چاکترین ئەلف وبێ بۆ زمانی کوردی دائەنێین. نە بگرە لەو ماوەیەشدا کە خەریکی دانانی ئەم ئەلف وبێ یەن لەلایەکەوە پێویستە نەک هەر بە تەنیا باش و بە کەڵکی ئەم هەنگاوە لە گەڵ کورد بگەیەنن بگرە ئەبێ یارمەتی و پیشتیوانیشی دەست خۆیان بخەن بۆ سەرخستنی کارەکە، لەلایەکی تریشەوە ئەبێ تێکۆشن بۆ ئەوەی نەک هەر ڕەزای حکومەت وەرگرن بۆ هاویشتنی ئەم شەقاوە پێویستە هەموو یارمەتیەکی ماددی و مەعنەویشی لێ وەربگرن بۆ لەناو بردنی ئەو قۆرتانەی بەرهەڵستی جێ بەجێ کردنی ئەکات، وەڵام وایە بە هاوکاری هەمووان و یەکگرتنیان لە مەیدانی ئەم فەرمانە نەتەوایەتیەدا گەیشتن بەم ئامانجە ئەوەندە دوور نەبێ وەک هەندێ بەدبین بە بیریانا دێت، بە تایبەتی ئەگەر نەهێڵین هیچ ناکۆکیەکی کەمان ببێتە هۆی یەک نەگرتنمان بۆ پێکهێنانی ئەم فرمانەی هەموو لایەکمان لە کانگای دڵەوە حەز بە جێ بە جێ کردنی ئەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## فرمانی ئێستەمان (٨)

## چۆن زمانەکەمان بنووسین؟

باسی ئەو فرمانانەم کرد بوو لەسەر شانی زانا و تێگەیشتووان خوێندەوارانە لە مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسیندا لەوێدا وتبووم کە ((دوو فرمان، یان راستتر فرمانێکی دوولایەنەیان لەسەر شانە دوای ئەوەی چاکترین ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی دائەنێن وە لەو ماوەیەشدا کە خەریکی دانانی ئەم ئەلف وبێ یەن لەلایەکی کەوە پێویستە لەسەریان نەک هەر باشی و بە کەڵکی ئەم هەنگاوە لە گەلی کورد بگەیەنن بگرە ئەبێ یارمەتی و پشتیوانیش دەست خۆتان بخەن بۆ سەرخستنی کارەکەیان.

لەلایەکی تریشەوە ئەبێ تێکۆشن بۆ ئەوەی نەک هەر ڕەزای حکومەت وەرگرن بۆ هاویشتنی ئەم شەقاوە پێویستە هەموو یارمەتێکی ماددی و مەعنەویشی لێ وەربگرن بۆ لەناوبردنی ئەو قۆرتانەی بەرهەڵستی جێ بەجێ کردن ئەکەن)). ئەگەر چی ئەمەم نووسیبوو بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە ئەم فرمانە هەر خۆی بە تەیبعەتی لەوانە نییە بە مانگ و دوو مانگ پێک بێت. نەخوازەڵا سستی و بێ باکی و کەمتەرخەمی خۆشمان بچێتە پاڵ، ئەوە بێ گومان خۆی ئەدا لە ساڵان، ئەی کەواتە تا ئەو ساتە جێ بەجێ کردنی ئەم فرمانە چۆن بنووسین؟ هەروا ڕاوەستین؟ حەزیش بکەین ڕۆژگار

لەسەرمان ڕانەوەستێ بۆیە ئەبێ بیرێ لەم ڕۆشمان وە لە دواتریشمان بکەینەوە.

لام وایە کە مەسەلەکە لەم بارەیەوە سەرنجی درایە دوو رەئی دێتە مەیدان. دەستەیەک ئەڵێن: (کە نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبی کارێکی پێنج و دوو ڕۆژی بێ کە زوو بێ یا درەنگ ڕۆژێک بێ ئێمە واز لەم پیتە عەرەبیانە بهێنین ئیتر هیچ پێویست بەوە ناکات کە خۆمان بە چاکردن و رێکخستنیەوە خەریک بکەین.

هەتا ئێستا بە گشتی چۆنمان نووسیوە چۆن ڕاهاتووین هەروا بە بنووسین واتە لە بریتی (سەر)ی عەرەبی(ە) وە لە بریتی (بۆر) (و) وە لە جیاتی (ژیر)ی عەرەبی (ی) بەکار بهێنن لە کوردیدا بەبێ حەوت و هەشت چوکڵە و زەنە و داکشاوی و هەڵکشاوی و گیراوی لەسەر و لە ژێر و لەم لاو و لەولای پیتەوە دانان وە ئەو تەقەلایەی لەگەڵ چاککردن و ڕێکخستنی پیتی عەرەبی بە فیڕۆ ئەی دەین لەگەڵ پەلە لێ کردن و زوو دەست پێکردن بە پیتی لاتینی بدەین زۆر چاتر و بە کەڵکترە، بە تایبەتیش هێشتنەوەی ئەلف وبێی عەرەبی وەکوو تا ئێستە بەکارمان هێناوە نا تەواویەکانیمان لە کوردی نووسیندا باشتر بۆ دەردەخات و زیاتر و دیارتر ئەهێنێتە پێش چاو کە ئەمە بە تەنیا خۆی هاندەرێکی باشە بۆ تەقەلادان لە ڕێگەی لێ ڕزگار بوونیا

بە پێچەوانەی پینە و پەڕۆ کردن کەوا موشکلیلەکەمان لێ ئەشارێتەوە و دەستخەڕۆمان ئەکات بە بێ ئەوەی هیچ چارەیەکی بنەڕەتی کرا بێ یا بکرێ. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو نیشانانەی ئەخرێنە سەر پیتەکانی لە ڕووی زۆری و جۆی جۆێ یی و هەرکەس بۆ خۆی نووسەرانەوە ئەوەندە سەر لە خوێنەرەوە تێک ئەدەن لەوانەیە کە بە تەواوی پەکی خوێندنەوەی لە کۆڵەوارەکانیان بخەن. نەک هەر ئەمە لە باتی ئەوەی ببن بە هۆی یەکخستنی زمانی کوردی ئەبن بە هۆی فراوان کردنی ئەو کەلێنەی لە نێو شێوەکانی کوردیدا هەیە وەک ئەوەی بتەوی بنووسی (ور) (گوڵ) (رون) بەبێ هیچ نیشانەیەک لە خوێندەوار بە پێی شوێن مەعنای ڕاستی خۆی بۆ ئەدۆزێتەوە. وە بەم جۆرە بەشی زۆری خوێندەواران تێی ئەگەن چونکە هەریەکەیان وەک شێوەی قسەکردنی خۆی ئەی خوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتین ئیشارەتمان لەسەر (و) یا (ل)ە کە دانا وەکو ئەوە وایە کە مۆری شێوەیەکی تایبەتی کوردی لێ بدەین وە سەبارەت بەمە هەر خوێندنەوەی ئەو شێوەیە تایبەتە بە باشی تێ ئەگەن ئەوانی تریان هەر تێی ناگەن یان بە هەڵە ئەچن لە مەعناکەیدا لە پاشا ئەوە هەموو دەنگێک کە تیایاندا هەیە ئیشارەتێکی تایبەتی دانرابێ. خوێندنەوەی زۆر دەنگ هێشتراوەتەوە بۆ (سەلیقە) و فێربوون و ڕاهاتن و بیستن

وە ئەم کارە لە هیچ کامێکیانا نەبووە بە هۆی دواکەوتنی زمانەکە ئیتر بۆچی ئەبێ ئێمەی لە هەموو کەس بێ بەشتر قەپاڵی لە هەمووان زلتر داگرین؟

دەستەیەکی کە ئەڵێن نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی بێ نیشانە نیازی خوێندەواری بە تەواوی ئاوەرژوو ئەکات لە باتی ئەوەی بخوێنینەوە بۆ ئەوەی فێر بین بۆ ئەوەی بخوێنینەوە کە ئەمە ئەگەرچی بە درێژایی ڕۆژ دێتەوە سەر دیوی خۆی بەڵام وەخت وە تێکۆشینیکی زۆرمان بە فێڕۆ ئەدا، بۆیە ئەگەر چی ئێمەش ئەش زانین کە بە ئەلف و بێی عەرەبی کوردی نووسین شتێک نی یە هەتا سەربێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نازانین بە چەندی تر لەم پیتانە ڕزگارمان ئەبێ پێویستە لەسەرمان دەردی کوردە و تەنی: بزن بۆ شەوێ جێی خۆی خۆش ئەکات. ئێمەش بۆ ئەم ماوەیە تا ئەو وەختەی کوردی بە لاتینی ئەنووسرێ شان بە شانی هەوڵدانمان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەبێ تێکۆشین کە ئەم ئەلف وبێ عەرەبیەش وای لێ بکەین کە کەم و زۆر پێویستی نووسینی زمانەکەمان پێ بەجێ بهێنرێ بە تایبەتی لەم کاتەدا کە وا زمانێکی نەتەوایی کوردی لە پەیدابووندایە لە هەموو کاتێکی کە پتر پێویستمان بە ڕاست و ڕەوان نووسین و خوێندنەوەی هەموو وشەیەکی زمانەکەمان هەیە نەک هەر بۆ ئەوەی هەموو کوردێک وشەکانی شێوەی

ناوچەکەی خۆی بە ئاسانی و ڕاستی بخوێنێتەوە بگرە بۆ ئەوەش کە وشەکانی شێوەکانی کەی کوردیش بە ڕاست و ڕەوانی بخوێنێتەوە و فێر ببێ. وە بۆ ئەوەی بگەین بەم نیازە چارەمان نی یە خۆشمان بێ و ترشمان بێ ئیشارەتی وەک: حەوت، هەشت، نوختە، چوکڵە، داکشاوی، هەڵکشاوی و یا شتی وا بخەینە سەر پیتە عەرەبیەکان بە پێی پێویستی زمانەکەمان. ڕەنگە لەمیانی ئەم دوو ڕەئیە پێچەوانەیەشدا ڕەئیەکی مام ناوەندیش هەبێ کە خاوەنەکانی بڵێن لەهەردوو ڕەئی پێشوودا بەشێک ڕاست هەیە نەک هەمووی ڕاستی. چونکە جارێ خاوەنانی رەئی یەکەم چ ڕێگایەکیان دانەناوە بۆ نووسینی ئەو وشە بێگانانە کە لە کوردیدا بەکار ئەهێنرێت بە تایبەتی ئەو وشە عەرەبیانەی پیتی (ذ، ص، ض، ط، ظ) یان تێدایە، هەروەها بۆ نووسین ئەو وشە کوردیانەش کە لە چەند وشە یا پارچە وشەیەک پێک هاتوون وەکو دەست لێ هەڵگرتن، پێ خۆر، تێ کۆشین، لێ کۆڵینەوە هتد. خاوەنانی ڕەئی دووەمیش نەک هەر ئەم قۆرتانەیان چارە نەکردووە، هەر یەکەمیشیان بۆ خۆی جۆرە نیشانەیەک دائەنێ یەکێکیان (ر) ی ڕۆژ، کور لە یەکەمیاندا هەر وەکو خۆی وە لە دووەمیاندا بە دوو (ر) ئەنووسێت، یەکێکی کەیان لەهەردوو وشەکەدا بەو (ر)ی ئەنووسێت، هەندێکیان (٧) لەسەر (ر) یەکە دائەنێن، هەندێک (٨) و هەندێک (٧)

یان هەشتەکە یا سێ نوختە یانوختەیەک ئەخەنە ژێر هەروەها لە نووسینی ئیشارەت و جۆر و جێگەی دانانی ئیشارەتی پیتەکانی تریشدا جیاوازیەکی زۆریان هەیە جگە لەمانە خاوەنانی ئەم ڕەئیانە هیچ کامێکیان نەچوونە بنج و بناوانی دەردەکە دەردی گرانی نووسینی کوردی ئەوە نی یە کە دابنرێ بە پیتی ئیشارەتدا بنووسرێ باشە یان هی بێ ئیشارەت، دەردی بێ دەرمان، یان هیچ نەبێ تا ئێستە بێ دەرمان، نەبوونی یەک چەشنی یان یەک نەسەقی یە لە نووسین ئیملای کوردیدا. کوردی بە پیتی ئیشارەتدار چاتر بنووسرێت یان بە هی بێ ئیشارەت زانینی ئەم ڕاستی یە بە کردەوە چ بایەخێکی ئەوتۆی نی یە و ناشی بێ ئەگەر هەموو خوێندەواران و نووسەران بە گشتی ئەو جۆرە نووسینە پەسەند نەکەی وە ئەگەر وەکو خۆری نووسینی زمانانی کەی لێ نەکرێ کەوا پەیڕەوی نەکردنی دەستووری نووسینی لەسەر ڕۆیشترا و ئەبێ بە مایەی نزم بوونەوەی پلەی خوێندەواری ئەو کەسە لەناو خەڵکدا ئینجا با بێ ینە سەرپیشاندانی ئەو قۆرتانەی لە مەسەلەی نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبیدا دێتە ڕێمان وە چوونی بۆ چوونی چارەکردنیان، هەندێ لەم قۆرتانە ئەمانەن:

١ - چەند پیت نیشانەی پێویستە وە نیشانەکان چۆن بن و لە کوێدا بنووسرێن (٩)

٢ – وشەی بێگانە بە تایبەتی ئەو وشە عەرەبیانەی (ذ، ص، ض، ط، ظ) یان تیایە چۆن بنووسرێن؟
٣ – ئەو وشە کوردیانەی لەچەند وشەیەکی لێکدراو دروستکراون چۆن بنووسرێن؟ ئینجا ئەمەش ئەهێڵمەوە بۆ جارێکی تر.
بەمانە ئەو رسالەی ناوی کوردی یە.
ئیشارەتەکانی تر هەر شتێک هەن من موافیق نیم و لە باوەڕی منا هەموویان غەڵەتن. غەڵەتەکەشیان دیارە لە ناحیەی عیلمیەوەیە ئەوە دریەیەکی زۆری ئەوێ لەم کاغەزەدا جێ ی نابێتەوە (وەک مامۆستا سەجادی نووسیویەتی بە بێ دەستکاری ئیملا ڕوونووس کراوە). ئەگەر چی داهێنانی ئیشارەتەکانی سەر ئەم چوار حەرفە داهێنانی مانگە دەستکردەکە نی یە شانازی بۆی لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕ بکەن گەلێکم پێ خۆش بوو کەوا لە (فیکری مامۆستا علاالدین و منەوە بێت) و هیچ کەس هەقی نەبێ بیکا بە هی خۆی، بەڵام داخەکەم وادیارە مێژوو هاوکاری ئەم داهێنانە نایابانەش بە من ڕەوا نابینێ ئەڵێم بە من چونکە مامۆستا سەجادی کە لەبەری تری وای لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دۆزیوەتەوە کە ئەگەر ئەمەشی لە کێس بچێ باکی نەبێ.
ئینجا بۆ ئەوەی هەروەک لە هونەری داهێنانەکە بێ بەش بووم تاوانی ناڕاستیشم نەدرێتە پاڵ بە پێویستی ئەزانم

کە بڵێم. داهێنانی ئیشارەت بۆ پیتی عەرەبی جگە لەوانەی کە عـەرەب خۆی دایناوە شتێکی ئەوەندە کۆنە لام وایە مێژووش بە تەواوی نەزانێ کە کەی و لەلایەن کێ وە دوو نوختەی تر خراونەتە بن (ب) و ناو (ج) و سەر (ز، ف) و سەرێکی تر خراوەتە سەر (ک) بۆ ئەوەی بکرێت بەو (پ، چ، ژ، ڤ، گ) بۆ نووسینی ئەو پیت و دەنگانەی کە عەرەب هەر نەیانزانینوە هەن وە تا ئێستەش بە ئاسانی و ڕەوانی لە دەمیان نایەتە دەرێ ئەمە بە گشتی. لە کوردیشا ئـەوەی من بزانم و ئاگادار بم وەختی خۆی لە گۆڤاری (ڕۆژ کرد) دا کە لە زەمانی عوسمانیا لە ئەستەموڵ درئەچوو پڕۆژەی یا (گەڵاڵە) ی ئەلف و بێ یەکی عەرەبی ئیشارەتدار نووسراوە بەڵام وا دەر ئەکەوێ ئەم بیرە نەهێنراوەتە دی و هەر لە خانەی پڕۆژەدا ماوەتەوە چونکە هیچ نووسراوێک یا چاپکراوێکمان بۆ نەماوەتەوە کە بەم ئەلف وبێ نیشانە دارانە نووسرا بێ تەنانەت گۆڤاری ڕۆژ کرد خۆشی بەو پیتە نەنووسراوە لە ساڵی ١٩٢٨، دا لەلایەن مامۆستا مەلا سەعید صدقی کابانەوە نامیلکەیەکی حەفتا لاپەڕیی لە بەغدا لە چاپ درا بە ناوی(مختصر صرف و نحوی کوردی) یەوە کەوا پێش لە چاپدانیشی بە چەند ساڵێک بە دەست نووسی لە ناو قوتابیاندا هەبووە وە لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا بە دەرس ئەوترایەوە. مامۆستای ناوبراو لە لاپـەڕە سێ ی

نامیلکەکەیا ئەنووسیێ: دەبێ بزانین ئەو حەرفە هیجایانەی کە لە کوردی دا عمل دێنرێن و کلماتیان لێ دروست دەبێ چەندن و چین. ئەو حرفانە (٢٨) حرف هجای عربی و (٨) حرفی ترن کە غەیری عربین و ئەمانە (پ، چ، ڤ، گ، ل، و، ی) کە وابوو حرف هجای کوردی ٣٦ حرفن (أ، ب، ت، ث، ج، چ، ح خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ن، و، و، یێ، ی).

(ئەو کلماتەی کە کوردی پەتی بن (ث،ذ، ض،ط،ظ) یان تی دا نی یە هەر کلمەیە کە لە کوردی دا دەبێژرێ و لەم حرفانەی تێ دا بوو ئەو کلمەیە کوردی ئەصل نی یە و نابێ بە کوردی بزانین یا دەبێ ئەو نەوعە کلمانە بە جارێ لە کوردیدا ترک بکرێن خۆ ئەمەش ممکن نی یە یا دەبێ لەسەر شکڵ و شێوەی خۆیان بنووسرێن (فقط لە تلفظ)دا بە شێوەی کوردی دەخوێنرێتەوە. ئەو هەشت حەرفانەی کە عەرەبی نین شکڵێکی جوێ یان نیە اما بعضێکیان یا بە تێ فکرینێکی کەم و یا بە دانان ئیشارەت (٧) جوێ دەکرێنەوە و کراوە. (ی)ی خوارە لە (و) ی کوشراو و (ی) ڕاست جوێ دەکرێنەوە. کوت و مت وەک نووسینی مامۆستا سەعید صدقی نووسراوەتەوە. وەک ئەبینین مامۆستا سەعید صدقی دانانی (٧) ی سەر (و) و (ی) ی هەر وەکوو نوختە زیادەکانی (ف ز ج) باسکردووە بێ ئەوەی هیچ بایەخێکی تایبەتی پێوە

ببەستێ. زۆرتری وای پیشان ئەدا کە (٧) لەسەر (و) و (ی) دانان شتێکی زانراو بوو بێ لەو کات و ناوچەیەدا کە ئەو نامیلکەکەی تیا نووسیوە هیچ مۆرێکی دەستکردی خۆی یا یەکێکی کەی لێ نەداوە کە لام وایە ئەگەر بی ویستایە لە گیانی زانستی پەروەری نەختێ کەم بکاتەوە هەر ڕاستە و ڕەوان بۆی ئەلوا ناوی خۆی لێ بنێ. لێرەدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەم قسانەی مامۆستا سەعید صدقیش لە هانەی قسە نەترازان مەیدانی بەکارهێنیان تاقی نەکردووە نەک لە چاپکردنا. کە ئەتوانرێ نەبوونی پیتی نیشانەدار بکرێ بە بەهانەیەکی ڕاستەقینە بەڵام مامۆستای ناوبراو لە نوسینەکانیشیا هەروەها لە ناو قوتابیەکانیشا دانانی ئەم ئیشارەتانەی ئەوەندە مەبەس نەبوو زۆرتری پشت ئەستور بوو بەوەی کە بە (تێ فکرینێکی کەم) (و) (ی) یەکان لێک جوێ بکرێتەوە.

دوای ئەمە لە ساڵی (١٩٢٩-١٩٣٠) دا مامۆستا (تۆفیق وەهبی) جزمی یەکەم (دەستوری زمانی کوردی) چاپکرد بە ئەلفوبێ یەکی ئیشارەتدار کە پیتەکانی بە تایبەتی بۆ ئەم نیازە دارێژرا بوو لەم کتێبەدا نەک هەر ئەو (چوار حەرفە) ی کە مامۆستا سجادی بە داهێنانی خۆی و خۆمی دا ئەنێ ئیشارەتیان بۆ دانراوە گەلێ پیت و دەنگ و بزوێنی کەش ئیشارەتیان بۆ کراوە بە ئەندازەیەک کە ئەو زۆر ئیشارەتە

لەگەڵ گەورەیی گۆڕین و فراوانی شەقامەکە و دواکەوتویی خوێندەواری کوردی پەتی ئەوەیان دەرخست کە ئەم کتێبە نایابە کەڵکی خۆی لێ وەربگیرێ. نەک هەر ئەمە لە دەوری متصرفیەتی مامۆستا تۆفیق وەهبی دا ڕۆژنامەی ژیان لە سلێمانی چەند ژمارەیەکی بەم چەشنە پیتە عەرەبی یە فرە نیشانەی دەرکرد کە لێرەشدا وەکو لە پێشەوە وتم گۆڕینەکە ئەوەندە زۆر بوو بە خەڵک قووت نەچوو بۆیە تەقەلاکە سەری نەگرت.

لە هەموو ئەو ماوەیەشدا تاکو تەرا خوێندەوارانی کورد لە نووسرا و نووسینی تایبەتی خۆیاندا ئەم ئیشارەتانەیان بەکارهێناوە بە تایبەتی بۆ نووسینی پیتی (ی، ل، م). بە مانەی لای ژوورروودا دەرئەکەوێ مەسەلەی داهێنانی ئیشارەت لەسەر پیتی عەرەبی لە کوردیدا شتێکی کۆنە. نەرێتێک نیە مامۆستا سەجادی و من دامان هێنابێ بەلام وەنەبێ ئێمەش یا وردتر بڵێک مامۆستا سەجادی هیچی لەم مەیدانەدا نەکرد بێ ئەوەی ڕاست بێ من خۆم لە دەرهێنانی یەکەم ژمارەی (گەلاوێژ) ەوە مەسەلەی یەکخستنی نووسین و بە تایبەتی نووسینی پیتی (ل، ی، و) ی کوردیم وەکوو قۆرتێکی گەورە بەرەنگاری بوو کەوا بە بێ لابردنی ماوەی پێشکەوتنی خوێندەواری لەناو کوردا زۆر تەنگ و تەسک ئەبێ. بە بیرما هات کە بۆچی تەقەلایەک نەدرێ کە ئەو ئیشارەتی (٧) ی خەڵک لە خۆیانەوە بڕیاری دانانیان داوە لەسەر پیتی (ل،





ر، و، ی) پیتی تایبەتی بۆ دانەڕێژرێت لە چاپدا بۆ ئەم نیازە قسەم لەگەڵ (سەید حسین عانی) مودیری مدرسە التفیض الاهلیە کرد کەوا مەکینەیەکی لانیوتاپیان هێنا بوو.

ئەگەرچی ناوبراو بڕیاریدا کە بنووسێ بۆ ئەمریکا بۆ هێنانی ئەو پیتانەی لە کوردی دا بەکار ئەهێنرێن و داڕشتنی پیتی (ل ی و) بە ئیشارەتی حەوتەوە بەڵام هەندێ هۆی تایبەتی هەردوولا و گەرم بوونی شەڕ پەکی ئەم تەقەلایەیان خست. دوای ئەمە بە چەند ساڵێک لە کاتێکی بە تەواوی جیاوازدا ئەم قسەیەم لەگەڵ مامۆستا سەجادی کرد کەوا پەیوەندیەکی تەواوی لەگەڵ چاپکاری پەیدا کرد بوو. ئەوەی من ئەمویست لە مامۆستا سەجاجی ئەوە بوو کە لەسەر حسابی خۆی داوا بکات نەک هەر پیتی (ل، ر، و، ی) ی بۆ دابرێژن بگرە (ی) یەکی داکشاوی دار و (ک، گ) ێکی سەر نووشتاوە و (چوکڵە)یەکی بێ نوختەش بۆ نووسینی (ی)ی (شیر) و (ک) ی کوێر وەکی گوێز و ئەو بزوێنەی لە بەینی (ک) و (ر) وشەی (شەکر) دا هەیە ئەوی ڕاست بێ مامۆستا علاالدین سجادی پێ ی سەلماندم کە ئەم هەموو پیتانە پێویست نین وە ئەم هەموو ئیشارەتانە سەر لە خوێندەوار تێک ئەدەن ئینجا فیکری هەردوکمان هاتەسەر ئەوە تەنیا چوار حەرف هەیە موشکلە پەیدا ئەکەن (ر ی ل و) قەرار وابوو هەر یەکە لەمانە بۆ ناسینەوەیان (٧)

ی لەسەر دابنرێ وە ئەو ناردی ئەم ئیشارەتانەیان دارِشت. ماموستا علاالدین سجادی نەبووایە دارشتنی وێنەی ئەم داهێنانی خەڵکە ئەکەوتە قافێکی تر. کە ئەمەش بە بیری من خزمەتێکی شایانی سوپاسی ماموستا علاالدین لای ئەوانەی ئیشارەت دانان بە پێویست ئەزانن لە نووسینی کوردیدا.

**پەراوێزەکان:**

١ - گۆڤاری هیوا ژمار (٦٤) ١٩٥٧

٢ - لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە چەند قسەیەک بە گوێ ی کاربەدەستانی بەڕێزی (یانەی سەرکەوتن) دا بچرپێنم: یانە بە پێی ئەو پەیامەی گرتوویەتە ئەستۆی خۆی وە لە ڕووی دەست ڕۆییەوە تاقە دامەزراوێکی کوردە، کە لە وزەیدا بێ بە ئەرکی پێک هێنانی ئەم چەشنە کۆکردنانەوە دا هەستێ نەک هەر بۆ ئەم فرمانە بە تەنیا بگرە بۆ لێکۆڵینەوە وە چارەکردنی هەموو جۆرە ناگزوورێکی کەی زانستی و خوێندەواری کوردیش وە بەم جۆرە کردەوانەیانە نەک هەر پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بە گەلی کورد ڕائەگەیەنێ هەروەها ڕێگەش پا ئەکاتەوە بۆ دامەزراندنی (ئاکادیمی) یەکی کوردی، ئەو بیرە بەرزە جوانەی ماموستا جەمال نەبەز لە نامیلکەی نووسینی کوردی بە لاتینی دا لە زمان ماموستا عوسمان سەبری یەوە ئەی گێڕێتەوە.

٣ - جۆرج برنادشۆ: نووسەری بەناوبانگ گلەیی لە دەستووری زمانی ئینگلیزی گەیشتبوە ئەندازەیەک کە لە





وەسیەت نامەکەشیا بەشێکی لە میراتەکەی تەرخان کردبوو کە لە ڕێگەی چاکردنی ئەلف و بێی ئینگلیزی دا سەرف بکرێ.

٤ – ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین ئەم شتانە لە چاپکردن و تایپ کردندا ئەهیمیەتێکی ئەوتۆیان نامێنێ بەڵام ئەمە بەشی زۆری لەبەر ئەوەیە کە چاپکردن و تایپکردن لە خوێندنەوە نزیکترە تا نووسین.

٥ – لێرەدا ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کەوا کەمی یا هەر نەبوونی دەرسی کوردی لە قوتابخانەکان ڕەنگە مامۆستاکانی ئەم سەریەشەیە، ڕزگارکردبێ بەڵام قوتابی هەژار لە قوتابخانەی ژیانیانا بەینێ هەر بە دەستیەوە ئەناڵێنێ.

٦ – بە کەڵکداری ئەزانم لە خوارەوە ئەم چەند دێڕە بخەمەوە بەرچاو کە وەختی خۆی لەلایەن نووسەری بەم باسەوە لە گەلاوێژ لە وەرامی خوێندەوارێکدا نووسراوە کە لە دوای کردبوو گەلاوێژ چەند لاپەڕەیەکی بکا بە لاتینی. (لامان وایە خوێندەوارێکی کورد نییە لە ئەلف و بێ ی نووسینی ئەمرۆی کوردی ڕازی بێ وە وەکو چەند جار باسمانکردووە بۆ ئەوەی ئەلف و بێ یەکی باش پڕ بە پێستی تەواو بۆ زمانی کوردی دابنرێت پێویستمان بە تێکۆشینی زۆر هەیە بۆ بەستنی کۆمەڵێک کە هەموو زانایانی زمانی

کوردی چە خۆ چە بێگانەی تیا بێ جگە لە مانە یارمەتی پسپۆڕانی (زانینی پێگەیاندنی مناڵ) یشمان زۆر پێویستە ئەوسا دوای لێکۆڵینەوە و بەراوردێکی زۆر ئەتوانرێ ئەو ئەلف و بێ یە دابنرێت کە زمانی کوردی بە ئاسانی پێ بنووسرێت وە بە ڕەوانی بخوێنرێتەوە. ئەگینا وا گەلاوێژ هات لەسەر قسەی ئێوە چەند لاپەڕەیەکی تەرخان کرد بوو بۆ بقۆ کوردی بە لاتیتی نووسین لێرەدا هەزار و یەک کۆسپمان دێتە ڕێ یەکەمیان ئەوەیە کە نیاز لە نووسین بە ئەلف و بێ ی لاتینی چی یە؟ ئەوەیە کە (A ,B ,C ,D) وەکو لای خۆمان ناو ئەبرێت وەرگین و ئەلف و بێی لاتینی چە وەکو خۆی و چە وەکو ئینگلیز و فەڕەنسیەکان بەکاری ئەهێنن بە کەڵکی کوردی نووسین نایە و گەلێ پیت و دەنگی ناتەواوە. خۆ ئەگەر بێین ئەلف و بێی لاتینی وەکو کەرەسەیەکی خاو وەرگرین وە ناوی خۆیانیان لەسەر لابەرین بە پێ ی پێویستی زمانەکەمان سەر لە نوێ ناویان بۆ دابنێین پێم نالێ ی بە چ هەقێک ئەتوانین بیری خۆمان بەسەر خوێندەوارنا بسەپێنین؟ بە لای گەلاوێژەوە هیچ تاقە کەسێک هەقی ئەمەی نی یە. ڕەنگە بڵێین: بۆ بەو لاتینیە نانوسین بڵاوبۆتەوە؟ ئەڵێین: چونکە سێ چوار لاتینی هەیە لەناواندا یەکێکیان ئەوەیە کە لە سووریە ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەرئەچێ کە ئەمە کتومت ئەلف و بێ ی تورکی تازە

قەڵایە، دووەمیان ئەلف و بێ یەیە کە بە هی (تۆفیق وەهبی ئەدموندسی) ئەناسرێ کە دانەری ئەم ئەلف و بێ یەش وەکو برا کوردەکانی سووریە بەڵگەی زۆری چاکی ئەلف و بێ کەیان نیشان ئەدەن. سێ یەم ئەلف و بێ ی ئەوەیە کە کوردەکانی وولاتی سۆڤیەت پێ ی ئەنووسن و ئەخوێنن جگە لە مانە ئەلف و بێ ی (میجەرسۆن، م. باشقە) هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێ ئەلف و بێ ی تر کە هەر بێگانەیەک ویستبێتی کوردی فێر بێ بۆ خۆی داناوە. جا ئێمە لەم هەموو ئەلف و بێ یە کامیان پەسەند بکەین و بە کامیان بنووسین؟ ڕەنگە بوترێ بە چاکترینیان، وەلێ کامیان چاکترینیانن؟ وە ئاخۆ ماوەی ئەوە نیە کە لەم هەموو ئەلف و بێ یانە یەکێکی وا بهێنرێتە کایەوە کە چاکی هەموویانی تیا بێ و خراپی و ناتەواوی یەکانیانی لێ بەدەر بێ؟ وەرامی ئەم دوو پرسیارە پێویست بە بەستنی ئەو کۆمەڵە ئەکات کە لەسەرەوە باسمان کرد. گەلاوێژ ژ٧ ١٩٤٦.

٧ – گۆڤاری (هیوا) ساڵی (١٩٥٨) ژمارە (٩)

٨ – بەر لەوەی دەست بدەمە ئەم بەشە دوای یەی باسەکەم بە پێویستی ئەزانم چەند قسەیەک لە نووسراوێ بکەم کە ڕۆژی ٧-١٠-١٩٥٧ – هاوڕێ ی دێرینم مامۆستا علاالدین سجادی بۆی ناردبووم. مامۆستا سەجادی لە نووسراوەکە ئەڵێ: بیستم مەقالێک ناردووە بۆ گۆڤاری (هیوا) لە لایەن

ئیشارەتەکانەوە قسەت کردووە هەر ئەوەندەم بیستووە و هیچ تر ئیتر نازانم چی یە؟ نازانم تا ئەو ساڵە کە من و تۆ دانیشتین و قسەمان لێوە کرد فیکری هەردووکمان هاتە سەر ئەوە کە چوار حەرف هەیە مشکلە پەیدا ئەکا (ر، ی، ل، و) ئەمانە بوون. ئەوە بوو قەرار بوو کە ئەمانە بۆ ئەوەلێک جیا بکرێنەوە هەریەکە حەوتێکیان لەسەر بێ لە پاشا من ناردم ئەم ئیشارەتانەیان دارشت و یەکەم شتێک کە بە مانە لە چاپ درا رسالەی (ناوی کورد) بوو لەوێدا من باسم کردووە لە مقدمەکەدا کە ئەمانە لەسەر فیکری من و تۆ بووە ئیتر لە غەیری ئەم چوارە من بەش بە حاڵی خۆم موافیق نیم بۆ هیچ تر. مەبەست لەو کاغەزە ئەمەیە کە تۆ ئەوەت لە فیکری بێ بۆ ئەوە نەوەک قسەکان یەک نەگرنەوە. داهێنانی ئەم چوار حەرفە لە فیکری ئێمەیە و کەس هەقی نیە بیکا بە هی خۆی دەلیلیش تەئریخە یەکەم شتێک کە لە پێشا چاپ

**مامۆستا جەمال نەبەز**

**لە کتێبی: نووسینی کوردی بە لاتینی**

**١٩٥٧ بەمجۆرە دەنووسێت:-**

دەمێکە بەو ئاواتەوەم ئێمەش وەک گەلە زیندووەکانی جیهان نووسینێکی ڕێکوپێک و ئەلفوبێ یەکی یەکگرتووی بێ گرێ و گۆڵمان ببێ و لەم پاشا گەردانێی نووسین و هەرکەس بۆ خۆی ڕزگارمان ببێ. بەراستی زۆر نەنگ و شوورەییە پیاو هەست بە نا تـەواوی خۆی بکا و کەچی چاوی لێ داخـاو لەبەرامبەریا دەستەوەستان دانیشێ، بێ ئـەوەی هەوڵێ بدا بۆ نەهێشتنی کوموکورتێ و ڕاست کردنەوەی بار چەوتی. ئیمڕۆ ئێمە ئەگەر سەرنجێکی سەرپێیی بدەینە ژیانی گەلەکەمان گەلێک کەلێن و بۆشایی تیا ئەبینین کە چاوەڕوانی پڕکردنەوەن. نەک لە ڕووی زمانەوە، بەڵکوو لە هەموو سووچ و گۆشەیەکەوە... چ کۆمەڵایەتی، چ ئابووری، چ سیاسی، چ خوێندەواری... هتد! دیارە چارکردنی ئەمانەش وەنەبێ لە وزەی تاقە کەسێکدا بێ، بەڵکوو پێویستی بە هەرەوەزێکی گشت لای و تێکۆشانی تێکڕایی هەیە. پیاوی دڵسۆزی تێگەیشتووش ئەوەیە بەر لەوەی دەست بداتە هەر

ئیشێک هێزو دەسەڵاتی خۆی لێک بداتەوەو تەرازووی بیر وهۆش بیکێشێ و ئەو حەلە بچێتە مەیدانەوە کە ئەتوانێ تیا ڕمبازێن بکات، وە کە پێی نایە مەیدانەوە ئەبێ هەرگیز لە تاودان  و خۆپێش خستن پشتی سارد نەبێتەوە و ببڕای ببڕ کۆڵ نەدات تا ئاگاتە قۆناغ. ئەگەرچی کەند وکۆسپی ڕێگەش جاروبار بیگلێنێ و بەرهەڵستی بکات.




## زمان و ئەدەب: سیستەمی زمان و کارتێکەریی جوانیناسانەی ئەدەب

**دوکتۆر هاشم ئەحمەدزادە**

دەکرێت بگوترێت لە زۆرینەی ڕەهای زانکۆکانی جیهاندا یەک لە بوارەکانی خوێندن بریتییە لە "زمان و ئەدەبی" زمانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە زمان و ئەدەبی ئینگلیسی. لە هەمان کاتدا ئەم دوو بابەتە لە زۆر زانکۆی جیهاندا وەک دوو بواری جیاواز پێشکەش دەکرێن. بۆ نموونە، زمانی ئینگلیسی و ئەدەبی ئینگلیسی. لێرەدا لەجیاتی "ئینگلیسی" دەکرێ هەر زمانێکی دیکەش دابندرێت. پرسیار ئەوەیە گەلۆ لەنێوان زمان و ئەدەبی زمانێکی دیاریکراودا چ جیاوازییەک هەیە؟ ئایا ئەمانە هەردووکیان هەر یەک شت نین؟ ئایا هەر کام لەوانە دەتوانێت بێ ئەوی دیکە بوونی هەبێت؟ ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و ئاماژەیەک بە کارتێکەریی زمان و ئەدەب لەسەر ئاخێوەران. دوای تاوتوێکردنی پرسیارەکە هەوڵ دەدەم بەدیاریکراوی، هەڵبەت زۆر بەکورتی، باس لە هاوکێشیی ئەم دوو بوارە لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا بکەم.

ڕاستەوخۆترین ڕێگەی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەستەبەرکردنی پێناسەی هەردووک چەمکی زمان و ئەدەبیاتە. ئەگەر زمان بریتی بێت لە سیستەمێکی پێکهاتەیی ئاڵۆزی پێوەندی و دانوستان، ئەوە تۆوە پێکهێنەرە بەربڵاوەکانی ئەو سیستەمەن کە سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. بۆ نموونە نیشانە دەنگی و وشەیی و ئاماژەییەکان و شێوازی تێکهەڵکێشکردن و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا دەبێتە بەستێنێک بۆ گەڕان بەشوێن ئەو یاسایانەدا کە ئەم ئەرکانە بەجێ دێنن و بە شێوەیەک لە شێوەکان مانا بەرهەمهاتووەکان لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکە دەگوێزنەوە. هەر ئەم نیشانانەشن کە دواجار لە هەیبەتی زمانێکی دیاریکراودا هەست و بیر و زانیارییەکانی مرۆڤ یاخود کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ئاراستە دەکەن. کەسێکی پڕهەست، بیرمەند و زانا لە ڕێگەی زمانەوە هەموو ئەم دیاردانە ئاراستە دەکات و لە لێکدانەوەیەکی وردتردا دەکرێ بگوترێ هەموو ئەم دیاردانە دواجار بەرهەمی زمانن و لە دەرەوەی زماندا نەیاندەتوانی ئامادەیی و بوونیان هەبێت. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی مرۆیی، ناتوانن بەبێ هەبوونی تۆوی زمان بیچم بکرن و دابڕێژرێن. هەر بەم شێوەیەش ئەوە پەڕجووی زمانە کە میراتی هزری و فەرهەنگیی

کۆمەڵگەکان لە هەناوی خۆیدا دەپارێزێت. بۆ چرکەیەک بیر لەوە بکەینەوە کە پردی نێوان ئێمە و ئۆدیسەی هۆمێر و هونەری شیعری ئەرەستو و کۆماری ئەفلاتون چییە. ئەم پردە کە لەو دیوی نزیکەی سێ هەزارەیەک زەمەنی دەربازبوودا ئێمە دەگەیەنێتەوە سەر ساتەوەختی ئەو بەرهەمانە، تەنێ زمانە و زمان. ئەوە هەر میراتی زمانییە کە سوقراتی ئاوارەی نێو کۆڵانەکانی ئاتێن دێنێتەوە نێو ئێمە و پێمان دەڵێت کە ئەو چۆناوچۆن بنەماکانی گفتوگۆی زمانیی لەگەڵ گەنجانی شار دادەمەزراند و بناخەکانی ئەو دیالۆگیزمەی دادەڕشت کە سەدان ساڵ دواتر میخاییل باختینی ڕووسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەیکردە دەستەچیلەی گرنگترین تیۆریی سەردەمی خۆی، واتە تیۆریی دیالۆگ و ژیربێژیی ئاخافتن.[٢] لێرەدا دەبینین کە زمان هەم سەرچاوەی هزرە و هەمیش لە هەناوی خۆیدا پارێزەری هزر. لە هەمان کاتدا ئەو بەستێن و کەرستەیەیە کە ئەرکی گواستنەوەی هزرەکەش لە ئەستۆ دەگرێت.

بەڵام ئەم سیستەمە ئاڵۆز و هزرسازە بۆ ئەوەی بەوردی بخرێتە ژێر نەشتەرگەریی لێکۆڵینەوە و لێتێگەیشتن،

هەواڵنامەی کتێب

---

٢ میخاییل باختین لە گرنگیی زمان و ڕۆڵی دیالۆگییانەی ڕۆمان لەم پێوەندییەدا دەدوێت. بڕوانە:
Bakhtin, Mikhail M., The Dialogic Imagination: Four Essays, Edited by Michael Holquist, translated by Caryl Emerson and Michael Holquist, Texas: University of Texas Press, 1981.

بەبێ پۆلێنکردنی لایەنە پێکهێنەرەکانی، خۆی بەدەستەوە نادات. هەر بۆیە زانایانی زمان ئەم دیاردە ئاڵۆزە لە دوو ڕەهەندی هاوکاتی[٣] و نێوکاتیدا[٤] دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە. لەم دوو ڕەهەندەوە ئەوەی کە هەر ئێستا زمانێک لە چ هەلومەرجێکدایە و هەروەها لە ڕەوتێکی زەمەنیدا بە چ قۆناغگەلێک و چ گۆڕانکارییەکدا تێپەڕیوە، دەخرێتە بەرباس و تیشک دەخرێتە سەر لایەنە جۆراجۆرەکانی زمان و پێکهاتەکانی. هەر بەم شێوەیەش بوارگەلی دەنگناسی[٥]، دارشتەناسی / پێکهاتەناسیی وشە[٦]، ڕستەسازی[٧] و مەبەستناسی،[٨] ئەو بوارگەلەن کە لێکۆلینەوەی زمان لە ئاستێکی گشتیدا دێننە سەر ئاستێکی دیاریکراو و وردەڕیشاڵییانە.

لێکۆڵینەوەی ئەو لایەنانەی ئاماژەیان پێکرا بە پلەی یەکەم ئاستی پێکهاتەیی زمانن و پێمان دەڵێن زمان وەک سیستەم و پێکهاتەیەک، چ جۆرە سازکراوەیەکی درێژخایەنە و چۆن لە ڕەوتی زەمەنیدا تووشی چەندان جۆرە گۆڕانکاری دەبێتەوە. بەڵام لایەنێکی بەرفراوانی لێکۆڵینەوەی زمان

٣ Synchronic
٤ Diachronic
٥ Phonetics and Phonology
٦ Morphology
٧ Syntax
٨ Semantics

دەپرژێتە سەر کارتێکەریی ئەم دیاردەیە لە بیچمپێدان و سازکردنی شێوازی ڕوانینی مرۆڤ و کۆمەڵگە مرۆییەکان لە خۆیان و لە مێژوویان. بە واتەیەکی دیکە زمان دیاردەیەکی ناسنامە سازە هەم لە ئاستی تاک و هەم لە ئاستی کۆمەڵدا. ئەمەش ڕێک ئەو بوارەیە کە پرسی زمان لە بوارگەلی فەلسەفی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و فەرهەنگناسییەوە دەبەستێتەوە. ئەم نووسینە کورتە ناتوانێت بپرژێتە سەر هەمووی ئەم لایەنانە، بەڵام گەر قەرار بێت بە شێوەیەکی گشتی بەرەوپیری هەموو ئەو زانستانەوە بچێت، ئاماژە بە چەمکی ناسین دەتوانێت وەک ماکەی هەموو ئەم دیسیپلینانە خۆی دەربخات و ئاسانکارییەک بێت بۆ نیشاندانی ڕۆڵ و کاریگەریی زمان لە خەملاندنی پلەوپایەی مرۆڤ وەک، ئەرەستوو گوتەنی، ئاژەڵێکی ئاخێوەر.

ئەدەب لە چڕترین پێناسەدا دەتوانێ کۆی ئەو دەربڕینە هونەری و جوانیناسانەیە بێت کە لە ڕێگەی زمانەوە تێهزرین و تێڕامانی مرۆڤ لە بوون و دەوروبەری خۆی ئاراستە دەکەن. ئەوەی ئەدەب لە دەکارهێنانی ڕۆژانەی زمان جیا دەکاتەوە ڕێک ئەو یاسا و ڕێسا هونەریی و پێکهاتەییانەن کە بەرگی جوانیناسانە بەبەر دەربڕینە زمانییەکاندا دەکەن و هەر لەم ڕێگەیەشەوە زمان دەبەنە ئاستێکی جیاواز لە خەملاندن و گواستنەوەی بوون و مانا و تێگەیشتن.

هەڵبەت لەبیرمان بێت ئەم ئافرێنراوە مرۆییە، واتە ئەدەب، لە سەردەم و دەڤەری جیاوازدا پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت و لە فۆڕم و قالبی جیاوازدا ئاراستە دەکرێت. لە زۆر سەردەماندا لەسەر بنەماگەلی جیاواز پێوەرەکانی جوانیناسی، گۆڕانیان بەسەردا دێت و قوتابخانە ئەدەبییەکان خاڵی جیاواز لە هەناوی خۆیاندا زەق دەکەنەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکان ئەوەی نەگۆڕە ڕێک ئەو شتەیە بە جەوهەری دەق دەناسێندرێت و لە زۆر سەردەمدا دەبێتەوە هەوێنی سەرەکیی باسە تیۆریی و هزرییەکانی جیهانی ئەدەب.[٩] ئەوەی زمانی ئەدەبی لە زمانی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە ڕێک ئەو بوارەیە کە جوانیی دەبەخشێتە دەربڕینەکان و تێیدا داهێنان دەبێتە ئەو بەستێنەی زمانی ئاسایی لە دەستی داهێنەری ئەدەبیدا دادەڕێژرێتەوە و دکرێتە کەرەسەیەک بۆ کارتێکەری لەسەر زەین و خواستی جوانیناسانەی خوێنەر و بەردەنگ.

ناسین بریتییە لە کارلێکی مێشکی مرۆڤ و دەوروبەری لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا. ئاکامی ئەو کارلێکە دیاردەی

---

٩ بۆ زانیاریی ورد لەسەر بۆچوونەکانی پۆل دوێ مان و چەمکی جەوهەری دەق بڕوانە:
de Man, Paul, Allegories of Reading: Figural Language in Rousseau, Nietzsche, Rilke, and Proust, New Haven: Yale University Press, 1979.

زەینی لێ دەکەوێتەوە کە هەموو ئەو چالاکییانە لەخۆ دەگرێت کە بوارگەلی هزرین، تێگەیشتن، بیرەوەری، خەیاڵ، هەست و ئاگایی دەگرنەوە.[١٠] زانایانی بواری ناسین لە ڕەهەندگەلی جۆراجۆری فەلسەفی، عەسەبناسی و دەروونناسییەوە، ئەم چەمکە تاوتوێ دەکەن و لێکەوتە جۆراجۆرەکانی دەخەنە بەرباس. لەم پێوەندییەدا گەر زەین بریتی بێت لە ئاگایی لەسەر خود و جیهانی دەرەوە، ئەوە خەیاڵی ئێمەیە کە دەستەبەری پەروەردەکردنی زەینێکی ئاوا دەکات. لێرەوە دەتوانین بپرژێینە سەر پرسی ئەدەب و ڕۆڵی ئەم چەمکە لە گەشەئەستاندن و داڕشتنی زەیندا بخەینە بەرباس.

زمان لە ڕەوتی کارتێکەرییەکانی خۆی لەسەر ئاخێوەرانی، دەبێتە ئەو بەستێنەی کە تێیدا خەیاڵ گەشە دەکات و بە ئاراستەیەکی هونەرییەوە دەبێتە هۆکاری ئاسوودەیی و حەسانەوەی مرۆڤ. بە واتەیەکی دیکە زمان دەبێت بەو کەلافە ئاڵۆز و ئەو زنجیرە دەربڕینانەی کە بە کەرەسەی خودی زمان دنیایەکی دیکە دەئافرێنێتەوە کە تێیدا جیهانی دەوروبەر دەبێتە بەستێنی تێڕامان و تێفکرین و ناسین. لێرەوە ئەم خەیاڵە هەموو ئەو جێگە و پێگەیانە لەخۆوە دەگرێت کە دواجار بە ناسنامەی ئێمە دادەندرێن. ئەم خەیاڵە

١٠ لەسەر پرسی ناسین و لێکەوتەکانی، زۆر بەرهەمی زانستی ئاراستە کراوەن. بۆ زانیارییەکی چڕوپڕ لەم بارەوە بڕوانە:
Passingham, Richard, Cognitive Neuroscience: A Very Short Introduction, Oxford: Oxford University Press, 2016.

هەموو کتێب

لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەوە لەنێوان خۆی و ئەوانی دیکەیدا لە ڕەوتێکی مێژووکرددا سنووربەندیی دەکات. خود و ئەوانی دیکە دەستنیشان دەکات و لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنان و بارهێنانەوە تایبەتمەندییەکانی خۆی دادەڕێژێت و ڕێکیان دەخاتەوە.

یەک لەو بوارە ئەدەبییە بەرچاوانەی کە لە سەردەمی مۆدێرندا ئەرکی ڕەنگدانەوە و داڕشتنەوە و ئاواکردنەوەی پرسی ناسنامەی دەکەوێتە سەر شان، ئەدەبی گێڕانەوەیە کە خۆی لە ژانری ئاڵۆزی ڕۆماندا دەدۆزێتەوە. لێرەدا ناکرێت بچمە سەر بنەماکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی و هەلومەرج و بەسەرهاتی ئەم ژانرە ئەدەبییە. تەنیا ئاماژە بە خاڵێک دەکەم کە دەکرێت وەک بنەما و سەرەتایەکی ئاڵۆزی گێڕانەوەی کوردی سەیر بکردرێت و لەو سۆنگەیەوە ببێتە بەسەرهاتی چارەنووسی تایبەتیی ئەدەبی گێڕانەوەیی کوردیی. ئەو ژانرەی کە لە هەناوی خۆیدا جۆرێک لە هاوکاتیی و هاوسەردەمیی پڕۆژەی مۆدێرنیتە، سەرمایەداری، نەتەوایەتی، تاکبڕوایی و نوێخوازیی حاشار داوە، تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر ئەدەبی گێڕانەوەیی کوردی، تژییە لە ناکۆکی و لەتوکوتی و ناتەواوی. باسی سەرەتایەک دەکەم کە هەرگیز نەیتوانی ببێتە ئەو بەستێنە بۆ گەشە و نەشەی زمان و

ناسنامەی کوردی. لەم پێوەندییەدا پرسی سەرەکی ئەوەیە گەلۆ دەستپێک و سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی، توانایی سازکردن و خەملاندنی ناسنامەیەکی کوردیی هەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕەهەندێکی مێژووییەوە "نا"یەکی مەزنە. چاوپێداخشانێکی خێرا بەسەر ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانی کوردی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە ئەو بنەما و پێشفەڕزانەی لە سەردەمی مۆدێرندا ئەرکی سازکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و نەتەوەیی کۆمەڵێکی دیاریکراوی مرۆڤەکانی لە ئەستۆ بووە، بۆ کوردان نەگونجاوە و نەڕەخساوە. کاتێک زانیارییە مێژووییەکانی هاوچەرخ سەرەداوی یەکەم گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی لە قالبی ڕۆماندا دەبەنەوە سەردەمی سییەکانی سەدەی بیستەم لە بەشێک لە جۆغرافیای بەربڵاوی یەکییەتی سۆڤیەتی جاران، ئەوە هەر خێرا تێدەگەین ئێمە لەگەڵ دیاردەیەک ڕووبەڕووین کە بەدوورە لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆی، واتە کوردستان. ئەم دیاردە ئەدەبییە لە ڕاستیدا وەک ئاکامی فەزایەکی ئایدۆلۆژیک و سیاسی بوو کە مەجالێکی ئەوتۆ بۆ سەرهەڵدان و گەشەی گێڕانەوە بە شێوازی نوێ بۆ زمانی کوردی دەڕەخسێنێت. بەڵام هەر ئەم هۆکارانەش پێش بە گەیشتنی ئەم ئەدەبە بەرهەمهاتووە، بەدەستی خوێنەری کورد لە کوردستانی

گەورەدا دەگرن. ئێستا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٩٠ ساڵ لە چاپ و بڵاوبوونەوەی شوانی کورد زۆر بەسانایی هەست دەکەین کە ئەم ڕۆمانە هەرگیز نەبوو بەو گوتارە کە ببێتە بەرهەمهێنەری زەینییەت و خەیاڵێکی جەماوریی کوردانە. بەربەستە سیاسی و سنووری و زمانی و فەرهەنگییەکانی بەردەم وەدیهاتنی بیرەوەرییەکی هاوبەشی کوردانە لە ئاکامی خوێندنەوەی دەقێکی گێرانەوەیی هاوبەشدا ئەو خەسارە قەرەبوونەکراوەیە کە زەینییەتی کوردی تووشی بووە و بە دەستییەوە ئازاری چێشتووە. کاتێک بۆ چرکە ساتێک دەڕوانینە ڕووبەرگی چەند چاپ و نوسخەی یەکەم ڕۆمانی کوردی، زۆر خێرا تێدەگەین کە ئەم بەرهەمە لە باری زەمەنی و زاراوەیی و ڕێنووسی و پەروەردەییەوە هەرگیز ئەو دیاردەیە نەبووە کە ببێتە خەملێنەری خەیاڵی ناسنامەخوازانەی کوردی. ئاخر، ئەوە دواجار خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانە کە دنیای خەیاڵکردی ئەوان دەکاتە کەرەسەی سازبوونی خەیاڵێکی دیاریکراوی ناسنامەییانە.

بەم جۆرەیە کە سەرانسەری سەدەی بیستەم نەیتوانی ئەو دەرفەتە بۆ کورد بڕەخسێنێت نەریتێکی هاوبەشی گێرانەوەیی ئەوتۆ بئافرێنێت کە ئاکامەکەی گۆشدانی ناسنامەیەکی هاوبەش بێت. ئەگەر سەرەتای ئەم ڕەوتە باری ئایدۆلۆژیک و سیاسیی هەبوو، درێژەی ڕەوتەکە

## سیمای یەکەم ڕۆمانی کوردی وخەیاڵێکی تۆمارنەکراو

سرنج: لە چاپە ڕووسییەکەدا بە "پۆڤێست" (کورتە چیرۆک) ناسێندراوە نەک "ڕۆمان".



لە جۆغرافیایەکی لەتوکوتکراوی کوردیدا بوو بو تەنگوچەڵەمەی زیاتر لەبەردەم بیچمگرتنی ناسنامەیەکی کوردیی هاوبەشدا. بەم جۆرەیە کە نەریتی سۆڤیەتی، بێ ئەوەی ببێت بە کۆڵەکەیەکی فەرهەنگیی کوردی، نەریتی دیکەی بەدوادا دێت، هەڵبەت بە نیوەچڵی و پچڕپچڕی. نەریتی کوردیی ناوین بە دوو شاباڵی کەم وزەی باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە، نەریتی کوردیی سەرووی لە تاراوگەوە لێ زیاد دەبێت و جۆرێک لە زەمەنپەرێشیی[١١] هەمەلایەنە بەرۆکی گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردیی دەگرێت، کە هەتا ئەمڕۆش ناهێڵێت سامانێکی هاوبەشی فەرهەنگیی کوردی بەرهەم بێت کە جیهانی خوێندنەوەی کوردان بڕازێنێتەوە. لە نەبوونی دەرفەتێکی لەم چەشنەدا ئەستەمە ئەدەبیات

١١ Anachronism

بتوانێت کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر خەملاندنی خەیاڵی کوردانەدا هەبێت و پێی وابێت ئەو کۆمەڵگە خەیاڵییەی[١٢] پێی دەڵێن نەتەوە، لە شوێنکاتێکی کوردیدا بیچم دەگرێت. ئەگەر دەرکەوتەی جوانیناسانە لە جیهانی شیعریدا دواجار ئەو یارییە هونەرییانەیە کە داهێنەر لەگەڵ پەیڤەکاندا دەیکات، ئەوە لە جیهانی گێڕانەوەدا پێکهاتەی خودی گێڕانەوەکەیە کە دەبێتە شوێنی داهێنانی ئەدەبی. لە دنیای گێڕانەوەکاندا جگە لە پێکهاتە ئەوە ئافراندنی کاراکتەر و دنیابینی و دنیای دەروونیی ئەوانە کە وێڕای تێمایەکی سەرنجڕاکیش و نوێ، بەردەنگ دەباتە نێو دالانەکانی پەڕجووی گێڕانەوە و سەرخۆشی دەکات لە توانایی زمان بۆ سازدانی جیهانێکی بێهاوتا لە پەیڤ و ڕستە. ئەمەش ڕێک ئەو خالەیە کە دەتوانێت مەیل و ئیرادەی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بەرهەمێکی تازە ڕابکێشێت. ئاخر لە کاتێکدا کە ژمارەی ڕۆمانە چاپکراوەکان بەبەردەوامی لە هەڵکشاندایە، کێ و چۆن دەتوانێت ئاڵنگاریی زەینییەتی خوێنەر بکات و بیهێنێتە سەر ئەم باوەڕە کە لە دەرەوەی ئەو هەمووە داهێنانە مێژووییانەدا هێشتا دەرفەت و جێگە بۆ داهێنانێکی نوێ ماوەتەوە. بەشێک لە هۆکار و پاساوی ئەم دەرفەتە شتێک

١٢ ئاماژەیە بە پێناسەیەکی نەتەوە وەک کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی (Imagined Communities) لە ڕوانگەی بێنێدیکت ئاندرسۆنەوە.
Anderson, Benedict, Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, Revised edition, London: Verso, 2006.

نییە جگە لە هیواخوازیی مرۆڤەکان لە هەموو سەردەمێکدا بۆ داهێنانی تازە و سەردەمییانە. لێرەدا دیالێکتیکێکی شاراوە لەئارادایە کە هاوکاتی و هاوژینیی کۆن و نوێی ئەدەبی دەستەبەر دەکات. ئێمە لە کاتێکدا هێشتا دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ هێشتا حەزمان لە خوێندنەوەی ئیلیاد و ئۆدیسەیە، بەبەردەوامییش داهێنانی کەسانی وەک مارکێز و ڤارگاس یوسا و ڕوشدی و هێمینگوای و فاکنێر و مەحفوز و پامۆک و نەهایی و هیدایەت هتد، دەخوێنینەوە و چێژیان لێ وەردەگرین. ئەمەش شتێک نییە جگە لە هەبوونی جۆرێک لە بەردەوامیی لە جوانیناسیی ئەدەبیدا. لە هەمان کاتیشدا دیالێکتیکی کۆن و نوێ سەلمێنەری ڕاستییەکی دیکەیە کە هەر سەردەمە و هەر جیلەی لە دەرەوەی میراتی ئەدەبیی ڕابردووەکانیدا پێویستییەکی بەرچاوی بە داهێنانی سەردەمی خۆی هەیە. گۆتەی ئالمانی و تاگۆری هیندی دەتوانن نوێنەرایەتیی جوانیناسیی سەردەمی خۆیان بکەن و لە هەمان کاتدا فۆسێی نۆرویژی و موراکامیی ژاپۆنی وەڵامدەرەوەی ویستی جوانیناسیی ئەم سەردەمە و جیلی ئێستا بن. ئەوەی گرنگە ئەو کاروانە ئەدەبییەیە کە ڕاوەستانی نییە و مێژووی مرۆڤایەتی لە یەک دەبەستێتەوە و لەو دیوی ئالۆزی و پشێوییەکانی سیاسەت و بەرژەوەندییە ناوچەییەکان، ئەدەب دەکات بەو سامانەی

هەمووکتێب

کە سنوورەکان دەرباز دەکات و تروسکاییەک بۆ هاودەردی و هاوچارەنووسیی مرۆڤایەتی دەهەیڵێتەوە.

**ئەنجام**

هەرچەند زمان و ئەدەب دوو دیاردەی بەڕواڵەت لێک جیاوازن، بەڵام ئەوەندە گرێدراوی یەکترن کە ئەستەمە مرۆڤ بیر لە هەبوونی یەکیان بەبێ ئەوی دیکەیان بکاتەوە. ئەمە ئەگەر لە سەردەمی مۆدێرندا خۆی لە چوارچێوەی ئەدەبی نووسراودا نیشان دەدات، بۆ سەدان و بگرە هەزاران ساڵ بە شێوازی زارەکی، خۆی دەرخستووە و پەڕجووی زمان لە هەیبەتی ئەدەبی زارەکیی و شیعریدا ویست و خواستی جوانیناسانەی مرۆڤی ئاو داوە. بەڵام دەکرێ بە ڕاشکاوی، بڵێین بەردی بناخەی هەر ئەدەبێک زمانەکەیەتی و دواجار بەبێ زمانێکی دیاریکراو ئەدەبێکی پێوەندیدار بەو زمانەوە ناتوانێ لەدایک بێت. هەر بۆیە وێنای ئۆدیسەی هۆمێر بەبێ هەبوونی زمانی یۆنانی و وێنای فاوستی گۆتە بەبێ زمانی ئاڵمانی و وێنای مەم و زینی خانی، بەبێ زمانی کوردی، بەتەواوی ئەستەمە. پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیەش دەتوانێت ڕاست بێت، بە واتەیەکی دیکە دەکرێ زمانێک هەبێت نەیتوانیبێت ئەدەبی نووسراوەیی خۆی بەدی بێنێت و هەر لە چوارچێوەی زمانی زارەکی و پێوەندییە بەرتەسکە

خێزانی و کۆمەڵایەتییەکاندا مابێتەوە. لە هەلومەرجی گەشەنەکردوویی و بێدەرەتانیدا، بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرندا، زۆرن ژمارەی ئەو زمانانەی دەرفەتی نووسین و ئافراندنی ئەدەبی نووسراوەییان بۆ نەڕەخساوە. بەم جۆرە ئەوە ئەدەبە کە دواجار لە ماڵی زماندا لەدایک دەبێت و گەشە دەکات. بەڵام هەر بەو جۆرەی مناڵان دوای پێگەیشتن و گەورەبوونیان دەبن بە گۆچانی دەستی دایکوباوکانیان، ئەدەبیش دەبێتە پەیژەی فراژۆیی زمان. ئێستا ئیتر ئەوە بەرهەمەکانی شێکسپیری ئیگنلیسیین کە بوون و مانەوەی زمانی ئینگلیسی دەپارێزن. بێ دۆن کیخۆتەی سێرڤانتێس ئەستەمە مرۆڤ بەروبوومی زمانی سپانیایی بە پارێزراوی بدۆزێتەوە. ئەوە زمانی سپانیاییە کە لە هەناوی دۆن کیخۆتێ و سانچۆ پانزاوە دێتە گۆ و لە هەمان کاتیشدا ئەوە ئەم دوو کەسایەتییە مێژووییە ئەدەبییەن بێستانی ئەم زمانە دەپارێزن و لەو دیو سەدەکانەوە دەبن بە زایەڵەی دەنگی جیلەکانی. هەر بەم شێوەیەشە دیالێکتیکی زمان و ئەدەبی ئیتالی لە هەیبەتی هەردەم ڕاوەستاوی کۆمێدیی ئیلاهیی دانتەدا.

زمان و ئەدەب وەک دوو دیاردەی کۆنینە و بڕیاردەرانەی مێژووی مرۆڤ ڕۆڵێکی بێئەملاوئەولایان لە ناسنامەسازی و ژیانی فەرهەنگی و سیاسیی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەبووە

و هەیە. ئەگەرچی لە ڕەوتی مێژوودا ئەوە فاکتەرگەلی جیاوازن کە هەبوون و دروستبوونی ناسنامە جیاوازەکان دەستەبەر دەکەن، بەڵام لە هەمووی ئەو ڕەوتانەدا زمان ئەو فاکتەرە بڕیاردەرە بووە کە ئاسۆی بوون و هەبوونی مرۆڤی هەم وەک تاک و هەم وەک کۆمەڵ داڕشتووە. ئەوە بە هیچ شێوەیەک بە هەڵکەوت نییە هەر لە دێرزمانەوە دیاردەی زمان لە ڕێگەی داهێنانی گێڕانەوەوە، بەرگی بە بەر خەیاڵی مرۆڤەکاندا کردووە و بە داهێنانی هونەری و ئەدەبییەوە حەز و ویستی ئەوانی دامرکاندووەتەوە. لە ئەفسانەی گیلگامیشەوە هەتا پەیمانی کۆن و نوێ و قورئان و هەموو دەقە ئاینییەکانەوە بگرە، هەتا دەگاتە سەردەمی نوێ و سەرهەڵدان و خەملینی گێڕانەوەی نوێ لە قالبی ڕۆماندا، ئەوە زمانە کە لە ڕێگەی پەڕجووی ئەدەب و هونەری گێڕانەوەوە، زەینی مرۆڤەکان گۆش دەدات و دەیانلاوێنێتەوە و ئاسۆی خەیاڵیان دادەڕێژێت و تۆوەکانی ناسنامە فەرهەنگی و جڤاکی و سیاسییەکانیان بۆ دەستەبەر دەکات.

**مامۆستا جەمال نەبەز**

**لە کتێبی سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی ماددە**

**بەمجۆرە دەنووسێت:-**

بەڕاستی ساخ بووەتەوە کە خوێندن بە زمانی بێگانە، بێجگە لەوەی هەستی نەتەوایەتی و دەماری نیشتمانپەروەریی لە ئینسانا سڕ ئەکا، گیانی باوەڕ بەخۆکردن و توانستی لە شت گەیشتن و هێزی بیروباوەڕ و دەربڕینیشی تیا ناهێڵێ. لەبەر ئەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانا، نەک هەر بەتەنیا بە زمانی بێگانە دەرس بە منداڵ ناخوێنرێ و بەس، بەڵکو تا پلەی سەرەتایی تەواو ئەبێ، تەنانەت چەند سەعاتێکیش تەرخان ناکرێ بۆ فێربوونی زمانی بێگانە. چونکە زاناکانی پەروەردەکردن هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە خوێندنی زمانی بێگانە لە پۆلە سەرەتاییەکانا، بەجارێ سەر لە منداڵ ئەشێوێنێ و بەڕێگایەکی وای ئەبا زمانەکەی خۆشی لێ تێک بچێ. هەر لەبەر ئەمەشە قوتابییەکانی ئێمە بوون بە کوردەکەی لە هەردوو جەژنان!

## زمانی کشتوکاڵ و چێوداری

**محەممەد فەریق حەسەن**

کاتێک باس لە شێوازی نووسین دەکرێت (مەبەست لە ژانرە ئەدەبییەکانە) دەگوترێت فلانە ڕۆمان یان چیرۆک بە شێوازێکی تۆکەمە، جوان، سفت، ڕەوان... تاد نووسراوە. دەگوترێت (نووسەر بە شێوازیدا دەناسرێتەوە) بەشی زۆری ئەم ڕەگەزی شێوازەی وا خەڵکی باسی دەکەن، پشت بە ئاستی زمان دەبەستێت. بەشێکیش لە هۆکاری بەزیندومانەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی لە ئەستۆی ئەو زمانەیە، کە پێی نووسراوە. خۆ ئەگەر نووسەر لە ڕشتەی زماندا کۆڵ بوو، ئەوا شێوازی نووسینیشی کرچوکاڵ دەردەچێت.

ئەم دۆخە بە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانیشەوە دیارە. کاتێک دەڵێن: (فلان کەس شێوازی (ئوسلووبی) قسەکردنی باش نییە) مەبەستیان ئەوەیە، ئەو کەسە کیشەی لەگەڵ زماندا هەیە. بە زمانێکی زبر و ناجۆر دەوروبەری خۆی دەدوێنێت. وشەکان لە جێی شیاوی خۆیاندا دانانێت و ناتوانێت بە دروستی زمان بخاتە خزمەتی خۆیەوە. بەم

پێیە، زمانیش بەشی خۆی ڕۆڵی لە ڕسکاندنی کەسیەتیی مرۆڤدا هەیە. زمانشیرینی لە خۆیدا یەکێکە لە مەرجەکانی مرۆڤی سەرکەوتوو.
وەکوتر، تۆ کاتێ بە زمانی کوردی گوێت لە ڕستەیەک دەبێت، هەستی پێدەکەیت سەر بە کام ژانـرە. شیعرە، یاسایە، مێژووە، فەلسەفەیە یان وتاری ڕۆژنامەیە؟ ئەم هەست پێکردنە لە خۆیدا، نیشانەی ئەوەیە زمانی کوردی زیندووە، لە گەشەدایە و زمانێکی بالاشە. کاتێکیش دەڵێن (زمانی زیندوو یان زمانی مردوو) مانای وایە شارەزایان وەک بوونەوەرێکی زیندوو سەیری زمان دەکەن.
کورد بە درێژایی هـەزاران ساڵ شوانکارە بـووە، پاشان لەگەڵ بەخێوکردنی مەڕومالاتدا ڕووشی کردۆتە کشتوکاڵ و لە گونددا جێگیر بووە. هەڵبەت ئەو دەمە ژمارەی شار زۆر کەم بووە. کاتێکیش شار چێ بووە، هەر ئەو جووتیارانە دروستیان کردووە، کە لە گوندەکانەوە هاتوون. ئەوان بە هەمان زمـانـەوە، واتـە بە زمانی کۆمەڵگەی چێوداری و کشتوکاڵییەوە لە شارەکاندا بنەجێ بوون. ئەوەندە هەیە، لە شاردا چەندان جۆر پیشەگەر پیدابوون. پیشەی وەک دارتاشی و ئاسنگەری. لەپاڵ پیشەدا، زمانی نووسین و دامودەزگای نوێ سەریان هەڵداوە و پێکەوە زمانەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە.

تەوزیفکردنی زمانی کشتوکاڵ و چێوداریی دەوڵەمەند بە وشە، دەستەواژە، پەند و ئیدیۆم، دنەی مرۆڤە دنیادیوە و وریاکانی شاری داوە. هەر لەو زمانەوە، وەلێ بە کەمێک دەسکارییەوە، زاراوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی دابهێنن. ئەم بەخشش و گۆڕانە، کە بە زمانی کوردییەوە ڕوون و دیارە. نیشای ئەوەیە زمانی کوردی زیندووە و توانای بەخشینی هەیە.

ئێستاش فەرموون لەگەڵ ژمارەیەک زارەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە زمانی چێوداری و کشتووکاڵییەوە سەرچاوەیان گرتووە و ڕۆنراون.

هەواڵنامەی کتێب

**ئاخوڕگواستنەوە**

ئاخوڕگۆڕینەوەشی پێ دەڵێن. ئەم دەستەواژەیە ئیدیۆمی دوای ڕاپەڕینە. مەبەستی پێ ئەو مرۆڤە هەڵپەرستەیە، کە بۆ دەسکەوتی زیاتر، لەم حیزبەوە باز دەداتە ئەو حزب. ئاخوڕیش بۆ جێ کا و جۆی وڵاخ و ئاژەڵ، دروست کراوە.

**ئاخوڕی لێ گۆڕاوە**

بە یەکێک دەڵێن، تازەپیاکەوتوو بێت. ڕۆژانی هەژاریی خۆی بیر چووبێتەوە و بەسەر خەڵکدا بخوڕێت و خۆی بابدات. پێشتر واتای ئاخوڕمان لێکداوەتەوە. ئەم ئیدیۆمەش دیسان لە کۆمەڵگەی جووتیارییەوە سەری کێشاوە.

**ئاشنانەوە**

لە بنەڕەتدا بە واتای دامەزراندنی ئاش دێت. کەچی وەکوتر مەبەست لە ئاژاوەنانەوەیە. (بێ بستە فەلەک ئاشێکی وای ناوەتەوە/ بۆ هاڕدنی ئێمە چ عەجایب دەگەڕێ!) حاجی قادر

**ئاشی ئاوکەوتوو**

قسە لەسەر ئاشی (ئاسیاو) ئاوە. ئەو جۆرە ئاشانەی، کاتی خۆی بۆ هاوڕینی گەنمی جووتیاران. لەدەم جۆگە و ڕووبارەکاندا بنیات دەنران. لە بنەڕەتدا بە واتای ئاشێک دێ ئاوی لێ گیرابێتەوە، کەچی وەکوتر بە واتای شوێنێکی بێدەنگ و هێمن دێت. (ئەم ماڵە دەڵێ ئاشی ئاوکەوتووە) هەر ئەم ئاشی ئاوە چەندان ئیدیۆمی لێ دروست کراوە.

**پاشکۆ**

بە واتای خورج، جۆڕک یان هەگبەیە، سوار پێویستییەکانی خۆی تێدا هەڵدەگرێت و بە تاڵە بەنێک لە بەشی دواوەی زین، واتە لە تەرکی دەبەستێت. وەکوتر بە یەکێک یان تاقمێک دەڵێن، خۆیان توانای ئیدارەدان و بڕیاردانیان نەبێت و شوێن بڕیاری کەس و تاقمی لە خۆیان باڵاتر و بەتواناتر بکەون.

## پاوانخواز

پاوان، واتە مێرگ و باخی تایبەت بە کەسێکی دیاریکراو، بۆیە قەدەغەیە خەڵکی تر پێ بخەنە ناوی یان ئاژەڵی تێبکەن و وەک لەوەڕگە بەکاری بهێنن. دەشێ ئەو پاوانە قەدەغەی خێڵێک بێت. زاراوەی پاوەنخوازیش بە واتای داگیرکردنی شوێنێک دێت کە موڵکی خەڵکی ترە. دەشێ بە واتای بەناهەق دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات بێت.

## پەرێزی پاکە

پەرێز بە واتای جێگەی دەغڵی درواو دێت. وشەکە دیسان پێوەندی بە کشتوکاڵ و کۆمەڵگەی دێهات و جووتیارانەوە هەیە. خەڵک هاتوون لەم وشەیە ئیدیۆمێکی واتادار و پڕ بە پێستیان لێ چێ کردووە. پەرێزی پاکە بە کەسێک دەڵێن ئێستا و رابوردووی پاک و بێت. ڕەوشت بەرز و نیشتمانپەروەر بێت. وەختی بە درووێنەکەریان گوتووە، پەرێزی پاکە، مەبەستیان ئەوە بووە بە جوانی دەغڵەکەی دروێنە کردووە و تەڵە گەنمەکانی لە دوای خۆیەوە جێنەهێشتووە. ئیدیۆمی (پەرێزپیس) یشمان هەیە. کە ڕێک پێچەوانەی پەرێزپاکە. وەک ئیدیۆم بەواتای کەسێکی خراپ لە ئێستادا و ڕابوردوو چڵکن دێت، کە جێی متمانەی دەوروبەری نییە و شایانی ئەوە نییە ببێت بە خاوەنی پلەو پایە و متمانەی پێ بکرێت و ئەمانەتی بدرێتە دەست.

**تـاوتوو**

واتە گواستنەوەی هەر شتیک لە دەفرێکەوە بۆ دەفرێکی تر. بۆ نموونە لە تایەکی بارە ترێوە با تایەکی تر. کەچی لە شارستان مانای نوێیان پێ بەخشیوە. ئەوان مەبەستیان پێ هەڵسەنگاندن و قسەکردنە لەسەر پرسێکی هەڵایساوی ئەو ڕۆژگارەیە، لە هەموو لایەنەکانیەوە.

**شەنوکەو**

شـــەن، دارێـکــە کـۆتـایـی بــە چــوار پـێـنج لـک دێـت. بۆ جیاکردنەوەی کاو دانی خەرمان لە یەکتری بەکار دێت. کەو یان سەرەند، کونەکانی نەختێک لە کونی بێژنگ گەورەترە. ئەم دوو کەرەسەیە (شەن و کەو) کاروباری خەرمانیان پێ ڕایی دەکرێت. کاتێکیش بوون بە زاراوەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، دەبن بە خاوەنی واتای نوێ. شەنوکەوی پرسی کوردیان کرد. واتە لە کێشەی کوردیان کۆڵییەوە. ڕێ و شوێنیان بۆ چارەسەری پرسەکە دانا. لە لایەکی ترەوە (شەنوکەوکردنی دیوانی گۆران) واتە خوێندنەوەی ورد و ڕەخنەگرانەی دیوانەکە. وەک دەبینن، لە بنەڕەتدا وشە لێکدراوەکە پێوەندیی بە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە هەیە.

**قاودان**

پایزان خاوەن هەنگەلان، بۆ ئەوەی هەنگەکان لە کوورەکەیان دوور بخاتەوە و بێ ترسی پێوەدان شانەی هەنگوینیان لێ دەربێنێ، دێت لقە داری تەر ئاگر دەدات و دووکەڵ بە گڕ کوورەکاندا دەکات. بەم کارەش دەڵێن قاودان. هەر ئەم قاودانە مانای تریشی لەخۆ گرتووە. بۆ نموونە: خاوەن ماڵەکە کرێچییەکەی قاو دا. بە واتای دەریکرد. کابرای خوازبێنیکەرم قاودا. دەکاتە جەوابدان. (بە تەنەکە لێدان لە گەڕەک قاویان دا) (بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین/ داری ئازادی بە خوێن ئاو ئەدەین) دلزار

هەولێرنامەی کتێب

**کای بێ دان شەن کردن**

دیسان لە کۆمەڵگەی جووتیارییەوە سەرچاوەی گرتووە، بە واتای کاری بێهوودە و بێ ئەنجام.ماندووبوونی خۆڕایی و بێ دەسکەوت. کاری ناماقووڵ و شێتانە.

**کای کۆن بەباکردن**

هێنانەوە پێش و ورووژاندنی شەڕ و کێشە کۆنەنان بە نیازی ئاژاوە و بشێوی. وەک دەبینن، شوکری فەزلی لە دێڕە شیعرێکدا، لەپاڵ وشەی (گێرەشێوێن)دا، ئەم ئیدیۆمەی بەکارهێناوە، کە دیسان سەرچاوەکەی کۆمەڵگەی

کشتوکاڵییە: (گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بە بادا لە کنت/ چاکە هەر لێی خوری، سەیری دەم و کاوێژی نەکەی)

**کەپرسەوز**

کەپر داڵدەیەکی کاتییە، زیاتر سوود لە سێبەرەکەی دەبینرێت. بە زۆری لە لق و گەڵای سەوزی داربەڕوو چێ دەکرێت. لە حاڵێکدا کەپرسەوز، ئیدیۆمێکی کوردییە. بەو کەسە دەڵێن، هەتا سەر لە جێیەک جێگیر نەبێت. زوو زوو بار بکات. ئیدیۆمەکە لەوەوە هاتووە، کابرای خاوەنی، هێشتا گەڵای کەپرەکەی سەوزە و زەرد هەڵنەگەڕاوە، یان وشک نەبووە، کۆچ دەکات و لە جێیەکی تر، کەپرێکی تر چێ دەکات. دەشێ بەوانەیش بڵێن کەپرسەوز، کە زوو زوو لەم حیزبەوە باز دەدەنە ئەو حیزب!

**کەڵەشێری سەر بارەدار**

زەمانی زوو، وەختێ کاروانچی لە گوندەوە بارەداریان بۆ شار دەهێنا، جار هەبوو مریشک و کەڵەشێریشیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا، شوێنی گونجاوی ئەو پەلەوەرانەش، دوای ئەوەی هەردوو قاچیان دەبەستن، سەر بارەدارەکە بوو. وەکوتر ئەم ئیدیۆمە باسی یەکێک دەکات بە جەستە بچکۆلە و بێ توانا بێت، کەچی خۆی لە کاروباری ئەم و ئەو هەڵقورێنێت و حەزیشی لە خۆدەرخستن بێت.

## گای بنە

ئەو گایەیە کە لە کاتی گێرەدا دەکەوێتە لای خەرمانەوە، لە گاکانی تر کەمتر دەجووڵێت و کاریگەریشی زۆرە. ئیدیۆمەکەش مەبەستی لە مرۆڤی تەمەڵە یان ئەوەی شەڕ دەنێتەوە و خۆی تێدا بەشدار نابێت. (زەجر و تەوبیخی مەکە چونکە خەتای گای بنەیە) حاجی قادر. بە یەکێکیش دەوترێت پەنجەی لە کارێکی خراپدا هەبێت.

## گای تالانی

کاتێک لە لایەن تالانچییەوە بە زۆر گا لە گەوڕ دەردەهێنریت و دەدرێتە پێش، شپرزە دەبێت و سەری لێ تێکدەچێت. بە ئاسانی ڕێ ناگرێتە بەر. بە یەکێک دەڵێن شپرزە بووبێت و سەری لێ شێوابێت.

## گای عەلی

بە یەکێک دەڵێن بێکار و نەکردە، لە تەمەڵیدا خۆی بلێسێتەوە. (وەک گای عەلی خۆی دەلێسێتەوە)

## گای ناو گوێرەل

بە پیاوێک دەڵێن زیاتر تێکەڵ بە منداڵان ببێت یان پیاوێک کایە لەگەڵ منداڵاندا بکات.

**گەندەڵ**

ئەو درەختەیە، کە دیوی ناوەوەی قەدەکەی بۆش و گەندەڵ بووە و ڕەش داگەڕاوە، بە گوژمە بایەکی بەهێز ئەو کەوتنەی کەوت ئیتر لقی لێ سەوز نابێتەوە. کەچی هەڵگری هێما و مەدلوولی تریشە وەک: دەستپیسی، بەرتیلخۆری و دزیکردن لە ماڵی میللەت.

**گێرەشێوێن**

کاتێ گایەک لە ڕیزی گێرەدا مان دەگرێت، سمەکانی دەچەقێنیت و ناڕوات، ئیتر گێرەکردن پەکی دەکەوێت و کار بەڕێوە ناچیت. وەکوتر، گێرەشێوێن بە یەکێک یان تاقمێک دەڵێن کار لە مەردم تێک بدەن، بە کاری سیاسەتیشەوە.

**گێرەوکێشە**

بە واتای ئاژەوە و دەردیسەری. ڕاستت دەوێت، گێرەوکێشە دوو ئەرکی زۆر قورس و سەختی جووتیارە، دەبێساڵانە پێیان ڕابێ. بژێویی خۆی و گوزەرانی ئەوی پێوە بەندە. گێرە، لە کۆندا بریتی بووە لە کوتانی دانەوێڵە بە هۆی گاو و جەنجەڕەوە. تاکو دان لە کا جیا بکاتەوە. (کێشە) ش بریتییە لە گواستنەوی کڵۆش بۆ سەر خەرمان. ئەم کارەی دواییان تایبەت بووە بە ژن. چونکە لای خۆمان پیاو کۆڵ ناکێشێ. کەچی وەکوتر، گێرەوکێشە واتای دیکەیان هەیە.

وەک دووبەرەکی، ئاژاوە نانەوە و شەڕهەڵخڕاندن.

**گێرەی ئۆمەرە کۆر (خێل)**

گێرە واتە وردکردنی دەغڵ و پووش لەڕێی شێلانەوە بە گا و بارگیر و جەنجەڕ ١- بە کارێکی نابەجێ و ناپۆخت دەڵێن کە ئامانجی نەپێکابێت. ٢- ئۆمەرە کۆر کە قوڕی گرتۆتەوە، لە بری ئەوەی خۆی بە پێیان بیشێلێ، ژمارەیەک کەری تێ بەرداوە. ٣-دەڵێن لەبریی ئەوەی کەرەکان ڕوویان لە پێشی خۆیان بێت، کابرا هەر کەرەی بە ئاراستەیەک بەستووە. ٤- ئۆمەر، کەر و گا و ژنەکانی خۆی پێکەوە بەستوون و گێرەی پێ کردوون. ئەم ئیدیۆمە مەبەستی لە کاری ناپۆختە کاتێ مرۆڤی نەزان پێ ڕادەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

**گیسکە ناودێیی:**

گیسکێکی بێ شوان و بێ سەرپەرشت، بۆ ملۆمووش لە گوند مابێتەوە، سەر بە هەموو قوژبن وماڵێکدا بکات و بلەوەڕێ، بۆیە گیسکیکی گۆشتنە. بە یەکێک دەڵێن کار نەکات و بەردەوامیش بگەڕێت و بخوات.

**گیسکی سەلەم**

سەلەم واتە پێشفرۆشی کاڵا و شمەک. بە یەکێکی سیسی نابووت دەڵێن.

**هەڕی لە بڕی جیا ناکاتەوە**

پێدەچی قسەی شوانێکی وریا بێت، کاتێک لە هەر سۆنگەیەکەوە بێت، ڕانە مەڕی شوانێک تێکەڵ بە ڕانەمەڕی شوانێکی دیکە بووە. هەڵبەت شوان دەبێ ئەوەندە وریا و شارەزا بێت مەڕەکانی خۆی بناسێتەوە و لە پەزی خەڵکی تر جیایان بکاتەوە. وەلێ ئەم جیاکردنەوەیە بۆ مرۆڤی نەشارەزا هێندە زەحمەتە، هەر بەدەم خۆشە. بۆیە واتای ئەم ئیدیۆمە ئاوایە، ناتوانێت پەزەکانی خۆی بناسێتەوە و جیایان بکاتەوە وەختێ تێکەڵ بە مێگەلێکی تر بوون.

گەلێک نموونەی تری وەک ئەوانەی سەرەوەمان هەن، کە بەسەر زارەوەن، وەک: ئاگری بن گا، زیانی بۆ پەزەکان هەیە، گا بە گونا ئەناسێ، خەتی خوار دەبن سەری گای پیردایە. پووش لە کا بژاردن.

**ماموٚستا جەمال نەبەز لە کتێبی:**

**فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و**

**کۆمەڵگەی کوردەوارییدا.**

**بەمجۆرە دەنووسێت:-**

زمانی کوردیی، جەمخانەکانی یارسان و ئەلەوییەکان وجڤینەکانی ئێزدییەکانە، دیارە ئەلەوییەکان، بە شێوەزاری کرمانجی (دملی) قسە دەکەن. کە شێوەزارێکە نێزیکە لە شێوەزاری گۆرانیی، دەبێ ئەوەش بێژین کە یارسانییەکان شانازییان بە کوردبوونی خۆیانەوە کردووە، شاوەیسی قولی کە لە ٨١٠ ی کۆچیدا لەدایک بووە، لە هەڵبەستێکدا دەبێژێ:

(ئەسڵ من جە کورد، ئەسڵ من جە کورد

بابۆم کوردانەن، ئەسڵ من جە کورد

من ئێو شێرانەن، چەنی دەستەی گورد

سیلسیلەی سوپای زوحاک کردم هورد)

هەواڵنامەی کتێب

## چەردەیەك لە فەزای زمانی کوردی[*١٣]

**د. ڕەئووف عوسمان**

**ئەندامی مەجمەعی عیلمی عێراق**

هاوڕێیانی مەجمەعی عیلمی عێراق سڵاوی خودای میهرەبانتان لێ بێت. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم پۆلە زانایە کە هەڵبژاردە و دەستەگوڵی بەربژێری عێراقن کۆدەبمەوە، لە خودا دەخوازم کە ئاشتی و خێر و چاکە بڕژێت بەسەر ئەم عێراقەی کە هەمیشە ئەڵهای ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری دەکات.

جوانترین شت کە دەستپێکی بابەتەکەم بکات ئەم ئایەتە پیرۆزەیە (یاایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا) – الآیە ١٣ – سورة الحجرات. لەوکاتەوەی کە پەروەردگار ئینسانی خستۆتە نێو باوەشی سروشتەوە و مرۆڤایەتی بە ڕێگای پڕ لە کەند و لەندی ژیاندا هەنگاوی ناوە، ڕەوڕەوەی مێژوو لە خولانەوەی بێ کۆتایی

---

١٣ * ئەم موحازەرەیەم لە ٢٠٢٤/٢/٢٢ بە ئامادەبوونی نزیکەی ٣٠ ئەندامی مەجمەعەی عیلمی عێراق لە هۆڵی مەجمەعی عیلمی لە بەغدا بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد لە ڕۆژی زمانی دایکدا، دیارە موحازەرەیەک بۆ زمانی عەرەبی یەکێکیش بۆ سریانی، یەکێکیش بۆ تورکی یەکێکیش بۆ کوردی تەرخان کرابوو، وێنەکانی موحازەرەکە بە دەنگ و ڕەنگەوە پارێزراوە لام.

نەسرەوتوە. نەوەکان هاتن و رۆشتن و چارەنووسی نادیار پێچانیەوە، زمانی مرۆڤ و پیت و وشە و ئاخاوتن دابەش بوون و کارلێکیان کردو دواجاریش دوورکەوتنەوە لەیەک و لە ئەنجامدا قاڵبی خۆیان وەرگرت و نەوە دوای نەوە بۆ یەکیان جێ هێشت، تا ئەوکاتەی کە هەموو نەتەوەکان تایبەتمەند بوون بە مێژوو، زمان، روناکبیری، یاسا و رێسای ژیان و جۆری شارستانیەکانی خۆیان. ئەوەی کە رێنموویی کردین و حەقیقەتی پیشان داین ئەم حیکمە خواییە بوو (ومن آیاته خلق السماوات والأرض وأختلاف ألسنتكم وألوانكم – سوره هود – الآیه ١١٨.

هاوڕێیانم گەورەپیاوان و زانایانی عێراق .. ئەوانەی کە ئێستا بە زمانی کوردی دەپەیڤن نزیکەی (٤٠) ملیۆن کوردن، کە دابەش بوون بەسەر عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، جگە لە کوردی پەڕاگەندەی وڵاتان، کوردەکان چوار شێوە زاری سەرەکی دابەشکراو لە رووی جوگرافیاوە بەسەر چەند بەچکە زاری تردا بەکاردەهێنن. زمانی کوردی نووسین، سوود لەو پیتانە دەبینێت کە پێیان دەوترێت پیتی عەرەبی بۆ بەکارهێنان، لەگەڵ هەندێک جیاوازی لە گۆ کردنی چەند پیتێکدا، دیارە هەندێک گۆڕانکاری کە بگونجێت لەگەڵ زمانی کوردیدا لـەڕووی دەنگ و وێنە و (همزة الوصل والقطع والمد الشدة والأدغـام) کـراوە. نـەتـەوەی کـورد رۆڵێکی

بەرچاوی بینیوە لە بنج بەست کردن و دەوڵەمەندکردنی شارستانێتی ئاسیادا، دیارە ئاسەوارەکانی بەڵگەنەویستن لەو بوارەدا، ئەوەبوو زمانەکەی کارلێکی کرد لەگەڵ زمانی گەلانی خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئاسیادا.

بە درێژایی مێژوو، تائێستا زانا و پسپۆڕانی بواری زمان جیاوازن لەسەر پێناسەیەکی پڕاوپڕی زمان و کاریگەریەکانی لەسەر مرۆڤ لە روی بیرو خەیاڵ و زەین و داهێناندا. وە جۆری پەیوەندیکانی لەسەر نەخش و هەڵکۆڵراو و ئەو دەقە سەرەتاییانەی کە میللەتانی کۆنی ئاسیا جێیان هێشتوە. بە بۆچوونی من دەقی گونجاو بۆ ناساندنی زمان لەم تێکستەدا خۆی دەبینێتەوە. (زمان پاسایەکی دەنگیە، رێڕەوێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنگەری دەگرێتە خۆ و کۆمەڵێک واتا و رەمزی خۆی هەیە و پابەندە بەو بارودۆخە مێژوویی و شارستانیانەی کە کۆمەڵگە پیایدا تێ پەڕ دەبێت) زمان زانە کورد و خۆرهەڵات ناسە فەرەنسی و ئینگلیز و رووسەکان سەرقاڵ بوون بە نووسینەوەی مێژوی زمانی کوردیەوە، وە هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم زمانی کوردیە دروست بوە و رۆنراوە لەسەر پێکهاتەی زمانە هیندی و ئەوروپیەکان، وە لە خێزانی زمانەکانی ئاڤێستایی و ئارياییە و خزمایەتیشی هەیە لەگەڵ زمانی فارسیدا لە بواری واتای وشە و پیتەکاندا، نەک رێزمان

و مورفۆلوژی (صرف) و گرامەر و رستە سازی. زانای گەورەی کورد محەمەد تۆفیق وەهبی کارەکانی خۆرهەڵات رووس ڤلادمیر مینۆرسکی هەڵئەسەنگێنێ و بە پسپۆر و زانستانەی دادەنێ لە بواری کورد ناسی و مێژووی گەلانی ئێراندا. لەو توێژینەوانەی کە مینۆرسکی لە کۆنگرەیەکدا، کە خۆرهەڵاتناسەکان ئامادەی بوون پێشکەشی کرد و وتی هەر توێژینەوە و شیکاریەک سەبارەت بە مێژوی کورد و زمانی کوردی ئەنجام بدرێت دەبێت پشت بە مێژوی گەلی ماد و زمانی ماد ببەستێت. هەنگاو بە هەنگاو بە درێژایی رەوتی رۆژگار گۆڕانکاری لەم زمانەدا رووی دا، وەک هەر گۆڕانکاریەکی تری ئەم ژیانە، بەڵام لە چوارچێوەی پسپۆڕی و تایبەتمەندیدا، گۆڕانکاریەکان رویان دا لە بواری لێکۆڵین، پەڕاندن، پێکرالکان، خستنەسەر، کارتێکردن، بەڕێکردنی دەنگ و پیت و ئامرازەکانی تر. لە دوا مەتافدا ئەم زمانە چوارچێوە و قاڵبێکی کردەیی پێگەییویی لێ هاتە بەرهەم، لە بواری بەکاربردن و ئاخاوتندا. مینورسکی کتێبێکی هەیە بە ناوی (کوردەکان دەگەڕێنەوە سەر مادەکان، لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی د. کەمال مەزهەر وەریگێڕاوە، هەروەها کتێبێکی تری هەیە بە ناوی (بنەچەی کورد و رەگ و ریشەیان) کە لە کۆنگرەی بیست بۆ خۆرهەڵات ناسان لە ١٩٣٨ لە برۆکسل پێشکەشی کرد. وە گفتوگۆی لەسەر رەگ و

ریشەی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە کرد، وەک کورمانج – کرد – کرمانج ...هتد.

مینورسکی دەڵێت: هۆزەکانی ماد لە خۆرئاوای ئاسیا، واتە ئێرانی ئێستا نیشتەجێ بوون و لەگەڵ لۆلۆیی و کۆتی و کاسی و شۆباریەکاندا تێکەڵ بوون، وە دەوڵەت و شارستانێتی و ئیمپراتۆریەتیان لە ساڵی ٦١٢ پ. ز دروست کرد و زوانی مادەکان بوە زمانی فەرمی بەکارهاتوو. زمانی فارسیش بە تەنیشت زمانی مادەکانەوە کاری تێکرا و گۆڕانکاری بەسەردا هات و دەوڵەمەند بوو. لە نێوان ئەو پەیوەندی و دراوسێیەتی و لێک نزیکیە، زمانی (ئاڤێستا)ی زەردەشتیش بوە بەچکە زاری زمانی ماددەکان. خۆرهەڵات ناس (GR. Dive) دەڵێت ئەو ناوانەی: Racar، cardar card، کە کۆڵەرەکان دەستیان کەوتوە، توێژەر دەگەێنێتە ئەو مەبەستەی کە بەدوایدا دەگەڕێت. هەروەها هەندێک ئاسەوار و پاشماوەکانی زمانی کوردیان لای سۆمەرێکان دۆزیەوە. د. حسەین قاسم عەزیز رای وایە کە ئەسڵی کورد سۆمەریەکانە و هەندێکیان کۆچیان کردوە بۆ وڵاتی رافدین و شارستانێتی سۆمەریان دروست کردوە. لەم سەرو بەندەدا، توێژەر سۆران حەمەڕەش. رای وایە کە پەیوەندیەکی قووڵ هەیە لە نێوان زمانی کوردی و سۆمەری و سەدان وشەی هاوبەشی دەست نیشان کردوە لە کتێبێکدا بە ناوی

(کوردەکان کێن؟)، ئێستا بۆمان هەیە کە بپرسین، ماددەکان کێیان ماوەتەوە و چیان بەسەرهاتوە و کام شتەیان بۆ جێ هێشتوین؟ بە پێی کتێبی (کزینفون) کە وارنر ساڵی ١٩٥٧ وەریگێڕاوە، لە نێوان سەدەی پێنجەمی پ. ز دا کوردەکان نیشتەجێ بوون لە باکوری عێراق تا دەگاتە خۆرهەڵاتی فورات. ئەو شوێنانەی کە ماددەکانی تیا نیشتەجێ بوون، هەتا ئێستاکە ناوچەی کوردنشینن، بە تایبەت بەرزاییەکانی شاخەکانی زاگرۆس و تۆرۆس و دەشتەکانی سۆباریۆ لە باکوری وڵاتی رافیدەین. دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان بە دەست موسوڵمانەکان، هەندێک وازیان هێنا لە کتێبی ئاڤێستای زەردەشت، کە بە پێغەمبەریان ناو دەبرد. دیارە کاریگەریەکانی کتێبی ئاڤێستا لە سەر بیر و هەڵس و کەوت و رێنماییەکانی بە درێژایی ١٣ سەدە رۆڵی گێڕا لە سەر بیر و ویژدانی خەڵک. ئەوەبوو هەڵگرانی بیرو باوەڕ و فەرمایشتەکانی زەردەشت پاشەکشەیان کرد بەرامبەر هێزی قورئان و زمانەکەیی و پیرۆزی و رێنماییە کردەییەکانی.

لە ژمارە (٢٠٠) تەموزی ١٩٧٥، دکتور عبدالحليم منتصر لە گۆڤاری (العربی) کوێتیدا وتارێکی بە ناوی (ابن وحشية و کتێبەکەی لە بواری کشاوەرزیدا) بڵاو کردۆتەوە، ئەو کتێبە بە کۆنترین کتێب ئەژمار دەکرێت. ئیبن وحشية

زۆربەی کتێبەکانی لە زمانی (نبط)یەوە وەرگێڕاوە. هیچ کام لە کتێبەکانی بڵاو نەکراونەتەوە بۆ عەرەبی جگە لە کتێبی (الشوق المستهام في معرفة رموز الأقلام). لە دوا کتێبیدا دەڵێت لە زمانی کوردیەوە تەنیا ئەم کتێبەم وەرگێڕاوە (علل المیاه وکیفیة استخراجها وإستنباطها من الأرض المجهولة الأصل) مامۆستا گیوی موکریانیش لە فەرهەنگەکەیدا دەڵێت: "إبن وحشیة لە ساڵی ٢٤١ کۆچیدا کتێبی (الشوق المستهام) ی بە زمانی کوردی داناوە.

بەپێی ئەم دوو رایە دانانی کتێب بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی عەباسیەکان. شایانی وتنە تائێستا نە رۆژهەڵات ناسەکان، وە نە نووسەرە کوردەکان دەستیان نەگەشتوەبەم کتێبە. هەندێک چوارینەکانی بابە تایەری هەمەدانی کە لە سەدەی یازدەی زاینی ژیاوە، بە کۆنترین شوێنەواری زمانی کوردی دەزانن. تائێستا گەڕان بەدوای ئەم بابەتەدا و بنکۆڵ کردنی ئاسەوارەکانی و شیکردنەوەی پێکهاتەکانی ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە شتی نوێی تیا بدۆزرێتەوە. لەگەڵ دابڕانی قۆناخی بە کوردی نووسین لە نێو قووڵایی مێژوودا، هێشتا هیوا نەکوژاوەتەوە. سەدەی هەڤدە و قۆناخەکانی دواتر بە هەڵهاتنی خۆری گەڕان و هەوڵدان دەژمێررێت بە دوای بەرهەمی قەڵەمی کوردی و هەڵسانەوەی سەرلەنوێ لە نێو کاولکاریەکانی

مێژوودا. زمانی کوردی کۆڵەکەی رابوون و گەشەسەندنی لە زەمینەی واقیعدا بنج بەست کرد و دەوڵەمەندیەکانی رابوردوی ژیانەوە. توێژەرە کورد و رۆژهەڵات ناسەکان کنە و پشکنینیان لەمەڕ زمان و شارستانی کوردی پەرەی سەند و رۆنانی کتێب ئاسۆیەکی گەشی لەبەردەمیا کردەوە. نالی و سالم و کوردی و ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و عەلی حەریری و مەحوی وەک لوتکەکانی شیعری کوردی دەرکەوتن و پرشنگیان دایەوە، ئەمانە لەسەر بەحری کێشەکانی خەلیلی فەراهیدی بەرهەمیان بڵاو بوەوە. لەگەڵ بەکاربردنی ناوە ناوەی موفرەداتی فارسی و عەرەبیدا. خۆرهەڵات ناسی فەرەنسیی گوستاف فون غرنباوم ١٨٤١-١٩٣١ لە گۆڤاری ئاسیای ژمارە (٢) لاپەڕە (٢٢١) دەڵێت: "بەحری رەمەل لە کێشی پەهلەوی هەشت بڕگەیی وەرگیراوە، وە بەشێوەیەک گۆڕانکاری تیا کراوە کە بگونجێت لەگەڵ عەروزی عەرەبیدا، هەروەها کێشی (المتقارب) لە بەحری پەهلەوی یانزە بڕگە وەرگیراوە. هیچ شتێک تەگەرە نیە لە رێگای کاریگەری زمانی فارسی لەسەر زمانی عەرەبی لەو شوێنانەی کە دراوسێ و لەیەک نزیک بن. لە شێوە زاری گۆرانیشدا مەولەوی و بێسارانی و خانای قوبادی و سەیدە و کۆماسی و میرزا شەفیع و گەلێکی تر چامەکانیان لەسەر کێشی هەشت یان دە بڕگەیی

دەهۆنیەوە، بەڵام بە جووت قافیەی جیاواز. دەوترێت ئەم کێشە کورت برانە لەگەڵ سەما و هەڵپەڕکێی سێ پێی کوردیدا دێنەوە. زۆربەی هەرە زۆری گۆرانیەکانی مەڕ هەڵپەڕکێی سێ پێی هۆنراوەی دە برگەیین. هۆنراوە چاوگی زمانە، وە زمان و دەستەواژەکانی بە بێ بەرهەم هێنانی هۆنراوەی ناوازە و سەرتەڵ گەشە ناکات، چونکە زمانی شیعر وزەیەکی خوازەیی و مەجازی و رەمزی تێدایە و هۆنراوەی کوردیش لەم بوارەدا جێ دەستی دیارە. رێبازەکانی قوتابخانەی رۆمانتیکی و ریالیزم و رەمزی و تازەکردنەوە لە ئاهەنگی ناوەوەی بەیتە شیعر لە مەیداندا دەرکەوتن، گرنگی دان بە بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و خۆپارێزی لە موفرەداتی فارسی و عەرەبی گوڕێکی تری دا بە هۆنراوەی کوردی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرنگی زۆر درا بە زانستی رەوان بێژی و سوود بینین لە بنەماکانی و کەم تا زۆر جۆرێک لە سوود بینین لە شیعری فارسی و عەرەبی و تورکی بینرا، ئەوە سەلمێنرا کە دەتوانرێت کانیاوی توانا شاراوەکانی وشەی کوردی بتەقێنرێتەوە و نموونەی داهێنانی شیعری ناوازە چێ بکرێت.

یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە ١٩٨٩ بە ناوی (کردستان)ەوە، لە تاراوگە چاوی هەڵهێنا، ئەوەبوو رۆژنامە و خاوەنەکەی

(مقداد بەدرخان) تووشی راونان هاتن لە نێوان قاهیرە و جنێف و لەندەندا. هەر بەدوای رۆژنامەی کوردستاندا، رۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ١٩٢٠/٤/٢٩ چاوەکانی هەڵهێناو لە نێوانیەوە خزمەتی گەورە بە زمانی کوردی کرا، هەر دوای ئەمیش مەلیک مەحمود سێ رۆژنامەی بە ناوەکانی رۆژی کردستان لە ١٩٢٢/١١/١٥، وە بانگی حق لە ١٩٢٣/٣/٨، وە أمید استقلال لە ١٩٢٣/١٠/٢٠ دەرکرد. زۆربەی ئەم رۆژنامانە ناوەرۆکی کێشەی سیاسیان دەگرتەخۆ، وە لەژێر باری خەمی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاویان دەنا. دیارە هۆکاری بە سیاسی بوونی ئەم رۆژنامانە بە پلەی یەکەم ئەوەبوو کە ئەو قۆناخە و پێشتریش ئاوس بوو بە رووداوی قەبە و گرنگ و لێک ترازانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ١٩٢٢، وە رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ، وە کۆنگرەی پاریس ١٩١٩، وە کۆنگرەی قاهیرە ١٩٢١، پەیمانامەی سیڤەر ١٩٢٠، لۆزان ١٩٢٣، وە گەشەسەندن و زیادبوونی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی مرۆڤی کورد، بەتایبەتی دوای رووخانی میرنشینە کوردەکان بەشێوەیەکی درندانە لەلایەن دوو دراوسێی نەیار و دوژمن. کۆتایی شەڕی جیهانی دوەم و رێکەوتنەکان بۆ دابەشکردنی موڵک و وڵاتە داگیرکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانی و سامانەکانی ناوچەکە. دروست بوونی بۆشایی سیاسی و ئیداری

و ئەمنی هانی کوردیان دا بۆ گەڕاندنەوەی سەروەریە نەتەوەییەکانی و دروست کردنی میرنشین و دەوڵەتۆکە و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، رۆژنامەی (بانگی حق) کە مەلیک مەحمود دەری دەکرد کەوتە بەر شاڵاوی فڕۆکەکانی ئینگلیز لە ئەشکەوتی جاسەنە، ئەمە جگە لە دابارینی ئاگر و ئاسن و باروود بەسەر خودی شێخ مەحمود و یاوەرانیا.

لە نێو فەزای ئەم واقیعەدا زمانی کوردی ئەم هەموو چەمک و زاراوە سیاسی و رۆژنامەگەری و کۆمەڵایەتیەی گرتە خۆو لەگەڵیا کەوتە کارلێک و جۆرێک لە پێگەیین و فراوانی و تایبەت مەندی بەخۆوە دی، وە توانی یارمەتی دروست بوونی بەسەبری زمانی ئەدەبی یەکگرتوو چێ بکات و وزەی نوێی بداتێ. لە ساڵی ١٩٢١ و دواتردا مەملەکەتی عێراق لە ژێر فشاری جەماوەری راپەڕیوو جووڵەکانی مەلیک مەحمودا رێگای بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دا لە قوتابخانە و فەرمانگەکاندا. لە بواری دروست کردن و رۆنانی فەرهەنگ و قاموسدا خۆرهەڵات ناس و زانا کوردەکان، رۆڵێکی کاریگەر و پڕ ئەهمیەتیان بینی لەو بوارەدا، ئەوەبوو دەیان فەرهەنگیان بە بابەت و زمانی جیاواز دروست کرد. ئەم ژمارە زۆرە لە فەرهەنگی جۆر بەجۆر، وشە و موفرەداتی کوردی گەیاندە ئاستێکی باڵا و دەرک پێ کراو. با ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە مانەوە



و ژیان کردنی نەتەوەی کورد لە خاک و وڵاتی خۆیدا بە درێژایی هەزاران ساڵ بەو زۆری ژمارەیە لە خەڵک و کارکردن لە بوارەکانی کشاوەرزی و شوان کارەیی و بازرگانی و کاری دەستی و چوونە نێو کێشە و مل ملانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، بوە هۆی بەکارهێنان و داهێنان و فۆرمەڵە بوونی هەزاران هەزار وشە و موفرەدات لە هەموو بوارەکاندا، لە چوارچێوەی دەستوور و یاسایەکی رێزمانی ورد و داڕێژراو و گونجاو و تایبەتمەند لەگەڵ سروشتی زمانەکەدا.

لە بواری زانستەکانی Morphology مۆرفولوجی و گرامەردا زانا کوردەکان کۆمەڵێک توێژینەوە و کتێبیان دانا، وەک سەرچاوە و چاوساغی لەو بوارەدا بۆ خوێندکارەکانیان، هەروەها لە بواری زانستی etymology ایتمولوجییا، کە یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی دنیای زمان، کە باس لە رەگ و ریشە و مێژوی دروست بوونی وشە دەکات کتێب رۆنراوە و گرنگی پێدراوە. رۆنانی کتێبی زمان لەم بوارە گرنگانەدا، رەسەنایەتی مێژویی و تایبەتمەندی وردی ئەم زمانە دەسەلمێنێ، وەک روونیشە رەسەنایەتی زمان رەسەنایەتی ئاخێوەرەکانێتی، ئەمە لە کاتێکدا کە دەیان زمانی نەتەوەکانی ئەم سەر زەمینە فەوتان و چوونە لاپەڕەی لەبیرچوونەوەوە. دیارە سەرچاوەی ئەم توێژینەوە

گرنگانە خودی زمانەکەیە و لەوەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەو مادە خاوەی کە لێی وەرگیراوە و یاساکانی لەسەر هەڵچنراوە خودی زمانەکەیە.
زمانی کوردی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی خستە سەر پشت بۆ ئەو زمانانەی کە دراوسێ و لە دەوروپشتی بوون، ئەوەبوو کردەی پێوەندکردن و کارلێک و لێ وەرگرتن و دانەوە لەگەڵ زمانەکانی تردا چێ دەبوو، ئەم کاریگەریە فرە بوار و لایەنانە بوە هۆی ئەوەندەی تر دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی، دیارە فرەزاری و بەچکە زاری ناوچە جیاجیاکان هێندەی تر بوە هۆی دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی و فەرهەنگە جۆربەجۆرەکانی، لەلایەکی ترەوە ئەم دەوڵەمەندی موفرەداتانەی زمانی کوردی یارمەتی زۆری جوولانەوەی وەرگێڕانی دا و وزە و گوڕ و تینێکی ئەوتۆی دایە کە بەرەو پێش بڕوا، فرە زار و بەچکە زار و شێوە زار و بنەزار وەک کۆمەڵێک جۆگا دەڕژێنە سەر روباری زمانی کوردی و جووڵە و خوڕی فرەی پێ دەبەخشن، ئەوەی کە جێگای سەرنجە سەرەتای دانانی فەرهەنگ لای کورد لە چوارچێوەی شیعردا لای مەلا مەحمودی بایزید و شێخ مارفی نۆدێ سەری دەرهێنا. شێخ مەعروفی زانا و پایە بەرز قاموسەکەی ناونا (ئەحمەدی)، چونکە بۆ کوڕەکەی کە ناوی ئەحمەدە، واتە حاجی کاک ئەحمەدی

هەوڵنامەی کتێب

شێخ نووسیبوی:
رأس سەرە، عەین چاوە
بدن قالب، اسم ناوە
أنف لووتە، حاجب برۆ
فخذ رانە، رکبە ئەژنۆ
ئەم ئەحمەدە بوە زانا و کەسایەتیەکی گەورە و ناوداری ئەوتۆ، کە جارێک خۆی و شێخ حسەینی قازی دەچنە بەغدا، گەورە پیاوانی بەغدا پێشوازیان لێ دەکەن، لە نێو پێشوازی کەراندا شاعیری ناوداری عێراق عبدالباقی العمری لەوێ دەبێت و بەم شێوەیە بەپیریانەوە دەچێت و دەڵێت:
شرفت بغداد کما شرف العرش
بنعلي جدک الأعلی
واتە بەغداد و عەرشی دەسەڵات شەرەفمەندن بە پێشوازی لە پێڵاوی باپیرە گەورەت. هەر لەوێدا شێخ حسێن ی قازی کە خوشکەزای حاجی کاک ئەحمەد و زانایەکی گەورە بوە ئاوا وەڵامی عبدالباقی العمری داوەتەوە:
جسمي بجمیعە بحق الباقی
فی الحب غدا منازل الأشواق
أما خلدی فقد غدا ذالهب
من فرقتکم فکیف حال الباقي

زمانی کوردی یاسایەکی ڕێزمانی تۆکمە و گونجاوی هەڵقوڵاو لە بونیادەکەیەوە گرتویێتیەخۆ. یاسا ڕێزمانیەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێک دەگۆڕێن و هەر زمانە تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە. هەر بۆ نموونە دیاردەی نێر و مێ لە هەندێک شێوەزاردا هەیە، بەڵام لە هەندێکی تردا نیە. بەڵام لە شێوازی کرمانجی ناوەڕاستا بەر دیدە ناکەوێ. هەندێک دەنگ و پیت کە لە زمانی کوردیدا هەیە لە زمانی عەرەبیدا نیە، وەک (ڤ، چ، گ، ۆ، ژ، پ). هەروەها پیتی دیاری کراو بۆ ئەم دەنگانە لە زمانی کوردیدا نیە (ط، ظ، ص، ض، ذ، ث، ع، غ)، باشیەکی تری ئەم زارەی کە ئێستا وەک کرمانجی خوارو کاری پێ دەکەین، ئەوەیە کە ئەو ڕستەیەی کە گۆ دەکرێت، ڕاستەوخۆ هەر ئەوە دەنووسرێت، واتە (عامي) لە زمانی کوردیدا نیە و هەموی هەر (فصحی)یە. زمانی کوردی هاوبەشی کارا دەکات لە نێوان زمانەکاندا وەک بەرهەم هێنانی وشەی نوێ (الأنتاجية)، لابردن (الأزاحة)، بەدەست هێنان (الأكتساب)، وە گۆڕانکاری سەرومڕ (التغير المستمر)، مانەوە (الثبوت)، جێ گۆڕکێ (التبدل)، هاو واتا (الترادف). زانای رووسی بەناوبانگ (پیوتر لیرخ) لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٦-١٨٥٨ سێ (٣) کتێبی لەسەر کورد و کوردستان داناوە و دەڵێت: پیتە عەرەبیەکان بەشی دەنگە کوردیەکان ناکەن، زانای ئەڵمانی (ئا - یوت) پشتگیری (لیرخ) دەکات و

دەڵێت: زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ و رەسەنە لە نێو زمانە ئێرانیەکاندا. دکتۆر (کیورنی) دەڵێت:
نزیکیی هەیە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا. دکتۆر ئەورڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت: "رەسەنایەتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی و نزیکی لە فارسیەوە راستیەکی سەلماوە" خۆرهەڵات ناسی ئەڵمان (ریوکیر و ئا-پوت) رای وایە کە زمانی کوردی و یاسا و رێساکانی سەر بە زمانە ئێرانیە سەربەخۆکانە، هەروەها دەڵێت: زمانی کوردی و فارسی لە دێڕەوە لە یەک زمان وەرگیراون، بەڵام لەگەڵ رەوتی رۆژگار و تێپەڕینی ساڵ و سەدەکاندا دوورکەوتونەتەوە لەیەکتر، ئەم دوورکەوتنەوەیەش بۆتە دروست بوونی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەت و دیاردەی جیاواز لەویدی. دیاردەی بەخشین و وەرگرتن لە زمانە نزیک لە یەکەکاندا حاڵەتێکی ئاساییە، بە تایبەتی لە دۆخی پەیوەندیە فرە مەوداکاندا. سامانی زمانی کوردی بە جۆرێک دەوڵەمەندە، کە دەیان کتێبی زانستی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و سۆفی گەری پێ وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی.
ئەمە جگە لە وەرگێڕانی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان لە هەموو بوارەکانی فیزیا و کیمیا و بیرکاری و مێژو و جوگرافیادا. دەوڵەمەندی زمانی کوردی لە ئاستێکدایە کە یەکێک لە زانا فەرهەنگ سازەکانی فارس وتوویەتی، هەر

واتایەک وشەمان دەست نەکەوت بۆی، وشەیەکی کوردی بۆ بێنن و دوای چەندین ساڵ دەبینە خاوەنی!! سەرنج بدەن لە ئاستی چەتەیی و فراندن و دەست بەسەراگرتنی وشە، خوێندکارانی بالای زانکۆکان دەیان تێزیان لە بواری زمان و ئەدەب و ڕێزمانی کوردی و ئەدەبی بەراوردکاری نووسیوەتەوە. لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا هەنگاوی گورج و درێژ هەڵهێنراوە و گەلێک ڕۆمان و چیرۆکی کوردی وەرگێڕراونەتە سەر زمانی بێیانی و بە پێچەوانەشەوە. لەم بوارەدا ڕۆمان نووسی داهێنەر بەختیار عەلی بالاترین پاداشتی دەولەتی ئەلمانی کە (هێلدا دۆمینە) بەدەست هێناوە، کە ئەم پاداشتە هەر سێ ساڵ جارێک دەبەخشرێتە داهێنەرێک، ئێستاش پالێوراوە بۆ پاداشتی ولاتی ئەمریکا لەسەر یەکێک لە ڕۆمانەکانی...

برا ئازیزەکانم ئەندامانی مەجمەعی عیلمی عێراق....

بۆ ئەوەی باشتر تێ بگەن لە بارودۆخی زمانی کوردی و ئاخێوەرانی، هیوادارم ئاگاداریش بن لەو کوێرەوەری و چورتم و مەرگەساتەی کە بەسەر کوردا هاتوە بە درێژایی هەزاران ساڵ بەدەستی داگیرکەر و دیکتاتۆرە کۆن و نوێکانەوە، ئەوەی کە بەسەر کوردا هاتوە کەم وێنە و تاکمەندە و هیوادارم بەسەر هیچ میللەت و نەتەوەیەکدا نەیەت و دووبارە نەبێتەوە.

هـەزاران هەزار کتێبی دەس نووس و ئاسەواری مێژویی و کتێبخانەکان سووتێنران، مزگەوت و کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکانمان کاول کران، ئاسەوارە مێژوویەکان، کە پاشماوەی هەزاران ساڵ و نەوە دوای نەوە مابوەوە تاڵان کران، ئەو شارستانیەتەی کە بەری رەنج و ماندوبوونی باووباپیرانمان بوو، بە درێژایی مێژو لەناوبرا، دەویسترا بکرێینە دەرەوەی مێژوو، سمی وڵاخ و ئەسپی داگیرکەر هۆکارەکانی ژیانی لەنێو برد و کردیە تۆز و غوبار و رقی شۆڤێنیەکان، ئەمە جگە لەو هەزارەها گۆڕە بەکۆمەڵەی کە لە نێوان بیابانەکانی سەماوە و عەرعەردا بڵاوبوونەتەوە.
ئەنفال بەری رەنج و تەقەللای هەزار ساڵی گڕ تێ بەردا، ئەوەی ئەنفال بە کوردی کرد نە هتلەر نە مۆسۆلونی نە هۆلاکۆ بە خەڵکیان نەکرد، ئەم هەموو دڵ رەقی و زوڵم و زۆرە کەم وێنەیە لە ئەدەبی کوردیدا رەنگی نەداوەتەوە بە ئاراستەیەک کە گۆشەگیری و دوژمنایەتی و دابڕانی رەگەز پەرستانە بێنێتە کایەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەدەبەکەمان لێوان لێوە لە گیانی مرۆڤایەتی و برایەتی و داخوازی و عەدالەت ویستی و ئازادی. ئەوەی بەسەر میللەتی کوردا هاتوە بەدەست داگیرکەری کۆن و نوێوە بەسەر هەر نەتەوەیەکی تردا بهاتایە نە زمان و نە وجودی دەما لە ئاوێنەی ژیاندا. مینورسکی خۆرهەڵات ناس

کوردی پێناسە کردوە بە (سوارچاکەکانی خۆرهەڵات) چونکە هەمیشە و بە درێژایی مێژوو بەرامبەر داگیرکەر وەستاونەتەوە و باوەشی گەرمیان کردوە بە خاک و زمان و هۆکانی مانەوەیان.

هاوڕێیانی مەجمەعی عیلمی، پارێزەرانی زمان و کلتور..، تائێستا لەو تورکیایەی کە خۆی بە شوێن گرەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەزانێت، قەدەغەی ئاخاوتن بە کوردی لە بیست ملیۆن ئینسانی کورد کردوە. ئەوەی بە ئاشکرا بەو زمانە قسە بکات سزای جۆر بەجۆر دەدرێت، ئایا ئەم هەڵوێستە نائیسلامیە دژی ئایەتی (ومن آیاته اختلاف ألسنتكم وألوانكم) نیە؟ ئایا ئەم هەڵوێستە سفرکردنەوەی لۆژێکی مێژوو و ژیان و واقیع نییە؟! ئایا ئەم هەڵس و کەوتە ئینکاری ئینسانیەتی مرۆڤ نیە؟! ئایا ئەمە لە ئیسلام دەرچوون نیە؟!

با ئەوەشم لە یاد نەچێت، تائێستاکە ئێمە خەریکی دەوڵەمەند کردن و فراوان و قووڵکردنی بنەماکانی زمانی ئەدەبی یەک گرتووین، بە ڕێگای هاوبەشی کردنی هەموو بەچکە زاراوەکان لەم بوارەدا، دیارە ئەم ئەرکە ئێجگار قورسە و دەبێت گۆڕانکاری لە فەزای جیۆسیاسیا بێتە دی.

ڕەوانشاد د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و دوای ئەویش جەمال نەبەز، بەر لە نیو سەدە ئەم بابەتەیان وروژان و

کاریان بۆکرد. وەک وتم نەگەیشتن بە سەرخستنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، هۆکارەکەی جیوسیاسیە و زۆر نەتەوەی تریش بەهەمان تاقیکردنەوە و ئەم قۆناخانەدا تێپەڕیون. تا هەنووکە کوردستان دابەشە بەسەر چوار پارچەی جیاواز لەیەک لەڕووی سیاسی و بەڕێوەبردن و زاری ئاخاوتندا. دیارە ئەمەیان بۆ لۆژیکی مێژوو ژیان جێ دەهێڵم. سوپاس بۆ گوێ گرتنتان.

**مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی:**

**پێوەندارێتیی کوردی**

**کورد کێیە و کوردبوون مانای چی؟**

**بەمجۆرە دەنووسێت:-**

لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ گەلێک هەوڵ دراوە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی بۆ کاروباری خوێندن و ڕۆژنامەگەری و ڕادوێ. هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەشەوە و تا ئێستە، هەوڵدان بۆ ناسینی زمانی کوردی بە ڕەسمی لەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان لە خۆیان بەشکردووە بووە بە سەرپەڕەی داخوازییەکانی جەماوەری کورد و هەموو حیزب و ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسییەکانی. ئەوڕۆ زمانی کوردی لەلایەن جەماوەری کوردەوە زۆر نرخی پێ دەدرێ، و بە پێناسەیەکی یەکجار گرنگ بۆ بوونی کورد و کوردبوون دەدرێتە قەڵەم.

## زمان و ڕۆمان

**حەمەسەعید حەسەن**

ئاخۆ ئەگەر زمانێکی جوان نەزانین، دەتوانین ڕۆمانێکی چاک بنووسین؟ ئایا لە ڕۆماندا، لە نێوان زمان و تەکنیکی نووسیندا، کامیان گرنگترن؟ ئاخۆ زمانی نووسین، بە بەراورد لەگەڵ هونەری گێڕانەوەدا، شتێکی لاوەکییە؟ ئایا ئەوە کێشە نییە، ڕۆمان بنووسین و زمانەکەمان لێوانلیو بێت لە هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس؟ ئاخۆ ئەگەر زمانمان لاواز بێت، پێمان دەکرێت ڕۆمانێکی بەهێز بەرهەم بهێنین؟ لە ڕێزمان و ڕێنووس گرنگتر، چۆنییەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ وشەدا، ئاخر زمانی جوان، زمانێکی وشکوبرینگی بێ هەڵە نییە، زمانێکە ژیانی لێ دەچۆڕێت و درەوشانەوە بە دەق دەبەخشێت.

هەر ژانرێکی ئەدەبی بنووسین، زمان بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام ڕۆمان لە ژانرەکانی دیکە زیاتر، پێویستی بە زمانە، ئاخر هیچ نەبێت لە سۆنگەی ئەوەوە کە شاعیر هەیە، هەموو بەرهەمی شیعری، لە چوار پێنج هەزار وشە تێپەڕ ناکات، بەڵام ڕۆماننووس پێویستی بە قامووسێکی

دەوڵەمەند دەبێت، ئاخر دەیان هەزار وشە، بەشی نووسینی تاقە ڕۆمانێکی ناکەن. کە ڕۆمان دەنووسین، دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەین، کە زمان ئامرازێک نییە بۆ پێوەندیکردن بەوی دیکەوە و بۆ لێک دی حاڵیبوون و تەواو، ئاخر ڕۆمان هەم دووگیانە بە کولتوور و هەڵگری ئەو گەنجینە فیکرییانەیشە، مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناون، هەم جۆرێکی تازەیشە لە شێوازی بیرکردنەوە. کە بە زمانێکی پوخت دەنووسین، بەوە ڕێز لە کولتووری خۆمان و گەلان دەگرین، وەلێ ئەوەی بە زمانێکی پەڕپووت بنووسێت، سووکایەتی بە سامانی داهێنانی فیکری و ئەدەبیی خۆمان و گەلان دەکات. زمان لقێک نییە لە درەختی ئەدەب، ئەوە ئەدەبە بەشێکە لە زمان و کە دەبێژین زمان نیشتمانە، هەر نیشتمانی تاکە کەسەکان و نووسەران نییە، نیشتمانی بەرهەمی ئەدەبییشە، ئاخر ئەدەب لە زماندا دەژی و زمان نەبێت، ئەدەبیش نییە، وەلێ بێ هەبوونی ئەدەبیش، زمان هەر هەیە، هەرچەندە ئەدەب ڕۆڵێکی گرینگ لە پاراوکردن و پێشخستنی زماندا دەبینێت. زمان هەر گیان بەبەر جەستەی ئەدەبدا ناکات، ئایین و فیکر و فەلسەفەیش، ئەفسانە و داستانیش وەچەی زمانن. کە دەنووسین ئەوە زمانە، ناسنامە بە بەرهەمەکانمان دەبەخشێت، ئاخر ئەگەر بە زمانە دێرینەکە یان باوەکە بنووسین و خۆمان زمانێکی پوخت و تایبەت دانەهێنین،

لای کەم ئەوەی دەینووسین ناکەوێتە خانەی داهێنانەوە. داهێنان بە پلەی یەکەم خۆی لە زماندا نمایش دەکات، نەک لە تەکنیکی نوێدا، ئاخر لە دایکی زمانێکی کۆن، منداڵی تەکنیکی نوێ ناکەوێتەوە، بۆیە نووسەرێک دەرکی بە بایەخی زمان نەکردبێت، وەک مەحاڵ وایە، ئەدەبێکی نەمر دابهێنێت.

بۆچی کە نووسینی هەندێک نووسەر دەخوێنینەوە، لە مەبەستیان تێناگەین؟ چونکە ئەوی خاوەنی زمانێکی جوان و ڕوون نەبێت، ئیدی دەربڕین بە هانایەوە نایەت و خوێنەریش یان لێی حاڵیی نابێت، یان خراپ لێی تێدەگات. هەمیشە ئەوە نووسەری زمانلاوازە، کێشەی ئەوە هەیە، خوێنەر بەد لە مەبەستی تێدەگات، ئاخر بێ زمانێکی جوان، نەک هەر ناتوانین بە دروستی فیکر بکەینەوە، ڕەنگە هەر توانای فیکرکردنەوەیشمان نەبێت، ئیدی خوێنەر چۆن لێمان حاڵیی ببێت؟

زمانی جوان، زمانێکی قورس و ئاڵۆز نییە، ڕوونە بەڵام سەنگینە بە مانا. وەک چۆن بەژنێکی زراف، لە جەستەیەکی گۆشتن، جوانترە، لە زمانیشدا کورت و پۆخت و ناوقەدباریک پەسەندترە، نەک تەنگەئەستوور کە خۆی لە درێژدادڕیدا دەبینێتەوە. کە زمان چڕ و ڕوون نەبوو، ئیدی فیکری دەوڵەمەند، خەیاڵی فراوان، تەکنیکی نوێ و چنینی هونەری پەک دەخات. ئەوە هەر زمانی لاوازیشە کارێک دەکات،

بڕوا بەو ڕووداوە نەکەین کە نووسەر دەیگێڕێتەوە، ئاخر ئەوە زمانی جوان و گونجاوە، هەم کەسایەتی بە کەسانی نێو ڕۆمان دەبەخشێت و هەم کاریگەریش دەکات، خوێنەر متمانەی بە نووسەر هەبێت و بە ڕاستبێژی بزانێت.
زمانێکی جوان شک نەبەین، با مامۆستای هونەری گێڕانەوەیش بین، ڕەنجمان بەفیڕۆ دەچێت. بەو زمانە کۆنکریتییە بنووسین کە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیی پێ دەنووسرێت، باشترە لەوەی هەمیشە دەست بە داوێنی زمانێکی شیعرییەوە بگرین، ئاخر ڕۆمان: مانا، فیکر، سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژی، کولتوور و دیرۆک لە خۆیدا خڕ دەکاتەوە و زمانی شیعرینیش، نە فریای بەسەرکردنەوەی هەموو ئەو لایەنانە دەکەوێت و نە جێی هەموو ئەوانەیشی تێدا دەبێتەوە.
زمانی جوان ئەوەیە، ئەو زمانە باوەی هەیە، بژاری بکەین و زمانێکی ڕۆشن و کورتبڕی تایبەت بە خۆمانی لێ چێ بکەین، زمانێک پشتی کردبێتە ڕەوانبێژیی دێرین و باقوبریقی سەردەم بەسەرچوو، لەوەی زوو زوو خۆی بە گوتەیەکی پێشینیاندا هەڵدەواسێ، زمانێک خۆی لە زمانی حوجرە و زانکۆ ڕاپسکاندبێت و شوێن ئەرکە هونەرییەکەی کەوتبێت. چونکە کورد لە بواری نووسینی ڕۆماندا، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی نییە، بۆیە دۆزینەوەی زمانی تایبەت بە ڕۆمان، ئەرکێکی سەختە و دەکەوێتە خانەی ڕچەشکاندنەوە.
ئـەوە ئاسان نییە ڕۆمانێک بنووسین، مۆرکی کوردیی

پێوەبێت، بێ ئەوەی لە قوڕی زمانی ڕۆژانە و شێوەزاری ناوچەیەکدا بچەقین، زمانێک هاوچەرخانە کەلەپوور بخاتەوە گەڕ، نوێنەری ڕۆحی نیگەرانی تاکی ئەم سەردەمە بێت و سەرسامیشمان بکات. ڕۆمان بە زمانێک نانووسرێت تەمومژاوی بێت و نووسەر مافی ئەوەی نییە، مەبەستی خۆی لە خوینەر بشارێتەوە، ئاخر ئەوە زادەی بێدەسەڵاتییە، چونکە ئەرکی نووسەر ئەوەیە، ڕێ بۆ خوێنەر خۆش بکات، نەک کۆسپ لەبەردەمیدا قوت بکاتەوە و زەینی بە لاڕێدا ببات.

نووسەر بەسەر زماندا زاڵ نەبێت، نە دەتوانێت تابوویەک بشکێنێت، نە پێی دەکرێت، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و نە لە توانایدا دەبێت، پشکۆی تامەزرۆییی خوێنەر بۆ شوێنکەوتنی ڕووداوەکان، بە گەشاوەیی بهێڵێتەوە. لە ڕۆماندا زمان ئامراز نییە، ئامانجە، بەڵام بە مەرجێک ئەو بە ئامانجکردنەی زمان، خزمەت بە بەرەو لوتکە بردنی درامای کارەکە بکات. ئەوە ئیشی زمانی نووسینی ڕۆمان نییە، خوێنەر بە کردنەوەی کۆدەکان و هەڵهێنانی مەتەڵەکانەوە سەرقاڵ بکات.

کورد ڕۆماننووسی هەیە کە هەم وەک زمانی نووسین و هەم وەک تەکنیکی کارەکەیش، لێهاتووییی خۆی سەلماندووە، بەڵام بەشێکی بەرچاو لەوانەی بە نووسینی ڕۆمانەوە

خەریکن، هەم لە کێڵگەی زمانی نووسیندا دەستوپێ سپین، هەم لە بواری هونەری گێڕانەوەیشدا نەشارەزان. مەخابن چونکە لەکن ئێمە، نە وەک زمان و نە وەک تەکنیک، وردبینی بۆ ڕۆمان ناکرێت و بێ ئەوەی بە فیلتەری زمانی نووسین و تەکنیکی گێڕانەوەدا ڕەت ببێت، چاپ و پەخش دەکرێت، بۆیە ئەوە چاوەڕوانکراوە، گەلێک ڕۆمانی کوردی، پڕبن لە هەڵەی زمان و کەلێنی هونەری.

بەشێکی زۆر لە بایەخی ئایین، زادەی ئەو زمانە جوانەیە، دەقەکانی پێ بەرهەم هاتووە، سەرنجی هەر تێکستێکی بواری فەلسەفەیش بدەین، هەر زوو زمانە پتەوەکەی سەرنجمان کەمەندکێش دەکات. لە دەقە فیکرییەکانیشدا گرنگییەکی بەرچاو بە زمان دراوە، دەڵێن ئەو زمانەی لینین پێی نووسیوە، وەک زمانی پووشکین جوان بووە. من لەم باسەمدا باسی بایەخی زمانم لە بواری نووسینی ڕۆماندا کردووە، بەڵام ئێمە ئەگەر ستوون، ڕاپۆرت، یان هەواڵیش بنووسین، ئەگەر زمانێکی جوان نەزانین، ڕەنجمان بە خەسار دەچێت، هەر کەسێکیش دژی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بوەستێتەوە، هەم بەڵگەی فەقیرخەیاڵیی خۆی بە دەستەوە دەدات، هەم شەڕێکی دۆڕاویش دەکات.

**مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی:**

**وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی**

**بەمجۆرە دەنووسێت:-**

بیرۆکەی گەڕان بە شوێن بنچە و ڕەچەڵەکی وشەدا، یەکێکە لەو خولیانە کۆنانەی کە هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە لە گەڵمدا بووە، بەتایبەتی کاتێک لە سلێمانی چوومە قوتابخانەی نێوەندی و خوێندن لە پڕ و یەکسەر بوو بە عەرەبی. پاش ئەوەی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، هەموو بابەتەکان بە کوردی بوون. جا هەرچەندە، ئەز هیچ سەختییەکم بە دەست زمانی عەرەبییەوە نەدەدیێ چۆنکە هەر لە منداڵیمەوە ەو زمانە فێر بوو بووم، بەڵام لە قوولایی دەروونمەوە، هەستم بە نایەکسانی دەکرد، کە دەمدی قوتابی کورد، بە نابەدڵی و بە زۆری زۆردارەکـی، زمانی بێگانە دەسەپێندرێ بە سەریدا و، تەنانەت مامۆستا کوردەکانیشمان، کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕی، ناچاربوون بە عەرەبی قسە بکەن لەگەڵمان، ئەمە یەکەمین جەزرەبە بوو کە ناخی دەروونمی هەژاند و، کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی، ڕێیەک بدۆزمەوە بۆ خزمەتی قوتابیی کورد و، لەوەوە بڕیارمدا، کە لە دوارۆژدا ببمە مامۆستا و، بۆ ئەمەش دەستمکرد بە خۆئامادەکردن، لە ڕێی خۆخەریککردنەوە بە باشتر فێربوونی مانی کوردی.

# کێشەی (ی) لە ڕێنووسی کوردیدا

**پڕۆفیسۆر د. وریا عمر امین**
**زانکۆی جیهان**

## پێشەکی

(ی) دانەییێکی هۆمۆفۆنۆگرافیکیی Homophonographic چوار ڕوویییە.[1] واتا لە چوار ئاستدا (فۆنەتیکی –- فۆنۆلۆجی - مۆرفۆلۆجی –- سینتاکسی) دەردەکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جیاواز. وا ڕێکدەکەوێت لە دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا[2] هەر سێ هۆمۆگرافەکە پێکەوە ڕیزبەندێ پێکبهێنن. ئەم خەسلەتە وای کردووە لێڵی و ئاڵۆزی لە بارەیەوە سەرهەڵبدات و ببێتە کێشەییێکی ڕێنووسی.


بە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بڵاوبوونەتەوە. هەر یەکە بە پێی زەمینە و بۆچوونی خۆی کێشەکان دەسنیشان دەکات و چارەسەریان دەکات.

ئەم باسە هەوڵدانە بو خستنەڕووی هەندێ لە ڕووەکانی (ی) لە ڕووی زمانەوانی و ڕێنووسەکەیەوە.

**(ی) لە ئاستەکانی زمانەوانیدا**

**١ ـ (ی) لە ئاستی فۆنەتیکیدا**

لە ڕووی فۆنەتیکییەوە ، بۆ گۆکردنی دەنگی (ی) ، ناوەڕاستی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو بەرزدەبێتەوە. کەلێنێ دەهێڵێتەوە ، بە ڕادەییێک بای لە سییەکانەوە هاتوو بێ تەگەرە و بێ خشە Friction بە کەلێنەکەدا تێبپەڕێ. هاوکات ژێکان vocal cords دەلەرێنەوە و لێوەکان لە باری ئاساییدا دەبن.



**٢ ـ (ی) لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا**

لە خەسلەتەکانی ئەم دەنگە ، لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە جووتڕووە. وەک وەستاو consonant و بزوێن vowel دەردەکەوێ ، بە پێی ژینگەکە فۆنۆلۆجییەکەی.

لە وشەی (یاری ـ yari: ) دا ، (ی) ی یەکەم وەستاوە و هی دووەم بزوێنە.

لە ڕێبازی فۆنۆلۆجیی (پایک Pike )[٣] دا ، جیاکراونەتەوە بەوەی بۆ هەر یەکە زاراوەی خۆی بۆ دانراوە. بۆ بزوێنەکە ڤۆکۆید vocoid و بۆ وەستاوەکە کۆنتۆید contoid. ئەم خەسلەتە دەنگی (و) ش دەگرێتەوە:

| Contod | Vocoid | |
|---|---|---|
| Y | :i | ی |
| W | U | و |

لە نووسینی کوردیی ئارامی (کە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە) ئەم دوو سیما جیاوازەی(ی) لێک جیا ناکرێنەوە. لە نووسینی IPA[٤] و لاتینیدا ، بۆ هەر یەکە پیتی تایبەتیی خۆی هەیە (y ) بۆ وەستاو و (i) بۆ بزوێن.

ئەم لەیەک جیانەکردنەوەیان تا ڕادەییەکی زۆر ڕێنووسی کوردیی بە (پیتی ئارامی) ئاسان کردووە و زۆر گیروگرفتی پۆشیوە.[٥].

لە داڕشتنی برگەییدا ، گەر (ی) وەک (ناوک nuclei ) دەرکەوت ، هەمیشە (بزوێنە):

تیر ـ ti:r / – سیر ـ si:r / برین ـ bri:n .

گەر لە ڕۆخی برگەدا دەرکەوت وەک پێشناوک onset و پاشناوک codaهەمیشە(وەستاوە) :

یار ـ yar / یەک– ـ yek / کەی ـ key / مەی ـ mey

**لە یاسا فۆنۆڵۆجییەکانی دەرکەوتنی (ی)**

یاساکانی لێکدانی دوو بزوێن ، یەکجار زۆر و ئاڵۆز و چووەناویەکن. بەشێکیان پەیوەندییان بە یاسا مۆرفۆفۆنیمەکانەوە هەیە و بەشەکەی تر بە لایەنە ڕێزمانییەکانەوە.

کە دوو بزوێن دەگەن بەیەک یێکێ لەم ناوگرانە لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

(ی) ـ (ت) ـ (ر) ـ (ەت) ـ ( یێت) ...هتد

لەبەر ئەوەی باسەکەمان تایبەتە بە (ی). تەنها لە یاساکانی دەرکەوتنی ناوگری(ی) دەکۆڵینەوە. بۆ ناوگر و یاساکانی ئەوانی تر ، سەیری ئەم باسە بکەن(٦):

١ ـ ئەو حاڵەتانەی کە دوو بزوێن دەگەن بەیەک و (ی) لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

چرا ـ ەکە : چرایەکە / ترێ – ترێیەکە / درۆ – درۆیەکە / مامۆستا ـ مامۆستایان

باخچەیێک / خەندەیێک / نی ـ ە : نییە.

٢ ـ لە هەندێ حاڵەتدا بزوێنە کورتەکە دەتوێتەوە و (ی) دەرناکەوێ:

ئەو ئەستێرە ـ ان ـ ە : ئەستێرانە. (ە) ی ئەستێرە توایەوە.

٣ ـ کە دوو (ە) دەکەونە پاڵ یەک ، لەناو یەکتردا دەتوێنەوە

و دەبن بە یەک:

ئەستێرە ـ ەکە : ئەستێرەکە / پەنجەرە ـ ەکە : پەنجەرەکە

بەڵام ئەگەر (ە) ی دووەم ئەرکی سینتاکسیی هەبوو ، (ی) لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

ئەم خانووە زۆر گەورە ـ ە / گەورەیە.

ئەو ئەستێرەیە گەشە / ئەستێرەیە

(ە) ی دووەم تیایاندا ئەرکی سینتاکسیی هەیە ، (ی) لە نێوانیانا دەردەکەوت.

٤ ـ کە دوو (ی) دەگەن بە یەک ، لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک:

ئێمە قوتابیـ ـ ین : ئێمە قوتابین

..... و هي تر

هەواڵنامەی کتێب

**٣ ـ (ی) لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا**

لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا (ی) مۆرفیمێکی داڕێژەرە derivational دەچێتە سەر ئاوەڵناو بۆ دارشتنی ناو ، (ئاوەڵناو ـ ی = ناو).

گەر ناوەکە بە وەستاو کۆتاییی هاتبێ، (ی) وەک بزوێن دەردەکەوێ:

جوان : جوانی/ دوور : دووری/ بەرز : بەرزی/ شیرین : شیرینی/ هەولێر : هەولێری.

دەچێتە سەر هەندێ ناو بۆ داڕشتنی ئاوەڵناو..

ناو ـ ی = ئاوەڵناو

چەور ـ ی : چەوری / دڵخۆش ـ ی : دڵخۆشی /

چەرمەسەر ـ ی : چەرمەسەری

/ دەستکورت ـ ی = دەستکورتی

ئەگەر وشەکە بە بزوێن کۆتاییی هاتبێ(ی) ی ناوگری فۆنۆلۆجی لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

تەنیا ـ تەنیایی / شەقڵاوە ـ شەقڵاوەیی / سنە ـ سنەیی / شنۆ ـ شنۆیی

لەگەڵ بەشێ لە ناوەکان ، کە(ی) یان دەخرێتەسەر ، ناوگری ( ـەت / ایەت ـ/ یێت )

پیاو ـ (ەت) ـ ی ـ پیاوەتی

برا ـ (ایەت) ـ ی : برایەتی . (برایی) ش دەوترێ.

پاڵەوان ـ (ێت) ـ ی : پاڵەوانێتی.

**٤ ـ (ی) لە ئاستی ڕستەسازیدا**

لە ناو چوارچێوەی فرێزی ناویدا NP، (ی) ڕۆڵی بەستن conjunction دەگێڕێ. (ناو و ناو) و (ناو و ئاوەڵناو) لێکدەبەستێ.(٧)

١ ـ ناو و ناو لێک دەبەستێ لە چەمکی هەییدا:

برا ی من / نیشتمانی کورد

٢ ـ ناو و ناسناوەکەی لێکدەبەستێ:

چیای سەفین / شاری سلێمانی

٣ ـ لە فرێزی ناویی نەناسراودا indefinite ، ناو و ئاوەڵناو لێک دەبەستێ(٧):

گوڵی سوور / چیای بەرز

فەرامۆشکردنی (ی) ی خستنەپاڵ لەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێ کار لە واتا دەکات:

بەرزی تۆ ـ بەرزیی تۆ

هێمنی تۆ ـ هێمنیی تۆ

کوردی گەرمیان ـ کوردیی گەرمیان

**کە سێ (ی) دەکەونە پاڵ یەک :**

لە دوو حاڵەتدا سێ (ی) دەکەونە پاڵ یەک:

١ ـ کە مۆرفیمێ بە بزوێن دەستی پێ کردبێ بچێتە سەر وشەیێک بە دوو (ی) کۆتاییی هاتبێ ، (ی) ی ناوگری فۆنۆلۆجی لە نێوانیانا دەردەکەوێ:


بەرزایی ـ ەکە = بەرزایی (یـ) ەکە / بەرزاییيەکە

٢ ـ کە (ی) خستنەپاڵ دەچێتە سەر وشەیێک بە دوو (ی) کۆتاییی هاتبێ :

تەنیایی ـ ی / تەنیاییی من

قووڵایی ـ ی / قوڵاییی ئاسمان

لە حاڵەتی یەکەمدا(ی) مۆرفیم نیە، هیچ ڕۆڵێکی ڕێزمانی و واتاییێکی ناخرێتە پاڵ.
لە حاڵەتی دووەمـدا(ی) ئەرکێکی سینتاکسیی هەیە ڕۆڵی لێکبەستنی دوو وشە دەگێڕێ.
شایانی باسە ، کە لە ڕێنووسی کۆندا(ی) ی خستنەپاڵ بە جیا دەنووسرا. وەک لە ناونیشانی ئەم کتێبەدا دیارە:



**هەولێری یا هەولێریی**

لە ڕێنووسی هەندێ تەنانەت زمانەوانیش ئەم جۆرە نووسینانە بەرچاو دەکەون (هەولێریی - دەربەدەریی - بێ کەسیی) بەرانبەر (هەولێری - دەربەدەری - بێکەسی ..هتد). لەڕووی مۆرفۆفۆنیمییەوە ئەم لایەنە بەم جۆرە لێکدەدرێتەوە:

یێکێ لە خەسلەتەکانی وشەی کوردی ئەوەیە (هێز) Stress تیایدا دەکەوێتە سەر دوا بڕگە.[٨] بۆیە گەر مۆڕفیمێکی وشەداڕێژ چووە سەر وشەیێک بۆ داڕشتنی وشەیێکی تر ، هێزەکە دەچێتە سەر دوا بڕگە. ئەگەر مۆڕفیمەکە سینتاکسی بوو کار لە شوێنی هێزەکە ناکات. ئەمە پێوانەیێکە بە هۆیەوە مۆڕفیمە مۆڕفۆلۆجییەکان لە سینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا جیا دەکرێنەوە.

لە هەموو زمانێکدا لە فەرهەنگی وشەکانیدا (هۆمۆفۆن و هۆمۆگراف) هەن .

هۆمۆگڕاف Homograph هاوڕێنووس، دوو وشەی جیا هەمان ڕێنووسیان دەبێ. وەک

(چوون) لە(ئەوان چوون و ئێوە چوون) دا.

Homophone واتا هاودەنگ) دوو وشەی جیا ، واتایان جیایە ، ڕیز و دەنگی پیتەکان و شوێنی (هێز) یان Stress دەقاودەق وەک یەک گۆ دەکرێن. وەک لە (ڕواندن) ئەم دوو واتایەی دەخرێتە پاڵ:

١ ـ نەمامەکەم رواند (چاندم).

٢ ـ مناڵەکەم ڕواند (وام کرد بڕوات).

هەردووکیان لە هەمان ڕیزە دەنگ پێکهاتوون و لە هەردووکیاندا (هێز) کەوتۆتە سەر بڕگەی دووەم (دن) . ئەم دوو وشەیە هەر یەکە بە جۆرە یاساییێکی جیای مۆڕفۆلۆجی

داڕێژراوە و ڕێکەوت کردوونی بە هاودەنگ.
(چوون) لە(ئەوان چوون و ئێوە چوون) دا ، هاوڕێنووس و هاودەنگن. واتا(هۆمۆگراف و هۆمۆفۆنن).
(هاتن) لە ( هاتن بە پێ و ئەوان هاتن) دا ، هاوڕێنووسن بەڵام هاودەنگ نین ، واتا (هۆمۆگرافن ، هۆمۆفۆن نین).
شوێنی (هێز) یان جیایە.
لە زمانی کوردیدا ، وەک ئاماژەی پێ کرا ،(هێز) دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە:
ئازاد ـ هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی (زاد).
ئەستێرە ـ هێز کەوتۆتە سەر دوا بڕگە(رە).
ئەگەر پاشگرێکی وشەداڕێژ Derivational Suffix بچێتە سەر وشەیێ و ژمارەی بڕگەکانی وشەکەی زیاد کرد، بە یاسایێکی مۆرفۆفۆنیمیی زمانی کوردی ، بڕگە زیادکراوەکە هێزەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ.
لە وشەی (ئازاد) دا گەر (ی) ی وشەداڕێژی خرایە سەر دەبێتە (ئازادی) هێزەکە دەچێتە سەر دوا بڕگە زیادکراوەکە (دی) :(ئازادی ئاواتمانە). بەڵام ئەگەر مۆرفیمەکە ڕێزمانی Inflectional بوو کار لە شوێنی هێزەکە ناکات.
(ئازادی تۆ واتا تۆ ناوت ئازادە) یا (تۆ سەربەستی) ، هێزەکە لە شوێنی خۆیدا دەمینێتەوە.

(ئـــازادی) یـەکـەم و (ئـــازادی) دووەم ) هـۆمـۆگـڕافـن / هاوڕێنووسن) بەڵام (هۆمۆفۆن / هاودەنگ) نین.

لـە نووسینی ڕێنووسیدا کەرەسەناکەرتییەکان Suprasegmental (هێز ـ ئاوازە ـ تۆن) ئاماژەیان پێ ناکرێ[٩]. بۆیە (ئازادی) لە (ئازادی ئاواتمانە) و ( تۆ ئازادی) وەک یەک دەنووسرێن ، بەڵام وەک یەک گۆ ناکرێن. ئەگەر (ت) خرایە سەریان ، لە یەکەمیاندا دەبێتە (ت) ی هەیی بە واتای ( ئازادیی تۆ) و لە دووەمیاندا بەشە قرتاوەکەی ڕاناوی (یت) ە. (تۆ ئازادیت).

هەندێ زمانەوانان وای بۆ دەچن کە ئەو سترێسە (ی) ی دووەمە. بۆیە (مەحوی بە مەحویی / هەولێری بە هەولێریی / دەردەسەری بە دەردسەریی / بەرزی بە بەرزیی ..هتد) دەنووسن.

******.

## ئەنجام و پێشنیاز

### ئەنجام

لە دوو حاڵەتدا سێ (ی) دەکەونە پاڵ یەک:

١ ـ کە (ی) ی سێیەم ئەرکی فۆنۆلۆجی ئەنجامدەدات. وەک لە:(بەرزاییەکانی دەرەوەی شار). لێرە (ی) ی سێیەم هیچ واتا و ئەرکێکی ڕێزمانیی نییە. نەنووسینی کار لە واتا و ڕێزمانەکەی ناکات.

٢ ـ کە (ی) سێیەم ئەرکی خستنەپال ئەنجامدەدات. وەک لە:(تەنیاییی مرۆڤ).

لێرە (ی) ی سێیەم ئەرکی ڕێزمانی ئەنجامدەدات ، نەنووسینی کار لە ڕێزمان و واتاکەی دەکات ، بۆیە دەبێ بنووسرێ.

### پێشنیاز

بۆ ئەوەی ڕێنووسی (ی) جێگیر بێ و ژمارەییێکی زۆر وردە یاسای سەرشێوێنەری بۆ دەستنیشان نەکرێ ، وای بە باش دەزانم ، لە ڕێنووسدا هەموو (ی) یێکی فۆنۆلۆجی بنووسرێ ،(ی) ی سێیەم نەبێ. وەک لە:

لە (بەرزاییەکاندا) ، (ی) ی سێیەم ناوگرێکی فۆنۆلۆجییە ـ لابرێ و بەم جۆرە بنووسرێ (بەرزاییەکان). بەمە هیچ گرفت و لێڵی سەرهەڵنادات.

بەڵام (ی) ی سێیەمی خستنەپاڵ بنووسرێ ، وەک لە:

لە (بە درێژاییی تەمەن). ئەگینا گرفت و لێڵی سەرهەڵدەدات.

**پەراوێزەکان**

١ ـ لە کوردیی باشووردا.

٢ ـ دارِشتەی (مۆرِفۆسینتاکسی) ئەو پێکهاتەیە کە سێ ئاستی (مۆرِفۆلۆجی ـ سینتاکسی ـ فۆنۆلۆجی) بەشداری دەکەن لە دارِشتنیدا.

٣ ـ کینیث پایک Kenneth Pike(١٩١٢ – ٢٠٠٠) زانایێکی زمانەوانی و ئەنترۆپۆلۆجیی ئەمەریکاییە. دانەری رِێبازی (تەگمیمیکس) ی tagmemics فۆنۆلۆجییە. دارِێژەری زاراوەی emic و etic و vocoid و contoid و هی ترە. رِێبازی تەگمیمیکس رِۆڵێکی زۆری گێرِا لە دەرخستنی چەند لایەنێکی شاراوەی زمان.

٤ ـ بۆ ئەمە سەیری ئەم بابەتە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٨) ئەلفبێی جیهانی . رِۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢.

٥ ـ بۆ ئەمە سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمان. ١٩ ـ ٢٢ ی ئەیلوولی ٢٠١١. ل ١٣٨ ـ ١٥٢

٦ ـ بۆ یاسا دەنگییەکانی گەیشتنی دوو بزوێن بە یەک سەیری ئەم باسە بکەن.

لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی . گ. رِۆشنبیری نوێ ،

ژ ١٣٦ ی ساڵی ١٩٩٥. ل ٦٦ـ ٦٩.

٧ ـ بۆ ئامرازەکانی بەستن سەیری ئەم باسانە بکەن:

وریا عومەر ئەمین(١٩٨٨) لێکدانی وشەکان . گ. ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١١٨ ل ١٣٢ـ١٣٧

ــــــــــ(١٩٨٤) ئامرازەکانی بەستن . گ. ڕۆژی کوردستان. ژمارە ٦٧.

دووبارە لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا بڵاوکراونەتەوە.

٨ ـ هەندێ ناوێزە هەن وەک (بەڵام ـ هێشتا ـ چونکە).

بۆ چەمکی هێز و یاساکانی دەرکەوتنی ، سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤) هێز و ئاواز. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٣٤ ، ل ١٣ ـ ١٦.

دووبارە لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا ، ل ٢٨٣ ـ ٢٩٢ بڵاوکراوەتەوە بڵاوکراوەتەوە.

٩ ـ لە نووسینی فۆنەتیکیدا Phonetic Transcription دەنووسرێن.

**سەرچاوەکان**

وریا عومەر ئەمین (١٩٩٥) لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی . گ. ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١٣٦ ی ساڵی ١٩٩٥.

ـــــــــ(٢٠١٦) فۆبیای ڕێنووس. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژ ٣٦ ل ١٧ ـ ٢٦.

Amin,W.O. (١٩٧٩) Aspects of verbal Construction in Kurdish. London University.

Carr. Philip (١٩٩٣) Phonology. The Macmillan Press. London.

Crystal, D. (١٩٨٧ The Cambridge Encyclopedia of Language. Cambridge University Press.

Gimson, A..C. (١٩٦٢) An Introduction to the Pronunciation of English. London.

کتێبخانەی هەولێر

**مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی:**

**فەرهەنگی زانستیی دا بەمجۆرە دەنووسێت:-**

**مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی سەرەتایی**

**هەولێر ٧ حوزەیران ١٩٦١**

کە لەهاوینی ساڵی ١٩٦٠ دا نامیلکەی (زاراوەی زانستی)م بڵاوکردەوە، بەڵێنم بە خوێنەرەوە خۆشەویستەکانم دا کە لە نزیکترین هەلدا (فەرهەنگی زانستی)یان پێشکەش بکەم. ئەوە بوو دوا بەدوای ئەو نامیلکەیە، نامیلکەیەک بەنێوی (فەرهەنگی زانستی کوردی)یەوە لەلایەن (نەقابە)ی مامۆستایانی سلێمانییەوە پەخشکرا.ئێمەش لەکاتی خۆی دا بیروباوەڕو ڕەخنەی خۆمان سەبارەت بەو زاراوانە لەسەر لاپەڕەکانی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) خستە بەرچاو. بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ دەرفەتێکی وامان بۆ هەڵ نەکەوت کە فەرهەنگۆکەی خۆمان بڵاوبکەینەوە، تا چەند مانگێک لەوبەر کاتێ بوومە مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر. ئەو دەمە زۆرتر هەستم بە پێویستی زوو ڕاپەراندنی ئەم کارە کرد، بۆیە بە ماوەیەکی کەم سەرەرای هەموو پڕکاری و دەست

نەپەرژاویەکم، نووسیمەوەو بۆ چاپکردن خستمە بەردەست. ئێستە ئەم وشانەی لێرەدا جێگەیان کراوەتەوە سێ بەشن. بەشێکیان بەتایبەتی ئەوانەن کە خۆم دروستم کردوون و دام تاشیون، بەشێکی تریان ئەو وشە کوردیانەن کە وان لەسەر زمانی خەڵکی، بەڵام بۆ یەکەم جار بەم مانازانستیانەی ئێرە بەکار نەهێنراون. بەشی سێ یەمیشیان ئەو وشانەن  کە لە کۆنەوە هەبوون یان خەڵکی تر دروستی کردوون، منیش بە چاکم زانیون و بڵاوم کردوونەتەوە. ڕاستیەکەی هەرچەندە ئەمە دە ساڵ زیاترە خەریکی ئەم کارەم بێ وچان، واتە لەو حەلەوە کە تازە بوو بوومە قوتانی لە بەغدا، بەڵام سەبارەت بەوەی ئەم فرمانە، فرمانێکی گرنگە و منیش زۆر خۆم بە بەرپرسیار ئەزانم. ئیتر هیوام زۆرە کە پیاوانی دڵسۆز و زانست پەروەر لە خزمەت کردنی زمانە  خۆشەویستەکەماندا درێغی نەکە. خوای نەمر و مەزنیش پشتگیر و یارمەتیدەری پیاوچاکان بێ.

## کورد و کێشەی زمان

**جەمال نەبەز**

**بەرلین ٦ / ٦ / ٢٠٠٦**

ئەوەی راستی بێ، زۆرم پێناخۆشە کە لەم کاتەدا ئەم وتارە بە ناچاری دەنووسم، چۆنکە خەریک بوونم بەم باسەوە، دوورم دەخاتەوە لە بەرنامەی کاری ئێستام کە پێوەندیی بە زمانەوانییەوە نییە، هۆی ئەم نابەدڵییەش ئەوەیە، دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە زمان، ژێرخانی نەتەوە نییە، وەک زۆر کەس پێیانوایە،کە ئەگەر هات و نەتەوەیەکی ژێردەست، زمانەکەی لە دەستنەدا، ئەوا ئەو نەتەوەیە هەر دەمێنێ و دەتوانێ لە ڕێی زمانەکەیەوە، خۆشی رزگار بکا، با، زۆر دوور ئەڕۆین، ئەوەتە، قیبتییەکانی میسر، کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەیان هەیەو، زمانەکەشیان ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بندەستی عەرەبن و، ئەگەر لەسەر ئاینی دیانی نەبوونایەو، وەک عەرەبەکانی میسر موسڵمان بوونایەو، ئەوا دەمێک بوو لەنێوچوو بوون، سوببەکانی عیراقیش، کە بە ماندایی ناسراون، نەتەوەیەکی یەکجار کۆنن و، زمانەکەشیان هێشتا ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژێر دەستەی عەرەبن و، ئەوەی تا ئەمڕۆ پاراستوونی، زمانەکەیان نییە،

بەڵکو ئەوەیە کە ئاینێکی جیاوازیان هەیە لە ئاینی عەرەبەکانی عێراق، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، جوولەکەکان، سەتان ساڵ بوو، دەربەدەری ولاتان بوون و، لە هەر ولاتێک بە زمانی خەڵکی ئەو ولاتە قسەیان دەکرد، کەچی توانیان ببنە خاوەن دەوڵەت و، زمانی ئایینیی کۆنی لە دەستچوویان سەرلەنوێ بژیێننەوە.

ئەرێ زمان ژێرخانی تایبەتکارەکانی نەتەوە نییە، بەڵکو سەرخانی ئەو تایبەتکارانەیە. پاراستنی ئەو سەرخانە، پێویستی بە ژێرخانێک هەیە کە لەسەر بنچینەیەکی پتەو راگیرکرابێ. ئەو ژێرخانە، لە ڕۆژی ئەوڕۆدا، سا، یان سامان* (دەوڵەت)ێکی سەربەخۆیە، یان قەوارەیەکی وایە، کە لە سنووری جوگرافیایی ئەو زمانەدا، دەسەلاتێکی ئەوتۆی هەبێ، کە زمانەکە بپارێزێ و گەشە بدا پێی. کورد، ئەوڕۆ، ئەو سامانە سەربەخۆیەی نییە. ئەوەی هەیەتی لە بەشێکی باشووری کورستاندا، بریتییە لە بەلەمێکی سووکەڵەی بێ بایەوان (شراع) و، کەسیش نازانێ کەینێ ئەوژمی شەپۆلی هەڵکردووی ئاو، بە هۆی کەشتییە زەبەللاحەکانی دەوروپشتییەوە، نوقمی زەریای دەکا، ئەو دەسەلاتە کوردییەی هەشە، هیچ خزمەتێکی لەم رووەوە نەکردووە.

جا، دروستکردنی سامانێک یان قەوارەیەکی لە سامان چوو، کە زمان لە لەنێوچوون بپارێزێ، بەر لە هەموو

شتێک، پێویستی بە بوونی گیانێکی نەتەوەیی هۆشیارانە هەیە، کە پێوەندیدارانی ئەو نەتەوەیە وا لێبکا، هەست بە بەرژەوەندییەکی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەش بکەن و، لەو رێیەوە، بوونی ناسنامەیەکی هاوبەش، بە پێویست و مافی خۆ بزانن و ئەوجا، بە شێوەیەکی هەرەوەزی و تێکۆشینێکی نێوکۆیی، هەوڵبدەن بۆی. دیارە ئەو هەستەش بە بێ رۆشنکاری (توعیە) یەکی زانستانەی شێلگیر نایەتە کایە. هەر لە بەر ئەمەشە کە ئەز دەمێکە خەریکی بابەتی رۆشنکاریم، سەرەڕای هەموو بەرهەڵست و تەگەرە و چاڵ بۆ هەڵکەندنێک لەلایەن حیزبحزبێنیکەرانەوە، کە بوونەتە بەلای سەری کوردو، هەر یەکەیان بە تەپڵ و زوڕنای زۆردارێک هەڵدەپەڕێ و، بە دەمێک و هەزار دەم، باسی ئازادی و دیموکراسی دەکاو، بە کردەوەی رۆژانەش دژی سادەترین تێگە (مفهوم) ی دیمۆکراسی و ئازادییە، ئا، لەم چرە دووکەڵی بازاڕی گەوجێتی فرۆشی بە نرخی نیشتمانپەروەریدا، دەمەوێ دەردو کوێرەوەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و، کارەساتەکانی دەوروبەری و جیهان، بە ڕاستی و بێ کەموکورتی و پێوەنان و، بێ گوێدانە راگرتنی دڵی کەس، بخەمە بەردەم راستەخەڵکەکە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ ئەگەر بتوانم، ژمارەیەک لە نەوەی نوێ، وا لێبکەم کە ئازادانە، بە مێشکی خۆی بیر بکاتەوە

هەواڵنامەی کتێب

و، بابەتانە پەنجە بخاتە سەر نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەکەی و ئیدی، بە درۆو دەلەسەو فیشاڵی ئەوانە باوەڕ نەکا، کە بە ساختەکارێتی و بۆ خۆ بژێنی، هەوڵی گۆڕینی مێژووی کورد دەدەن و، تەنانەت دیرۆکی دوێنێ و پێرێش، کە بە بەرچاوی هەموومانەوە تێپەڕ بووە، دەیشێوێنن و، دەیانەوێ ئەوەی کە کورد دەستیکەوتووەو، سەتییەکی ئەو قوربانییە گەورەیە نییە کە کورد داویێتی، بکەنە بەروبوومی "خەبات" ی خۆیان و، ئەو راستییە لە خەڵک بشارنەوە، کە ئەوەی ئێستە هەیە، کەسیش نازانێ، کەینێ ئەنفالێکی دیی لە کورد دەکرێتەوە، ئەنجامی هەلومەرجێکی تاکهەڵکەوتووی نێو نەتەوەیی بووە، نەک "خەبات" ی وان. خۆ ئەگەر سەدام، لە لوتبەرزی خۆیەوە، پەلاماری کوێتی نەدایەو، پاشان گەوجێتیی رامیاری، نەیگەیاندبایە ئەوەی ئەمریکا پەلاماری بدا، ئەوا سەدام هەتا مردن سەرۆکی عێراق دەبوو و، پاش خۆشی، کوڕەکانی جێیاندەگرتەوە و، ئەو حەلە، هەر لەسەرخۆو، بەسایەی چاوچنۆکی بازرگانانەی دەوڵەتە پیشەسازەکانەوە، چەکی ئەتۆمیشی بە دروستکردن دەداو، باشووری کوردستانیشی، تەنانەت بە پێنجوینیشەوە دەکردە عەرەبنشین و، هەزاران ماچومووچکردنی سەدامیش، پوولێکی قەڵپی نەدەهێنا. ئەز، ڕاست دەمەوێ، ئەو سیاسەتە چەواشەکارانەیە بە پەند بکەم، کە هەزاران کرێکاری کورد،

بێکارو برسی بە کۆڵاناندا دەسووڕێنەوە، کەچی ڕێدەدرێ بە هەزاران عەرەب، بە نێوی کرێکارییەوە، لە کوردستاندا خۆیان نیشتەجێ بکەن و، جێ بە کرێکارە هەژارەکانی کوردستان لێژ بکەن. مانەوەی درێژخایەنیشیان دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان. ئەز، دەمەوێ ئەو سیاسەتە بە پەند بکەم کە حیزبەکان، بە بۆنە و بێ بۆنە، باسی مافی ژنان دەکەن، کەچی هەر ڕۆژە تا ڕۆژێک کچێک، یان چەند کچێکی کورد، بە ئاگری پریمز دەسووتێن، یان خۆیان دەکوژن، یان لەسەر ئەوەی کە نێویان ناوە "ناموس" و "کرینەوەی ئاوڕوو" خوێنیان دەڕژێنرێ و، کاربەدەستانی حیزبەکان قوڕوقەپ دەکەن لێی، بکوژەکانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن، ئەز، دەمەوێ ئەو سیاسەتە بە پەند بکەم کە بە ملۆین پارەی کوردستان، بێ لێپرسینەوە و، بە فەرمانی تاکە کەس بەملاو ئەولادا تەخشوپەخش دەکرێ، مرۆڤی گەجەر و گوجەرو لڕفلێدر، لە وڵاتانی دەرەوە، بەنێوی "دۆستی کورد"ەوە، بانگێشتدەکرێن بۆ هەولێر و سلێمانی و، بە تایبەتی بۆ هەولێر، ئەوانیش، پاش چەند پەسندانێکی درۆیینەی خۆیان و، سەرکردەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، میواندارییەکی پاشایانە دەکرێن و بە گیرفانی پڕەوە دەگەڕێنەوە، بێ ئەوەی هیچ سوودێکیان بۆ دۆزی کورد هەبووبێ، لە قسەی زل و خراپەکاری

بەرامبەر کوردی سەربەخۆ و خەباتکار بەولاوە و، تەنانەت هێندیکیشیان زیانیان هەبووە بۆ دۆزی کورد لە دەرەوەی کوردستان. هەر بۆ نموونە، هی وا هەیە کۆمەڵێکی چەند کەسی پێکهێناوە، کە هیچ دەسەڵاتێکی لە ئەورووپا نەبووە و نییە و، لە بڵاوکردنەوەی چەند پلاڤۆکێک پتر، یان چوونە خۆپیشاندانێکەوە لەگەڵ حیزبێک یان کۆمەڵێکی کوردی، لەبەر کەمیی ئەندامەکانی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، کەچی سالانی ساڵ خەریکی ئەوە بووە کوردە ئێزیدییەکان، کە رەسەنترین کوردن، بە گەلێکی " جیاواز لە کورد" بداتە قەڵەم، یان نەخشەیەک بۆ ئەرمەنستان بڵاوبکاتەوە، کە هەموو باکووری کوردستانی ئێبخا، بەڵام کە دەچێتە کوردستان، وەک پارێزەری کورد، بەرەو پیری دەچن و سوپاسی دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە هونەرمەندێکی کورد، یان زانایەکی کورد، یان کەسێتیەکی خزمەتگوزاری کورد، کە رێزی خۆی دەگرێ و، ماستاو بۆ دەسەڵاتداران ناکا، ئەگەر رێی بکەوێتە کوردستان، نەک هەر گوێی نادرێتێ و بەس، بەڵکو خراپەکاریش دەکرێ لە دژی. خۆ ئەگەر هاتوو رەخنەیەکی رەوای گرت، ئەوا وەک دوژمن تەماشای دەکرێت.

کابرایەکی قیبتی میسر کە نێوی سەعدەدین ئیبراهیمە و گوایە یەکێکە لەو کەسایەتییە ناسراوانەی میسر، کە لە

بەرهەڵستکارانی ڕژێمی حوسنی موبارەک و لایەنگرانی سیستەمی دیمۆکراسی و، گوایە بە "دۆستی کورد" دەدرێتە قەڵەم، لە ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٦/٢٤ و، لە تەلەفزیۆنی "المستقله"دا کە بە ملیۆنان عەرەب تەماشای دەکەن وتوویژی لەگەڵ سەروەر جەواد مەلا دەکرد. کە هێژا جەواد باسی گەلکوژی لە کورد کرد لە عێراقدا، ئەو یەکسەر بە تۆڕەییەوە هەڵیدایەوە و گوتی: "ئەوە گەلکوژی نەبووە". ئەمە لە کاتێکدایە تەنانەت یەکێک لە نوێنەرانی " بەرەی ترکمانی" کە ئەویش لەو وتوویژەدا بەشدار بوو، گوتی" ئەز پشتگیری بەڕێز جەواد مەلا ناکەم، بەڵام لەم شتەدا هاودەنگم لەگەڵی و گەلکوژی بووە و بە قسە ناشاردیتەوە" ئەوجا، ئێستە وەرن تەماشاکەن، ئەگەر یەکێکی وەک سەعدەدین ئیبراهیم "دۆستی کورد" بێ، ئایا کورد پێویستی بە دوژمن هەیە، کارەبەدەستانی کورد؟

ئەز دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم، بزانم چۆن هێندەک لە کاربەدەستانی ئەم دوو حیزبە، کە تا چەند ساڵێک لەمەوبەر، وەک کورد دەبێژێ " شێوی شەویان نەبوو" وا لە پڕ، بوونە خاوەن زەوی و دوکان و کۆشک و ئۆتۆمبێلی گران و پارەی زۆر؟ خۆ، ئەمەش هەر پرسیاری من نییە، ئەوەتا کاربەدەستێکی گەورەی "یەکێتی"ش کە کاک نەوشیروان مستەفایە، ئەویش هەر باسی دەکا و دژی گەندەڵی قسە

دەکا. باشە کاک نەوشیروان تۆیەک کە ئەوە دەزانیت و، خواش هەڵناگریێ، هەر گوناهێک بخرێتە ئەستۆی تۆ، کەس ناتوانێ تاوانی دزێتی بخاتە ئەستۆت و، لەم رووەوە داوێنت پاکە و خۆشم ئەمەم بە خۆت گوت، تۆ بۆچی لەم کارە ناکۆلیتەوە؟ فەرموو، کە تۆ ئەمە دەڵێیت: ئازاگۆ و ئازا مەیدان، وەرە ئەمە بخەرە دادگە، بۆچی نایخەیتە دادگە؟ بەربەرەکانیی گەندەڵیی بەڕێوەبەرێتی، هەر بە قسە نابێ، بەڵکو بە کردەوە دەبێ. کەسێک بیەوێ لە دژی ناڕەوایی کار بکات، دەبێ دڵی هێندەک کەسیش لە خۆی بێشێنێ. ئەوەتا، ئەز، کە ئەم قسانە دەنووسم، دڵنیام هێندەک کەس دڵیان دێشێ لێم و هێندەکیش ئافەرینم دەکەن. تۆش گوێمەدەرە ئەمانەی لە دژت دەوەستن، هەستە بچۆ وێزەی قەفەیان و وەک"ئوستاد" بەشیر موشیر دەیگوت"قەفەیان".

ئەز دەمەوێ ئەو سیاسەتە بە پەند بکەم کە بە درۆ ناسی "یەکگرتنەوە" و " پتر لە " یەکگرتنەوەی پارتی و یەکێتی" دەکرێ، وەک ئەوەی لەوە پێش ئەم دووانە یەکبووبن و، ئەوجا لە یەکترازابن و ئێستا یەکیانگرتبێتەوە، نەک ئەوەی" رێککەوتبن" لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، تا شەڕ لە نێوانیان تازە نەبێتەوە، چۆنکە دەزانن تازەبوونەوەی شەڕ مردنی هەردوو لایانە. باشە، ئێستە کە ئەمان باسی " یەکگرتنەوە" دەکەن، بۆچی وەزارەتەکانی دارایی و پێشمەرگە و داد

و نێوخۆ وا بە "دوو فلیچقانەیی" ماونەتەوە و کەینێ دەبنە یەک و، کەینێ کوردستان لەشکرێکی نەتەوەییی یەکگرتوو و، دەزگای ئاسایشێکی دیمۆکراتانەی یەکگرتوو و، دادگەیەکی سەربەخۆ و دارایییەکی ڕۆناک و بێ دزی و گەندەڵی دەبێ؟ کەینێ گشتپرسییەک دەکرێ لە گشت نێوچەکانی باشووری کوردستاندا، تا بزانرێ خەڵکی باشوور چ بڕیارێک دەدا بۆ چارەنووسی خۆی، ئەوا ئەو عێراقەی دەتانەوێ دروست بێت، لە گیانەڵڵا دایە، خۆ ئەگەر باشوور بەو گشتپرسییە، سەربەخۆیشی دەستنەکەوێ، ئەوا بەڵگەنامەیەکی دەکەوێتە دەست کەوا دوا ڕۆژ داخوازیی مافی خۆی پشت ببەستێ پێی. ئەز دەمەوێ ئەو سیاسەتە بە پەند بکەم، کە ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە بە هەزار چاو بۆ کەرکووک دەگرین و دەبارێنن و بە " دڵی کوردستان" و "قودسی کوردستان" دەیدەنە قەڵەم و کەچی لە باتی نەخشەیەکی یەکگرتوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکووک و دابینکردنی خانوو و کار بۆ لێقەوماوانی کەرکووک و ئەوانەی لە ژێر خێوەتدا دەژین و خزمەتێکی فراوان بە کەرکووکییەکان، بە کورد و ترکمان و هەموو ڕەگەزەکانی دیکەیەوە، لەوێش هەر خەریکی حیزبحیزبێنەن. تەنانەت دوو جۆرە پرۆگرامی خوێندن و دوو جۆرە ڕێنووس و دوو جۆرە پەروەردەی جیاواز دەبەن بەڕێوە لە قوتابخە کوردییەکاندا. بە قسەی

زلیش هیچیان نەهێشتووەتەوە و باسی " زمانی یەکگرتووی کوردی" دەکەن... ئەوجا کە ئێستا هاتینە سەر بابەتی زمان، دەمەوێ بێژم، ئەوەی وای لە من کرد ئەم وتارە بنووسم، ئـەوە بوو هەر لەم رۆژنامەیەدا (میدیا) یەکێک لەوانەی بـووە بە ئەندامی "کۆڕی زانیاری کوردستان"، لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە گوتبووی، نە کۆڕی زانیاری کوردستان کە ئێستە هەیە و نە "کۆڕی زانیاری کورد" (کە لە بەغدا هەبوو) هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئەم بابەتە (زمانی یەکگرتووی کوردی) نەبووە و نییە. ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، هەندێکیان جێی بەزەیی پێ هاتنن، لە یەک شێوە ئاخاوتنی کوردیی شارەکەیان، یان گەڕەکەکەیان بەو لاوە شتێکی تر لە کوردی نازانن". تا ئێرە کاری من نییە لەسەری بڕۆم، دەبێ ئەندامانی" کۆڕی بێبەرنامە" کە خۆی یەکێکە لە ئەندامەکانی، وەرامی ئەم ڕەخنەیە بدەنەوە، چونکە بەزمێکی خۆشە مرۆڤ کاربەدەستیش بێ و بەرهەڵستکاریش بێ! بەڵام پاش ئەمە هاتووە، بێ ئەوەی نێوی من ببا، کەوتووەتە پەلاماردانی من و گوتوویێتی" پسپۆڕی زمانەوانی هەیە لەبەر شەڕ، فریای پسپۆڕییەکەی ناکەوێ هەر خەریکی تۆپبارانی خەست و خۆڵی حزب و سەرکردەی کوردییە". ئەم پەلامار دەرە، هەر لەو وتارەیدا باسی "خێروبێر"ی دوو حیزبە گەورەکە لە بارەی زمانەوە دەگێڕێتەوە بۆمان، کە

لەوبەر و لەمبەری شەقامی رەحیماوای کەرکووک، پارتی و یەکێتی دوو جۆر پرۆگرام، هەولێری و سلێمانییان بەسەر کەرکووکییەکاندا سەپاندووە، کەچی رەخنەی رەوای من لە سیاسەتکارانی دوو زلحیزبەکە بە " شەڕە گەڕەک" و " تۆپبارانی حزب و سەرکردە کوردییەکان" دەداتە قەڵەم. ئەز نامەوێ زۆر لەسەر ئەم باسە بڕۆم با ئەوانەی دەیانەوێ ئەو کەسانە بناسن کە کردەوەی ناهەق بە پەتووی شڕ دادەپۆشن سەیرێکی ئەو " پاشگوتن"ە بکەن کە بۆ " کوردستان و شۆڕشەکەی" م نووسیوە، ئەوسا تێدەگەن کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر ناهەقە.

ئێستە ئەگەر مەبەست لە زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەوە بێ کە هەموو کورد بە یەک شێوەزار قسە بکەن ئەوە نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ هیچ گەلێکی ئەم جیهانە نەچووتە سەر و ناشچێتە سەر، بۆ بوونی زمانێکی یەکگرتوو دەبێ رێزمانێکی یەکگرتوو ببێ بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی، یەک رێزمانمان نییە تاکو هەموویان بخاتە چوارچێوەی دەستوورێکی یەکگرتووەوە. ئەمەش لە کردن نایەت، بەڵام دەکرێ زمانێکی یەکگرتوو، بۆ نووسین و قسەکردنی فەرمی، دروستبکرێ کە وەک زمانی دیوانی (رەسمی، حکومی) لە پاڵ شێوەزارەکاندا بەکار بهێنرێ و شێوای گەشەپێکردن بێ، ئەم زمانە دیوانییەش، دەبێ لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوە





و توێژینەوەیەکی کوور (قـووڵ)ی زمانەوانانەی هەموو شێوەزارەکانی کوردی و زمانە خزمەکان بێتە بەرهەم. لە پەرتووکی "زمانی یەکگرتووی کوردی" کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٦ دا بڵاوکرایەوە و جارەکی دی لە مەهاباد لە ١٩٧٩ دا چاپکرایەوە و، لەو وتارەمدا کە بە زمانی ئەڵمانی لە ژێر نێوی " زمانی نووسینی کوردی" لە ئینیسکلۆپیدیای ئێرانیکا (ئەکتا ئیرانیکا) لە ساڵی ١٩٧٥ دا کە لەلایەن (هۆڵەندە) بـڵاوکـراوەتـەوە، گەلێک پێشنیازم خستووەتە بەرچاو، کە هێندێکی لەلایەن خەڵکەوە پێڕەوی دەکرێن. بەداخەوە پاش ئەو بەرهەمە هیچ کەسێک تا ئێستە، هیچ بابەتێکی نوێی نەخستە سەر ئەو باسە، هەرچەندە (٣٠) ساڵ بەسەر ئەو کارانەدا تێپەڕیون.

هێنانە کایەی زمانێکی یەکگرتووی فەرمی، بۆ کاروباری دیوانی (رەسمی)، دەبێ لەلایەن دەسەڵاتێکی فەرمانڕەواوە پشتگیرییەکی تـــەواوی لـێبکرێ، تـاکـو گشـت لایـەک بەکاریبهێنن، ئەگەرنا بەختی سەرکەوتنی نابێ. ئێستە ئەگەر بێژم ئەم دوو دەسەڵاتە کوردییەی کە ١٥ ساڵە هەن، هیچ هەنگاوێکیان نەهاویشتووە لەم بارەیەوە و، بگرە قڵێشیان بە دەرختی زمانەکە بـردووە، ئەمە نەشەڕە گەڕەکە، نە تۆپبارانی سەرکردەکانی کورد. ئێوە وەرن گوێ لە قسە و دەربڕینەکانی هێندێک لەو کاربەدەستە گەورانە بگرن

کە لە تەلەفزیۆنەکاندا دەیفەرموون، ئەو دەمە دەبینن، ئەگەر، عەرەبێکی کوردی نەزان گوێبگرێ لێیان، زۆربەی زۆری قسەکانیان تێدەگا " مع الاسف، على اساس، اهتمام، عضوي قيادی، محاسبە، کە بەرامبەر کوردییەکانیان، قوتابییەکی قوتابخانەی سەرەتایی دەیانزانێ، ئیدی زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەگەر دروستیشبێ چۆن بچێتە نێو " اموری رەسمییەوە"، "لەبەرتان مرم؟ ئا لێرەدا دەمەوێ بەسەرهاتێک بگێڕمەوە کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول روویدابوو، کاتێک بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی وەک نوێنەری شۆڕش لەدەرەوەی وڵات لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی ئەوروپی دەچێ بۆ کوردستان، ئەمە لەو کاتەدا دەبێ کە لە نێو ریزەکانی پارتیدا ناکۆکی هەبوو، روانشاد مەلا مستەفای بارزانی وەرامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسەکەی دابووەوە، کە عیسمەت شەریف نەیویستبوو بەوشێوە رەپۆراستە بۆ رۆژنامەنووسەکەی بکا بە فەرەنسی، لەبەر ئەوە، کابرا پرسیارەکەی دووپاتکردبووە و، ئەمجارەش عیسمەت بە تەواوی تێینەگەیاندبوو. سەرۆک بارزانی هەستی بەوە کردبوو کە شتێک هەیە بە عیسمەتی گوتبوو، وا دیارە ئەو میوانە باش تێناگا. عیسمەتیش گوتبووی" ناتوانم تێی بگەیێنم". لەوەدا بارزانی بە عیسمەت دەڵێ: (چونکە عیسمەت ئەو سەردەمە هیچ کوردی نەدەزانی)

ئەز، لێرەدا ناچار دەمێنم ئەم قسەیەی بارزانی رەحمەتی دووبارە بکەمەوە و بێژم: باشە، جەنابی کاربەدەست کە بەرێزت کراویت بە کاربەدەست و نانی کورد دەخۆیت، بۆچی جارێ ناچیتە قوتابخانەی سەرەتایی تا کوردییەک رەوان فێر ببیت؟ ئەوجا ئەگەر کورد بیانەوێ زمانێکی یەکگرتوویان هەبێ بۆ نووسین و کاروباری دیوانی، دەبێ بەر لەهەموو شتێک، ئەکادێمیایەکی راستینە بهێننە کایە، کە ئەندامەکانی بە ناسنامەی حیزبایەتی، یان "بەڵێ قوربان" نەبووبنە ئەندام، بەڵکو بە ناسنامەی زانستکاری و هونەروەری. پێویستیی بوونی ئەکادێمیایەکی لەو جۆرە، بۆ هێنانەدی زمانێکی یەکگرتوو وەک پێویستی بوونی تیپی شانۆییە بۆ بنیاتنانی سینەما. ئەو ئەکادێمیایەش دەبێ لەلایەن دەسەڵاتێکی دەوڵەتییەوە پشتگیری بکرێ، ئەگەر نا بەرهەمەکانی هەر سنووری خزمەتی زانستدا دەمێننەوە. ئەوەش لە تاقیکردنەوەوە دەبێژم، چونکە ئێمە چەند مرۆڤێکی زانستکاری دەرەوەی وڵات، لەوانە، دکتۆر بارام رەسوڵ کە نێوبانگێکی جیهانی هەیە لە زانستی دەرمانسازیدا و پرۆفیسۆری زانستگەی ئۆپسالایە لە سوێد، لەگەڵ فەیلەسووف و فیزیکزانی گەورەی کورد رەوانشاد محەمەد لەیلا، خاوەنی تیۆری" ماسیزم" لە فیزیکدا و مێژووزانی کورد دکتۆر کەمال عەلی و پزیشکی نژدار(جراح) رەوانشاد

دوکتۆر حەسەنی حیسامی و ئەندازیار و سیاسەتکار بەڕێز بروسک ئیبراهیم و لێکۆڵەرەوە و وەرگێڕی بەڕێز فەخری سەلاحشۆر و ئابووریزان دوکتۆر عیسام عەزیز شەریف (کوڕی سیاسەتکار و دۆستی بەنێوبانگی کورد رەوانشاد عەزیز شەریف) و چەند هاوکارێکی دیکە. لە مانگی ئابی ١٩٨٥ دا لە سوێد ئەکادێمیایەکمان دامەزراند بە نێوی" ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر" و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چەند بەرهەمێکی خۆشمان بڵاوکردەوە، بەڵام هەر ئەوەندە هەواڵی دامەزراندنی ئەکادێمیا بڵاوبووەوە ژمارەیەک بازرگانی سیاسەت کە ساڵانی ساڵ بوو لە ئەوروپا بوون و لە هیچ کۆنێکەوە دیار نەبوون، بە فیتی (ی.ن.ک) کەوتنە سازدانی شتێک کە پێیاندەگوت" ئەکادێمیای کوردی". ئەمان کەوتنە خراپەکاری بەرامبەر بە ئێمە و داواکردنی ئەوەی "با ئەکادێمیاکانی کورد یەکبگرن" ئەمشە بە نیازی ئەوەی ئێمە ئەو بازرگانانە کە هیچ پێوەندێکیان بە زانستەوە نەبوو. رابردووشیان گەلێک پەڵەی رەشی پێوەبوو بیانخەینە نێو خۆمانەوە، تا بکەونە ئاژاوە گێڕان، بەڵام ئێمە لەسەر کاری خۆمان رۆیشتین. ئەوان لە پێشەوە پێیانوابوو، ئەم کارەی ئێمە پارەی تێدا نییە، بەڵکو ئێمە دەبێ خۆمان پارە بدەین و پارەمان دەدا، هەر زوو توانەوە و گۆڕیان ون بوو. ئەوجا کە کۆڕی زانیاری کوردستان لە هەولێر دامەزرایەوە و

سەردەمێک دوکتۆر شەفیق قەزاز بوو بە سەرۆکی ئەو کۆڕە، دوای کرد کە هاوکاریی " کۆڕ" بکەم. گوتم کاکی برا، خوت دەزانیت کە ئێمە چەند ساڵە ئەو ئەکادێمیایەمان دامەزراندووە و باوەڕیش ناکەم هیچ هاوکارێکی ئەکادێمیا دژی هاوکاری بێ لەگەڵ داو و دەزگەی زانستانە، بەڵام کۆڕ ئەکادێمیا نییە و ئەکادێمیاش هەرچەندە دەبێ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی پشتگیری بکات لێی، بەڵام دەبێ سەربەخۆ بێ. سەربەخۆیی بۆ زانست وەک سەربەخۆیی بۆ دادگە، بنەڕەتی سیستەمی دێموکراتییە. کۆڕ لە هەولێر دەزگایەکی حیزبییە. کاک شەفیق گوتی: "کەس دەست ناخاتە کاروباری کۆڕەوە"، گوتم: هیوام وایە وابێ. گوتم دەبێ کۆڕ ببێتە ئەکادێمیایەکی رێزدار و سەربەخۆ و دوایی لەسەر ئەوە رێککەوتین، کە ئەز بەرنامە و کارنامەی ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر بنێرم بۆی، ئەویش بە پێی ئەو بەرنامە و کارنامەیە، کۆڕ بکاتە ئەکادێمیا و هەر بەو نێوەوە زانستکار و هونەروەری کوردی و بیانی کە لە سنووری بەرنامە و ئامانجی ئەکادێمیا بتوانن کار بکەن و وەربگیرێن و سەربەخۆیی ئەکادێمیا مسۆگەر بکرێ و ئەو دەمە، ئەم ئەکادێمیایەی لە ئەوروپا هەیە، دەتوانێ ببێتە لکی دەرەوەی ئەکادێمیای کوردستان، کاک شەفیق گوتی: بەسەرچاو. بەرنامە و کارنامەم نارد بۆی، چوار ساڵ کاک شەفیق

سەرۆکی ئەکادێمیا بوو، ئێستەش و ئەوساش دەنگی نەبوو.
وەک گوتمان، هێنانە کایەی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ کاروباری فەرمی و نووسین و بڵاوکردنەوە، دەبێ لەلایەن ئەکادێمیایەکی زانستیانەی سەربەخۆوە بێ کە دەسەڵاتێکی دەوڵەتی پشتیبگرێ، بەڵام دەستنەخاتە بڕیارەکانییەوە بە هەواو هەوەسی سیاسەتبازی.
یەکەمین مەرجیش بۆ سەرگرتنی نەخشەی زمانی یەکگرتووی کوردی ئەوەیە، رێنووسی زمانی کوردی لە ئارامییەوە بگۆڕین بە لاتینی، ئەمە مەرجێکی بنچینەییە، نەک هەر لەبەر ئەوەی تیپی لاتینی باشتر دەگونجێ لەگەڵ زمانی کوردی، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە خەڵکی باکووری کوردستان بتوانن ئەو رۆژنامە و پەرتۆکانەی لە باشوور و رۆژهەڵات دەردەچن بخوێننەوە. با هەمووشی تێنەگەن، بەڵام هێدی هێدی و تا هەندازەیەک سووت وەردەگرن لێی، ئێستە کە دەبێژم بە لاتینی، مەبەستم ئەوە نییە ئەو لاتینیەی کە ئەورۆ باوە، هەروەک خۆی وەربگیرێ و بەکار ببرێ. نەخێر، دەبێ دەستکاری بکرێ و بیراز بکرێ، بە بیروڕای من پێویستە تیپی ş و ç بگۆڕین بە sh و ch و لە جیاتی ê دوو e بنووسین ee و لە جیاتی î،ie بنووسین، ئەمە رزگارمان دەکا لەو چوکلانەی ژێر ş و ç و لەو کلاوەی بەسەر e وەیە، کە دیارە ئەمە سووککردنی رێنووس و کەمکردنەوەی

تیپەکانی زمانەکەیە. بێجگە لەمەش زۆر بە پێویستی دەزانم واز لە بزرۆکە (الکسرە المختلسە) بهێنین. واتە کردن وا kirdin نەنووسین، بەڵکو هەر بە شێوەی krdin بنوسین. ئەمە ئەو دەمە کە هیچ بزوێنێک لە نێوان k و r و d و n دانەبوو، هەموو کەس بە بزرۆکەی دەرببڕێ ئەوەتا ئەوڕۆ " کردن" بەم شێوەیە " کردین" نانوسین و هەمووشمان هەر بە " کردن" دەیخوێنینەوە. بۆ ر rی قەڵەو ڕ rr و م l ی قەڵەو ڵ ە h یەک بخەینە دوای پیتەکە بەم شێوەیە rh و lh، ئەمە رزگارمان دەکات لەو کڵاوەی بەسەر r و l ەوەیە. بە کورتی دەبێ خۆمان لە چوکڵە و کڵاو دوور بخەینەوە، بێگومان گەلێک پێشنیازی دیکەش هەن کە دەتوانرێ بخرێنە مەیدانی وتووێژەوە، بەڵام بە بێ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی، هەموو باسێکی زمانی یەکگرتوو، هەر دەوەن بە ئاشە.

گیروگرۆیەکی گەورەی دیکە لە ڕێی زمانی یەکگرتووی کوردیدا نیشانەی نێرومێیە. نێر و مێ لەهەموو شێوەزارەکانی کوردیدا هەیە، هەر یەکە بە ڕێژەیەکی تایبەتی، بەڵام لە شێوەزاری کوردیی باکووردا، یەکجار زۆرە و گەلێکیشی هیچ پێویست نییە، چونکە لەباری ڕێزمانەوە نرخێکی نییە بۆ وێنەی کوڕێ مە kurê min ژنا من jina min نیشانەی خستەپاڵ بۆ نێرینە(ê) و بۆ مێینە(a) باشە یەکێ هەیە

نەزانیّ کوڕ نێرە و ژن مێیە؟ ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، هەزاران وشەی کوردیی باکوور هەن کە بە نێر، یان بە میّ، دەردێنە قەڵەم، بۆ وێنە: دەستیّ خۆە(destê xwe) چاڤی وی(çavê wî). سەریّ تە (sarê te) بەڵام بازارا هەولێریّ (bazara hewlerê) و ماڵا مە (mala me) باشە، بۆچی دەبیّ چاڤ و دەست و سەر نێر بن، بەڵام بازاڕ و ماڵ میّ بن؟ بە رای من باشتر وایە، ئەو وشانەی کە لەم بابەتەن، بەنیشانەی خستنە پاڵی بێلایەن ی، دەستنیشانبکرێن، ئەمە تێگەیشتنی شێوەزاری باکوور، یەکجار هاسان دەکات، ئەوجا نیشانەی نێرومیّ بەکار بهێنریّ لە شوێنی پێویستدا، بۆ وێنە دەبێژێت: هاوڕێی من (hawrêy min) ئەوجا ئەگەر هاوڕێیەکت پیاو بوو، ئەوا بابگوتریّ هاوڕێی من (hawrêy min) خۆ ئەگەر ژن بوو ئەوا هاوڕێیا من (hawrê ya min)، ئەوەش لە کاتێکدا دەرخستنی رەگەزی نێر یان میّ پێویست بوو، ئەگەر نا هەر بە ی (î) بمێنێتەوە.

لە کاتی جێنێو (چمیر)ەکەی سێیەمدا هەر " ئەو (ew)" بۆ هەردوو (نێر و میّ) بەکار دەهێنریّ، بەڵام ئەگەر کەوتینە دۆخێکەوە کە پێویستیکرد رەگەزی ئەو کەسە پێشانبدریّ ئەوا وی (wî) بۆ نێر و ویّ (wê) بۆ ژن بەکارببریّ وی گوت (wî gut) ویّ گوت (wê gut) لە کاتی خستە پاڵیشدا هەر بەو جۆرە بکەین. بۆ وێنە شتێک (تشتەک) بەسەری

(ی) ئەو هات. ئەگەر پێویستی کرد بزانین ئەو (ew) نێرە یان مێیە، ئەوکاتە دەتوانین بێژین شتێک (تشتەک) بەسەر (ی) وی/ویَ هات.

سووککردنێکی دیکەی شێوەزاری باکوور و ناڤین لابردنی پاشگرەکانە، ئەو پاشکرانەی کە بە هۆی ئامرازی پێشگرەوە دێنە کایە و ئەگەر لاببرێن، هیچ جۆرە سەر تێکدانێک پەیدا ناکەن. بۆ وێنە: لە هێندەک شێوەزاردا دەگوترێ کە گەڕامەوە هەولێر، بەڵام لە شێوەزاری دیکەدا دەگوترێ کە گەڕامەوە هەولێر (یَ). ئەو ( ê یَ) یە ئەگەر لە نووسیندا لا ببرێ لە نرخی ڕێزمان کەم ناکاتەوە، بەڵام زمانەکە سووک و هاسانتر دەکا. ئەم پاشگرە نا پێویستانە لە شێوەزاری باکووردا یەکجار زۆرن.

زمانی یەکگرتووی کوردی، دەبێ دەمکاتی دوارۆژ (مستقبل) وەربگرێ، وەک لە شێوەزاری باکووردا هەیە. ئەمە بە هیچ جۆرێک نابێ بخرێتە پشتگوێ. زمانێک کە ئەو دەمکاتەی تێدا نەبێ، ناتەواوە کە گوترا" دەچم بۆ کەرکووک" ئەمە دەمکاتی ئێستا دەگەیەنێ، نەک دوایی. بەڵام کە گوتت: (ئەز) دێ بچم بۆ کەرکووک، ئەوە دەمکاتی دوا رۆژە. دێ (dê) خۆی لە دڤێ (divê) وە هاتووە کە دڤێ (divê) دەوێ (dewê)یە. واتە ئەز دە (مە) و/ ڤ ێ بچم بۆ کەرکووک، جاری وا هەیە ئەو دێ (d ê) یە کورت دەبێتەوە دەبێ بە

ێ (ê) و بەمە ئاسانتر دەبێ: (ئەز) ی بچم بۆ کەرکووک.
دەبێ زمانی یەکگرتووی کوردی، لە تێکەڵ و پێکەڵیی جێنێوی لکاو پاکبکرێتەوە کە بە لاتینی (agglutination) ە و ئەمەشم بۆ یەکەمجار لە "زمانی یەکگرتووی کوردی"دا ڕۆنکردووەتەوە. کە کوردی باکوور دەبێژن ئەز گرتم (ez girtim) مانای وایە " ئەز شتێک (یان یەکێکم) گرتووە"، بەڵام لەو شێوەزارەدا بۆ ئەوە بەکار دەبرێ کە " ئەز گیراوم" ئەمەش سەر لێنێکدانی ڕێزمانییە، وەک ئەوەی خەڵکی باشوور دەبێژن " سەری ئێشاندم" کە ئەمە مانای وایە "ئەز سەری یەکێکم ئێشاندووە"، بەڵام لەو شێوەزارەدا بۆ ئەوە بەکاردەبرێ کە یەکێکی دی سەری منی ئێشاندووە.
شێوەزاری گەرمیانی (کەرکووک) و فەیلی بە راستی بەکاریدەبەن: لەبەر ئەوە ئەگەر یەکێک تۆی لە شارەکەت دەرکردبوو مەیەژە" دەریکردم" بەڵکو بێژە" دەرمی کرد" یان " منی دەرکرد" ئا لەبەر ئەمەیە کە بایەخدانێکی زانستانە بە هەمووو شێوەزارەکان زۆر پێویستە.
کورت و کرمانجی، زمانێکی یەکگرتوو بۆ نووسین و کاری فەرمی شتێک نییە نەکرێ، بەڵام بە مەرجێک،
١ - ئەکادێمیاییەکی راستینە بۆ زانست و هونەر لە کوردستاندا دابمەرزێ کە لە سنووری پشتگیریی دەسەڵاتی حکومەتیدا، ڕێز لە سەربەخۆیی بگیرێ.



٢ – زمانی کوردی بە هەموو شێوازەکانییەوە لەگەڵ زمانە خزمەکان بخرێتە ژێر وردبینی لێکۆڵینەوە بخرێنە بەردەم زانستکار و راستە خەڵکەکەی کوردستان و کوردی دەرەوە.

٣ – بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بیراز کراو، بێگوێدانە دڵی ئەم و ئەو، لەوانەی پێنانوایە ئەلفوبێی عەرەبی لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ، نەک شێوەیەکی دەستکاریکراوی ئەلفوبێی ئارامییە، کە زمانی ئاینیی کۆنی جوولەکەکان بوو.

٤ – خوێندنی کوردۆلۆژی (نەک تەنێ زمان و ئەدەبیاتی کـوردی) کە زمانە کۆنەکانی وەک ئاڤێستا و پەهلەوی و پـازەنـدە و پارتی و زانستی زمانەوانی بگرێتەوە، لە زانستەگەکانی کوردستاندا، کە ئێستە ئەوە نییە.

٥ – دانانی فەرهەنگێکی زمانەوانی کوردی (زمانەوانیی – جوگرافیایی) کە لە پاڵ مانای وشـە، یان زاراوەکەدا، شوێنی بەکارهێنانی لە کوردستان، یان دەرەوەی کوردستاندا، دەستنیشان بکا، یان ئەگەر دروستکراوە کەینێ و لەلایەن کێوە داهێنراوە، بەکاردەبرێ یان نا، هەروەها وشە بیانییەکان و چاوگەکانیشیان بخاتە بەرچاو.

دیـارە، ئـەمـە کارێکی هـاسـان نییە، بـەڵام دەسەڵاتێکی کوردستانی، کە بتوانێ چەند ملیاردێک دەسکەوت بە سەتان کۆمپانیای ترک بگەیەنێ لە کاتێکدا کە ئەو رژێمە چاوی بەرایی نەدا پەساپۆرتێکی عێراقی ببینێ، دوو وشەی کوردی

لەسەر بێ، بێگومان دەتوانێ چەند سەت ملیۆنێک بخاتە خزمەتی داهێنانێکی کوردییەکی فەرمی و دیوانییەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەیکا؟ ئەز رەشبینم، نەگەشبینم. لێ ئاواتی من ئەڤە، کە بە هەڵە چووبم، ئەز لەلایەن خۆمەوە، بێ هیچ جۆرە چاوەڕوانی و دەسکەوتێکی تایبەتی، ئامادەی بەشداریکردنم لەو کارە خێرەدا، بەڵام تا ماوم هەروەک تا ئێستا، نە تەشی دەرێسم بۆ کەس و، نە دەبمە داردەستی هیچ دەسەڵاتدارێک.

*وشـەی " سامان"م لە جیاتی" دەوڵـەت" دانـاوە، دورد دەبێژین " سـەروەت و سامان". " سـەروەت" لە " پروە"ی عەرەبییەوە هاتووە. سەروەت لە بنەڕەتدا " سەر- وەند"ە. سەر کورتەی "سەرمایە" یە و" وەند"یش وێنەیەکی دیکەی خاوەند (خاوەند)ە. کەواتە سەروەند مانای خاوەن سەرکایە. "سامان" یش هەر مانای دەوڵەمەندی و ئەو شتەیە کە مرۆڤ هەیەتی. وشەی ئینگلیزی wealth (سەرنجی وشەی کۆمۆن وێلز common wealth بدە) ئەمەش هەر مانای دەوڵەمەندییە، بەڵام بۆ دەوڵـەت(State) بەکار دەبرێ، هەروەها وشەی(رایش Reich) ی ئەڵمانی هەرمانای دەوڵەت (دەوڵەمەندی) یە و هەر لە هەمان کاتیشدا وەک دەوڵەت بە مانای (State) ی ئینگلیزی بەکار دەبرێ.

## خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز
## لە نێوان ئێستا و ئایندەدا

لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز، لە ساڵی ٢٠٢٠ بە کۆی دەنگی ئەندامانی دەستەی ئەنجومەن و دەستەی کارگێڕیی و بە سەرپەرشتی سەرۆکی ڕێکخراو خاتوو نیعمەت تۆفیق مەحموود، خوشکی مامۆستا جەمال نەبەز، بڕیارماندا کە ساڵانە خەڵاتێک دروست بکەین و بی بەخشین بەو خاوەن قەڵەمانەی کە خزمەتیان بە کتێبخانەی کوردی کردووە، بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە مامۆستا جەمال نەبەز، کاری لەسەر کردوون، کە خۆی لە چەندین بواری جیاوازدا دەبینێتەوە وەک: زمان، مێژوو، زانست، پەروەردە، کوردناسی، هونەر، ئەدەب، وەرگێڕان. ڕۆژنامەوانی، ڕامیاریی، ڕۆژهەڵاتناسی. بۆ ئەمکارەش پەیوەندیمان کرد بە دوکتۆر سەروەر عەبدوڵا، یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانی مامۆستا جەمال نەبەز، تاکو ڕێنماییمان بکات بۆ ڕێکخستن و سازدانی کارێکی لەمجۆرە. پاشان لەسەر ڕاسپاردەی دوکتۆر سەروەر عەبدوڵا، لیژنەیەکی ئاکادیمی پێکهێنرا بەنێوی (دەستەی شارەزایانی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال

نەبەز) تاکو خەڵاتەکە بەشێوەیەکی زانستی و ئاکادیمیانە بەڕێوە بچێت و لە ڕووی ناوچەی و جیهانییەوە سەنگ و قوورسایی خۆی هەبێت. ئیدی بڕیارماندا خەڵاتەکە لە ڕۆژی لەدایک بوونی مامۆستا جەمال نەبەزدا، ببەخشرێت لە بۆنەیەکی شایستەدا. ئیدی لێرەوە ساڵانە دەستەی شارەزایان چەندین کۆبوونەوە دەکەن بۆ دانانی بەربژێرێک لەنێوان کەسایەتیەک و دەستگایەکدا، بۆ بەخشینی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز. کە خاتوو نیعمەت تۆفیق مەحموود، وەک سەرۆکی ڕێکخراو، ساڵانە سپۆنسەری دەکات، بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز، بەسپۆنسەری میدیایی، دەزگای میدیایی کوردسات.

خەڵاتەکە بریتییە لە:-

- یەکەم: قەڵەمی زێڕین.
- دووەم: لۆگۆی زێڕینی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز.
- سێیەم: بری دووهەزار دۆلار.

خۆشبەختانە ماوەی پێنج ساڵە بەردەوامین لە پێناو خزمەتکردن و پێشخستنی فەرهەنگ و کەلتووری کورد.

لەکانی دڵمانەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین، کە هەمیشە لەگەڵمانن بۆ درێژەدان بەمکارە.

## براوەکانی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز

- لە ساڵی ٢٠٢١ خولی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز بەخشرا بە مێژوونووسی نێوداری کورد پرۆفیسۆر (جەلیلێ جەلیل) لە هولێ پیرەمێرد، بنکەی ژین.

- ساڵی ٢٠٢٢ خولی مێژوونووس دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، خەڵاتی قەڵەمی زێڕین جەمال نەبەز، بەخشرا بە کوردناسی نێودار (میشێل لیزێنبێرگ) لە هۆڵی پیرەمێرد، بنکەی ژین

- ساڵی ٢٠٢٣ خولی شەهدی قەڵەم مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز بەخشرا بە (ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد) لە شاری هەڵەبجە، هۆڵی دوکتۆر مستەفا زەڵمی،

- ساڵی ٢٠٢٤ خولی ئوستاد بەشیر موشیر، خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز بەخشرا بە زانای نێوداری کورد پرۆفیسۆر (وریا عومەر ئەمین)
لە هۆڵی سینەما سالم – شاری سلێمانی

- ساڵی ٢٠٢٥ خولی سیاسەتوان و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز، بەخشرا بە مێژوونووسی نێوداری کورد پرۆفیسۆر(                    ) لە هۆڵی ژەنراڵ شەریف پاشای خەندان، لەنێو تەلاری پارێزگای سلێمانی.

هەواڵنامەی کتێب

# وێنە و یادەوەرییەکان

هەواڵنامەی کتێب



وێنەی ئاهەنگی یەکەم ساڵی خەڵاتی (قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز) ساڵی ٢٠٢١ خولی جەمال نەبەز
براوەی قەڵەمی زێڕین مێژوونوسی نێوداری کورد دوکتۆر (جەلیلێ جەلیل)



وێنەی ئاهەنگی دووەمساڵی خەڵاتی  (قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز) ساڵی ٢٠٢٢ خولی دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد براوەی قەڵەمی زێڕین کوردناسی نێودار دوکتۆر (میشێل لیزینبێرگ)



وێنەی ئاهەنگی سێیەم ساڵی خەڵاتی (قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز) ساڵی ٢٠٢٣ خولی شەهیدی قەڵەم مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی
براوەی قەڵەمی زێڕین (ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد)



وێنەی ئاهەنگی ساڵی چوارەم خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز خولی ئوستاد بەشیر موشیر ٢٠٢٤ ، براوەی خەڵاتی قەڵەمی زێڕین: پڕۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.



هونەری بەرزو باڵا، لە دەست و پەنجەی خانمێکی داهێنەردا.
دیزاینەری نێوداری کورد خاتوو شاناز جەمال هەموو ساڵێک کاری هونەری و دیزاینی خەڵاتەکان بە شێوەیەکی هونەری بەرز و جوان خۆبەخشانە دیزاینی خەڵاتەکانی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز دەکات.

١ - خەڵاتەکانی قەڵەمی زێڕینی جەمال نەبەز
٢ - قەڵەمی هاوڕێیەتی جەمال نەبەز.

دیزاین دەکات بۆ ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز.
لە کانی دڵمانەوە سوپاسی ئەمەکداری و دڵسۆزی دەکەین، کە هەمیشە و بەردەوام، بە دەست و پەنجەی داهێنانییەوە، خەڵاتەکان ئەنەخشێنیت.

لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەماندا
ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی جەمال نەبەز
کوردستان - سلێمانی
١١ / ١٠ / ٢٠٢٥

J.N.C.O